تصویر ابو عبد الرحمن الکردي

لێکۆڵینەوەی سیاسی

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی دەرەکی

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

د. دانا عەلی بەرزنجی

وەرگێڕانی

مافناس : یاسین زەنگەنە

چاپی یەکەم
١٤٢٥ - ٢٠٠٤

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی دەرەکی

دانا عەلی بەرزنجی

وەرگێڕانی

مافناس - یاسین زەنگەنە

چاپی یەکەم

١٤٢٥ ـ ٢٠٠٤

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

- ناوی کتێب : پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی
- بابەت : توێژینەوە
- نوسەر : دانا عەلی بەرزنجی
- وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە : مافناس ـ یاسین زەنگەنە
- چاپ : یەکەم
- ساڵی چاپ : ٢٠٠٤ز – ١٤٢٥ ك
- تیراژ : ٥٠٠دانە
- ژمارەی سپاردنی (١<<) ساڵی ٢٠٠٤ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ
- کۆمپیوتەر : کۆمپیوتەری نەمام
- چاپەمەنی سیما – سلێمانی شەقامی مەولەوی

ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی وەرگێڕ...	7
پێشەکی...	8
بەشی ڕێخۆشکەر: بڕیاری سیاسی...	10
باسی یەکەم: چەمکی بڕیاری سیاسی...	11
باسی دووەم: بڕیاری سیاسی لە مێژووی هزری سیاسیدا...	16
یەکەم: بڕیاری سیاسی لە هزری سیاسی یۆنانیدا...	16
دووەم: بڕیاری سیاسی لە هزری سیاسی ڕۆمانیدا...	17
سێهەم: میکیاڤیلی‌و بڕیاری سیاسی...	19
چوارەم: بڕیاری سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا...	21
پێنجەم: بڕیاری سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانیدا...	23
پەراوێزی بەشی ڕێخۆشکەر	27
بەشی یەکەم :کاریگەریتی فاکتەرە ناوخۆییەکان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی...	31
باسی یەکەم: فاکتەرە مادديەکان...	32
یەکەم: فاکتەرە ئابوورییەکان....	32
دووەم: فاکتەرە سەربازییەکان...	34
سێهەم: فاکتەرە جوگرافییەکان...	38
چوارەم: فاکتەری دانیشتوان...	41
باسی دووەم: فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان...	44
یەکەم: ڕای گشتی public opinion...	44
دووەم: هۆکارەکانی پەیوەندی کردن...	48
سێهەم: حیزبە سیاسیەکان...	50
چوارەم: گروپەکانی فشار Pressure Groups...	53

پێنجەم : جۆری سیستمی سیاسی... 56

شەشەم : زانکۆ و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە.... 58

باسی سێهەم: فاکتەری سەرکردە... 60

پەراوێزی بەشی یەکەم... 65

بەشی دووەم : فاکتەرە دەرەکییەکان... 69

باسی یەکەم: سروشتی سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی... 70

باسی دووەم: یەکە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان... 74

یەکەم : رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، حکومی و ناحکومی... 74

دووەم : کۆمپانیا فرە رەگەزەکان... 77

باسی سێهەم: فاکتەرە مەعنەوییە نێودەوڵەتیەکان... 80

یەکەم : یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ... 80

دووەم: رای گشتی جیهانی... 82

پەراوێزی بەشی دووەم... 85

بەشی سێهەم :قۆناغەکانی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی... 87

یەکەم: پێناسەو دیاری کردنی هەڵوێست... 87

دووەم : دیاری کردنی ئامانج... 91

سێهەم : دیاری کردنی جێگرەوەکان و هەڵسەنگاندنیان... 93

چوارەم : قۆناغی بڕیار دەرکردن... 97

پێنجەم: قۆناغی جێبەجێ کردنی بڕیار... 101

شەشەم: قۆناغی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون... 104

پەراوێزی بەشی سێیەم 106

کۆتایی و دەرەنجام... 108

سەرچاوەکان... 111

پێشکەشە بە ...

- بە دایکم و باوکم. وەك خۆشەویستی و وەفا...
- بەو کەسانەی لەسەر بنەمای دادوەری و بەرچاو ڕوونی بڕیاری سیاسی دەردەکەن. وەك دیاری و ئامۆژگاری...

پێشەکی وەرگێڕ

زانستە ڕامیاریەکان وەك بەشێکی گرنگی بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان سەنگ و بایەخی یەکجار زۆری هەیە، بە تایبەت لە دونیای ئەمڕۆدا.

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی بە بەشێکی زیندوو و سەرەکی زانستە ڕامیاریەکان لە قەڵەم دەدرێت، چونکە بابەتێکی پەیوەستە بە واقیعی سیاسی دەوڵەت و یەکە نێو دەوڵەتیەکانەوە.

لەم سەرو بەندەدا لە کاتێکدا بابەتی لێکۆڵینەوەی (صنع القرار السياسي الخارجي) کەوتە بەردەستم، کە لەلایەن بەڕێز (دانا علی بەرزنجی)یەوە وەك لێکۆڵینەوەیەك بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی (بەکالوریوس) لە زانستە ڕامیاری‌یەکاندا ئامادە کرابوو، لە ساڵی (٢٠٠٢)دا،.

لەبەر بەپێزی بابەتەکەو هەژاری کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا بە پێویستم زانی وەری بگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی، شایەنی باسە ئەم بابەتە بە پلەی نایاب (امتیان) هەڵسەنگێنراوە ئەمەو سوپاسی کاك (دانا بەرزنجی) دەکەین کە هاوکاری‌و کارئاسانی بۆ کردین لە وەرگێڕانی بابەتەکەدا.

هیواداریـن بابەتەکە کەلێنێك لەبواری زانستە ڕامیاریەکان پڕ بکاتەوە و هاندەرێك بێت بۆ نوسەرو قەڵەم بە بڕشتەکان تا درێژە بەم کاروانە بدەن.

خوێنەری بەڕێز: گەر توانیبێتمان بە پوختی بابەتەکە وەرگێڕین و مافی خۆی بدەینێ ئەوا سوپاسی خوای دەوێت، گەر وانەبوو ئەوا دیاری شوان هەر هەڵەکۆکە.

وەرگێڕ
٢٠٠٣/٣/٨
سلێمانی

پێشەکی

لێکۆڵینەوە لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی* لە سایەی سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی هاوچەرخ و پەیوەندیە نێودەوڵەتیە ئاڵۆزو فرە ڕەهەندەکاندا، وە لە سایەی نزیک بونەوەی شوێن و کات و خێرایی پەیوەندیەکاندا – کەوا لە یەکە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان دەکات لە پەیوەندی‌یەکی بەردەوامدا بن – گرنگیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لە زانستی ڕامیاریدا، بە تایبەت لەم دواییانەدا.

لە ڕاستیدا پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بۆتە جێگای باسی زۆرێک لە لێکۆڵەران و چەندین کۆنفرانس و سیمینار بەستراون بۆ شیکردنەوەو تاوو توێ کردنی، ئەمەش لە ڕوانگەی گرنگی بابەتەکەوەیە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەکیدا.

هەندێک لە لێکۆڵەران پێیان وایە کە سیاسەتی دەرەکی لە زنجیرە بڕیارێکی یەک لەدوای یەک پێکدێت بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی هەڵوێست و بارودۆخە یەک لەدوای یەکەکان.

ناسین و تێگەیشتنی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەهەر یەکەیەکی سیاسی نێودەوڵەتیدا یارمەتی‌دەرە بۆ ناسینی ئاراستە سیاسیەکانی ئەو یەکەیەو تێگەیشتن و شی‌کردنەوەی جموجوڵ و هەڵسوکەوتی ئەو یەکەیە لە زنجیرە کارلێککەلی نێو سیستمی نێودەوڵەتی ئاسان دەکات، کە ئەو یەکەیە لەمیانەی ئەو ئاراستەو ڕەفتارانەوە هەوڵ دەدات بەرژەوەندی‌و ئامانجەکانی بەدی بهێنێت لەمیانەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەرەوەیدا.

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بە یەکێک لە دژوارترین قۆناغەکان دەژمێررێت لە چوارچێوەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی‌و

---

* لێرەدا و لەکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کاتێک باس لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەکرێت وەک پرۆسەیەکی فرە لایەن و فرە قۆناغ و ئاڵۆز باسی لێوە دەکرێت، بەڵام کاتێک باس لە دەرکردنی بڕیاری سیاسی دەکەین ئەوا جیاوازەو تەنها بە یەکێک لە قۆناغەکانی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دادەنرێت، واتە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکی فرە قۆناغ و فراوان و گشتگیرە و دەرکردنی بڕیاریش بە یەکێک لە قۆناغە سەرەکیەکانی ئەم پرۆسەیە دادەنرێت.

پارێزگاری بەرژەوەندیە نەتەوەییە باڵاکاندا. هەروەها چەندین دام و دەزگاو دەستەو دامەزراوە بەشێوەی ڕەسمیو ناڕەسمیو بەشێوازی جیاواز بەشداری لەم پرۆسەیەدا دەکەن و چەندین فاکتەری نێوخۆییو دەرەکی دەوری ئەم پرۆسەیەیان داوە، ئەمە جگە لەو فاکتەرانەی کە پەیوەندیان بە باری دەروونیو کەسایەتی بڕیار بەدەستەوە هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ درێژەدان بەو پێشکەوتنە زانستیەی کە لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا هاتۆتە ئاراوە. لێکۆڵینەوەکەش لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی دەدوێت وەك بابەتێکی تیۆری ئەکادیمی، ئەمە جگە لە باسکردنی بڕیاری سیاسی وەك چەمك و ئاماژە کردن بە دیارترین قوتابخانەکانی هزری سیاسی لە کۆن و نوێدا.

لەم باسەدا وەك لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بابەتیانە پشتمان بە سێ میتۆدی مێژوو، وەسفیو لێکدانەوە بەستووە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بداتەوە:-

- چۆن دەوڵەتان یان یەکە سیاسیە نێو دەوڵەتیەکان پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی ئەنجام دەدەن؟
- ئەو فاکتەرە سەرەکیانە کامانەن کە کار لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەکەن؟
- قۆناغەکانی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی کامانەن؟
- ئایا بڕیار بەدەست چ ڕۆڵێك دەگێڕێت لەم پرۆسەیەدا؟

ئەم لێکۆڵینەوەیە بابەتیانە وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر بە کورتی دەخاتە ڕوو، لەمیانەی چەسپاندنی ئەو فەرەزەیەدا کە دەڵێت:

((پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی، کە چەندین قۆناغ لەخۆ دەگرێت، کۆمەڵێك فاکتەری نێوخۆییو دەرەکی کە لە ڕووی سەنگو بڕی فشاریانەوە جیاوازن لە یەکدی ـ دەوریانداوەو کاریگەرییان هەیە لەسەری، وەتا تێڕوانینو لێکدانەوەی بڕیار بەدەست بۆ هەڵسەنگاندنی گشت فاکتەرو پێشهاتەکان هۆشیارانەو بابەتیانەتر بێتو پشت بەزانیاری ڕاستو تەواو ببەستێتو دوور بێت لە هەوەسو ئارەزووی شەخسیو هەڵوێستی عاتیفی، ئەوا ڕێژەی سەرکەوتنی بڕیارەکان زیاد دەکاتو بەپێچەوانەشەوە ڕاستە)).

ماوەتەوە بڵێم: دەخوازم لێکۆڵینەوەکە توانیبێتی ئامانجی خۆی بهێنێتە دیو هیچ هەوڵێکیش بێ کەمو کورتی نابێت.

بەشی ڕێخۆشکەر

بڕیاری سیاسی

وەك دەوترێت زانستی ڕامیاری زانستی دەوڵەت و دەسەڵات و هونەری فەرمانڕەوایی‌یە، هەر بۆیە لە سەرەتاوە بابەتی حوکم و دەسەڵات و سیستمی سیاسی جێگای بایەخ بووە، هەر لەم ڕوانگەیەوە بابەتی بڕیاری سیاسی یەکێك بووە لەو لایەنانەی بواری زانستە ڕامیاری‌یەکان کە هەر لە سەرەتاوە گرنگی زۆری پێدراوە.

سیاسەتیش – وەك دێڤید ئیستن دەڵێت – بریتی‌یە لەو بڕیارانەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دەردەکرێت، زانستی سیاسیش بریتی‌یە لە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی ئەو بڕیارانە.[1]

لەم سۆنگەیەوە بایەخدانێکی نوێ بە بابەتی بڕیاری سیاسی گەڵاڵە بوو لە چەندین لایەن و بواری جیاجیادا، بە شێوەیەکی زانستی‌و کرداری، بە ئەندازەی گرنگی دانی زانستی ڕامیاری بە لێکۆڵینەوەی بابەتەکە، سیاسەتمەدارانیش گرنگیەکی زۆریان داوە بەم بابەتە، جا لەسەر ئاستی حکومی بێت یان ناحکومی.[2] دروستکردنی بڕیاری سیاسی بە یەکێك لەو بابەتانە دەژمێردرێت کە جێی بایەخی لێکۆڵەرانی مێژوو و زانستە ڕامیاریەکانیشە.

بۆیە لێرەدا بە چاکمان زانی باس لە بڕیاری سیاسی بکەین وەك چەمك و هەڵوێستەیەکیش لەسەر بڕیاری سیاسی بکەین لە مێژووی هزری سیاسیدا بە شێوەیەکی کورت، تا تێڕوانینێکی گشتگیر مان لەسەر بابەتەکە لا گەڵاڵە بێت.

باسی یەکەم

چەمکی بڕیاری سیاسی

سەرەتا پێویستە چەمك و واتای بڕیاری سیاسی ڕوون بکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین ڕاو دیدو بۆچوون دەخەینە ڕوو، کە هەر یەکەو لە گۆشە نیگایەکەوە و بەپێی بوارو دیدی خۆی گوزارشتی لێ دەکات.

بڕیاری سیاسی وەك دەستەواژەیەك لە دوو ووشەی ((بڕیار)) Decisionو ((سیاسی)) Political پێك دێت. (بڕیار) لە سادەترین واتاکانیدا بریتی‌یە لە ((بنچینەی ڕەفتاری مرۆیی))[3] یان بریتی‌یە لە چەسپاندنی ڕا لە حوکمی مەسەلەیەکدا[4]. یان بە دەستەواژەیەکی وردو گشتگیر تر بڕیار ((کارێکی هەڵبژاردنە تاکێك یان ڕێکخراوێك یاخود دامەزراوەیەك پێی هەڵدەستێت، کە بە هەڵبژاردنی ئامانجێکی ئەو تۆ یان هەڵبژاردنی هۆکارو ئامرازی بەدیهێنانی ئامانجێکی ئەوتۆ لە کۆمەڵە جێگرەوەیەکی ئاشکرادا، سنورێك بۆ ڕاوێژکردن و ڕاڕایی دادەنێت، جێگرەوە ئاشکراکانیش کۆت و لەمپەری ناوخۆیی و چەندین کۆت و لەمپەر لەنێو ناوەندی دەرکردنی بڕیارەکاندا دەوریان داوە، هەندێك جاریش ئەو بنەماو ڕێوشوێنانە دەبێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا پەیڕەو بکرێت فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەرن لە هەڵبژاردنی هەر بڕیارێکدا.[5])) بەشێوەیەکی ڕوونتر دەتوانرێت بووترێت بڕیار بریتییە لە((دەرکردنی دوا هەڵوێست لە ڕێگەی یەکلا کردنەوەی مەسەلەیەکی ئەو تۆوە، بە سوور بوونی تەواو و دارشتنەوەی بەشێوەیەکی کرداری بەخستنە بواری جێبەجێ کردنەوە.[6])) گەر بڕیار بەم شێوەیەی پێشوو پێناسە بکرێت، ئەوا ووشەی (سیاسی) Politicalوەك ئاوەڵناوێك بۆ ووشەی (بڕیار) دەگەڕێتەوە، واتە بڕیارەکان سیفەتی (سیاسی) وەردەگرن، بۆیە لێرەدا پێویستە واتای چەمکی (سیاسی) دەست نیشان بکەین کە بە سادەترین واتای ((بەڕێوەبردنی گەل و وولات دەگەیەنێت[7])) یان

ووردتر بڵێین واته ((دابەشکردنی دەسەڵاتدارانەی بەهاکان لە کۆمەڵگەدا))[٨] وەك (دێڤید ئیستن) وتویەتی.

لەم دەروازەیەوە دەتوانرێت بوترێت بڕیاری سیاسی پێویستە لە لایەن دەستەیەکی دیاری کراوەوە دەربکرێت بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری بەڕێوەبردنی وولات و ڕێکخستنی پەیوەندیە ناوخۆییو دەرەکیەکان، هەروەها پێویستە بڕیاری سیاسی سیمای دەسەڵاتداریو گوێڕایەڵی بۆکردنی پێوە دیار بێت، واتە دەسەڵات توانای جێبەجێ کردنی هەبێت و لەلایەن گەلیشەوە گوێ ڕایەڵی بکرێت.

لەم بوارەدا چەندین پێناسە هەیە جەخت لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی جێگرەوەکانی بڕیار دەکات بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان. ئەمەش ناوەڕۆکی پێناسەکەی نیگرۆ Nigro گوزارشتی لێوەدەکات کە دەڵێت: ((بڕیار بریتیە لە هەڵبژاردنێکی هۆشیارانە بۆ ئەو جێگرەوانەی لەبەر دەستدان لە هەڵوێستێکی دیاری کراودا))[٩].

یان بەشێوەیەکی ووردتر بڵێین بڕیاری سیاسی ((هونەرێکی لۆجیکیو ئەخلاقیە، کە بەهۆی هەڵبژاردنی یەکێك لە چارەسەرەکان، دوای پرۆسەی پشکنینێکی وورد بۆ ئەو چارەسەرانەو ئاراستەو جێبەجێ کردنی بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە باشترین هەل بۆ سەرکەوتن فەراهەم بهێنێت))[١٠].

ئەو پێناسەیەی کە سنایدەر Snyder لەمەڕ پرۆسەی بڕیارداندا خستویەتیە ڕوو جەخت لەسەر ڕۆڵی بڕیار بەدەست دەکات لە پرۆسەی دەرکردنی بڕیارداو دەڵێت: دەرکردنی بڕیار ((ئەو پرۆسەیەیە کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی جێگرەوەیەك لەنێو کۆمەڵێك جێگرەوەی دیاریکراودا کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ناسراون، جێبەجێدەکرێت بە مەبەستی گەیشتن بە حاڵەتێکی دیاری کراوی خوازراو لەلایەن بڕیار بەدەستانەوە))[١١].

لێرەدا ڕۆڵی بڕیار بەدەست وەك کارایەکی سەرەکیو فاکتەرێکی بنچینەیی دەردەکەوێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، بەواتایەکی تر، دروستکردنی بڕیار ڕەنگدانەوەی تێگەیشتن و دیدو

بۆچوونی خاوەن بڕیارە بۆ هەلومەرجە ژینگەییەکان، ئەمەو تێگەیشتن و بیروبۆچوون و ئاراستەکانی بڕیاربەدەستیش لەژێر کاریگەری بەهاو بیرو باوەڕ.

بەڵام دکتور (ضرغام) بە درێژی پێناسەی بڕیاری سیاسی دەکات و دەڵێت: ((بڕیاری سیاسی هەڵوێستی دەوڵەتە لە ئاست ئەو کێشەو بارودۆخانەی دێنە پێش، وەك تەنگژەو قەیران، یان ئەو بابەتە گرنگانەی پەیوەندیان بە هەلومەرجی نێوخۆیی و دەرەکیەوە هەیە وەك یەك، ئەمەش وا لە بڕیار بەدەستانی دەکات کە هەڵوێست و ئیلتیزامێکی مادی و مەعنەوی وەربگرن، بڕیاری سیاسیش لە هەموو قۆناغ و بارودۆخێکدا کە دەردەکرێت پێویستی بەوپەڕی وورد بینی و تواناي پێشبینی کردنی ئەگەری کاردانەوە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکان و تواناي مامەڵەکردنی لە گەڵیاندا هەیە تا بتوانرێت بەچاکی جێبەجێ بکرێت)).[١٢]

لەم پێناسەیەوە دەتوانرێت گوزارشت لە بڕیار بکرێت بە ((ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی کارێك بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی کێشەیەکی دیاری کراو))[١٣] هەر بۆیە بڕیارەکان لە ڕووی سایکۆلۆجی و فەلسەفی یەوە وەك ساتەوەختێك لە بەڕێوەبردن دیراسە دەکرێن.

بڕیار کۆتایی بە دڵەڕاوکێ دەهێنێت و پێش پرۆسەی جێبەجێ کردن و هەموو دەرەنجامەکانیش دەکەوێت.

بەم پێیە بڕیار وەك دەرکەوتەیەك لە دەرکەوتەکانی هێز دەکەوێتە بەرچاو، کۆتایی بە دڵەڕاوکێیی و دۆشدامان دەهێنێت.[١٤]

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی باسەکەمان ئاماژە بە پێناسەکەی دکتور (اسماعيل صبري مقلد) دەکەین کە دەڵێت: ((بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لە دەرکردنی بڕیار گەیشتنە بە شێوازو جۆرێکی گونجاوی کارکردن لە نێوان چەند جێگرەوەیەکی کێبەرکێ کەردا. هەموو بڕیارێکیش مەبەست تێیدا بەدیهێنانی ئامانجگەلێکە یاخود بۆ دورخستنەوەی ئامانجگەلێکی نەخوازراوە))[١٥].

بە دەستەواژەیەکی وردو ڕونتر (بەڕای ئێمە) بڕیاری سیاسی ((بریتییە لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لە نێوان چاکترین جێگرەوە گونجاوەکانی

بەردەست، پرۆسەیەکی ئامانجدارو کاریگەرە، هەڵقوڵاوی کارلێکی فاکتەرە بابەتی‌یە نێوخۆیی‌و دەرەکیەکان‌و ژینگەی دەرونی خاوەن بڕیارە، ئەمە بە ڕەچاوکردنی هۆکارو ئامرازەکان و تواناو دەرەنجامەکان)).

دەتوانین ئەم پێناسەیەی سەرەوەمان بەم شێوەیە ڕوون بکەینەوە:-

پێناسەکە جەخت دەخاتە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن، واتە کاتێك بڕیار بەدەست دەیەوێت بڕیارێکی ئەوتۆ دەربکات، ئەوا پێویستە یەکێك لە شێوازەکانی خۆ دەرباز کردن لە باری دەرونی‌و دڵەڕاوکێ – کە مومارەسەی سیاسی دەیسەپێنێت – بگرێتە بەر، بەواتای دانانی سنورێك بۆ ئەو حاڵەتە نائاسایی‌یەی کە هەڵوێستەکە دەیسەپێنێت و پێویستە بڕیار بەدەست ڕووبەڕووی بێتەوە.

هەروەها پێناسەکە جەخت دەخاتە سەر ڕەهەندی ((ئامانج)) لە بڕیاری سیاسیدا، واتە بڕیاری سیاسی پێویستە ئامانجێك یان ئامانجگەلێکی دیاری کراوی لە پشتەوە بێت، چونکە دروستکردنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەکیدا کۆمەڵێك هۆکارو ئامرازو مومارەسە دەگرێتەوە کە دەوڵەتێکی دیاری کراو لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەیگرێتەبەر، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاری کراو.(١٦)

هەروەها پێناسەکە ڕەهەندی ((کاریگەری)) لە بڕیاری سیاسیدا لەخۆ دەگرێت، چونکە بڕیاری سیاسی مانایەکی نامێنێت گەر کاریگەری نەبێت لە سەر گۆڕەپانی سیاسی، جا ماددی بێت یان مەعنەوی. هەروەك چۆن پێناسەکە ئاماژە بە پرۆسەی کارلێکی نێوان فاکتەرگەلی ژینگەی نێوخۆیی‌و دەرەکی‌و ژینگەی دەرونی‌و کەسایەتی بڕیار بەدەست دەکات، وەك یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی پێناسەکە، چونکە هەریەکێك لەو فاکتەرانە کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی، جا ئەو کاریگەریانە ڕاستەوخۆ بن یان ناڕاستەوخۆ، درێژ خایەن بن یان مەودای کاریگەرێتییان کورت بێت. هەروەها بڕیار بەدەست پێویستە ڕەچاوی ئەو هۆکارو ئامرازانە بکات کە لەبەر دەستیدایە بۆ دەرکردن و جێبەجێ کردنی بڕیارەکە، کاتێك دەیەوێت بڕیارێك دەربکات. جا ئەو هۆکارو ئامرازانە ماددی بن یان مەعنەوی. ئەمە سەبارەت بە

هۆكارەكان، بەلاّم لەمەڕ ((تواناو لێهاتوویی)) كە لە پێناسەكەدا ئاماژەی پێكراوە، مەبەست پێی ئەوەیە كە پێوەری تواناو لێهاتوویی بریتی‌یە لە ئاستی سەركەوتن لە بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیە خوازراوەكاندا كە لە پشت هەر بڕیارێكی سیاسیەوەیە كە دەسەلاّت دەری دەكات، واتە تا چەندێك بڕیارەكە ئامانجەكانی دێنێتە دی‌و مەبەستەكانی دەپێكێت ؛ مەبەستیش لە ڕەچاوكردنی ((دەرەنجامەكان)) ئەوەیە كە خاوەن بڕیار پێویستە پرۆسەی هەلّسەنگاندنی دەرەنجامەكانی بڕیارەكە لە پێش دەركردن و لەدوای دەركردنیشدا بە ئەنجام بگەیەنێت، خەملاّندن و هەلّسەنگاندنی ئەنجامەكانیش لە پێش دەركردنی بڕیار كارێكی پێویستە چونكە هەموو بڕیارێك ئەنجامگەلێكی دیاری كراوی بە دوادا دێت كە پێویستە پێش وەخت حسابی بۆ بكرێت، لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بكەین كە بڕیاری سیاسی بۆ ئەوەی سەركەوتوو بێت پێویستە سێ مەرجی تێدا بەدی بكرێت كە بریتین لە:-

١- ڕەوایەتی ٢- گەردن گیری ٣- گشتگیری.

ڕەوایەتی بەمانای دەرچوونی بڕیارەكە لە دەسەلاّتێكی یاسایی ڕاسپێردراوی قبولّ كراوەوە، وە گەردنگیری بەو واتایەی كە لە نێوەڕۆكی بڕیارەكە هێزێكی سەپێنەری لە پشتەوە بێت بۆ جێبەجێ كردن و گوێڕایەلّی كردنی. وەگشتی بێت بەو واتایەی بڕیارەكە كاروبارە گشتی‌یەكان و پێویستیەكانی كۆمەلّگە لەخۆ بگرێت.[١٧]

لە ژێر ڕۆشنایی هەموو ئەم پێناسەو ڕونكردنەوانەدا بۆمان دەردەكەوێت كە پرۆسەی دروستكردنی بڕیاری سیاسی پرۆسەیەكی قورس و ئالّۆزەو كارێكی ئاسان و سادەنیە، چونكە ئەم پرۆسەیە چەندین هۆكارو فاكتەرو ئامرازو ئامانجی جیاواز دەوری داوە، كە هەر یەكێكیان لە لایەن و گۆشەیەكەوە كاریگەری خۆیان دەنوێنن وپێویستە بە هەندیش وەربگیرێن لەكاتی بڕیارداندا، ئەمەو بڕیاردان بە هونەر دەژمێرێت زیاتر لەوەی زانست بێت، یان ورد تر بلّێین: ((هونەرێكە لەسەر بنەمای زانست دامەزراوە)) .[١٨]

بــاســی دووەم

بڕیاری سیاسی لە مێژووی هزری سیاسیدا

قسە کردن سەبارەت بە قۆناغەکانی گەشەکردنی هەر دیاردەیەك دوو ڕاستیمان دەخاتەوە یاد:

یەکەم:- ڕاستیەکی مێژوویی، واتە چەندین قۆناغی مێژوویی دیاریکراو هەیە کە تێپەڕیوە، پێویستە بیناسینەوەو شارەزای بین وەك بەشێك لە زانست.

دووەم:- ڕاستیەکی بابەتی، واتە ئەو گۆڕانکاریانەی ڕویانداوە سەبارەت بە بابەتی دیاردەکە لە ڕووی شیکردنەوەو پەیوەندیەکانیەوە، وا دەخوازێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت بە مەبەستی کۆکردنەوەو تەواو کردنی زانیاری سەبارەت بە دیاردەکە.[١٩]

لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین لەم باسەدا بایەخ بە ڕوونکردنەوەی بابەتی بڕیاری سیاسی بدەین لەمیانەی گرنگترین قوتابخانە فیکریە سیاسیەکانەوە هەر لە کۆنەوە، لە هزری یۆنانیو ڕۆمانی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەروەها لەبیری ئیسلامی تا دەگاتە بیری ڕێنسانسی ئەورووپاو دەوڵەتی نوێ.

یەکەم:- بڕیاری سیاسی لە هزری سیاسی یۆنانیدا

لەم قۆناغە مێژوویی‌یەدا چەندین پرسیاری فەلسەفی پێش وادە سەری هەڵدا سەبارەت بە چاکترین شێوازەکانی فەرمانڕەوایی‌و بارودۆخی سیاسی‌و ڕەوشت، ئەمەو جەنگی نێوخۆی نێوان ئەسیناو ئەسبرتە - کە بە شەڕی ((بلوبونزی)) ناسرا بوو - نیو سەدەی خایاند لە (٤٥٨ - ٤٠٤) پ.ز دا [٢٠] کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر ئاراستەی فیکری سیاسی یۆنانی‌و ئەو مەسەلانەی کەجێی بایەخی فکری سیاسی یۆنانی بوو لەمەڕ پرسیاری: چاکترین شێوازی حوکم و سیاسەت و شاری ناوازە ((المدنیة الفاضلة))... ئایا ئەسبرتەی ئوروستوکراسی‌یە یان ئەسینای دیموکراسی؟..

ئەفلاطون لە کتێبە بەناو بانگەکەیدا (کۆماری) هێرشی کردۆتە سەر حوکمی دیموکراسی، لەبەر ئەوەی گەل ناتوانێت خۆی خۆی بەڕێوە ببات.[٢١] ئەمەو قسەی سەبارەت بە جۆرەکانی فەرمانڕەوایی کردووەو

ووتویەتی: هەندێك لەو دەسەڵاتانە فەرمانڕەوایی لە سنور دەرچوون و هەندێکیان دیموکراسین و هەندێکیشیان ئوروستوکراسین، ئەمەو وەزیفەو کاری حوکمرانیی وولاتی دیاری و پەیوەست کرد بەچینی فەرمانڕەوایانەوە Governmental class کە هەڵدەستن بە دانانی یاساو بنەما ڕێکخەرەکانی کۆمەڵگەو بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و سەرکردایەتی کردنیان. ئەمەو لە دیدو بۆچوونی ئەفلاطون دا وەك دەردەکەوێت ((ناوەندی بڕیار بەدەستی فەرمانڕەوایانەوە دەبێت کە لە ئەنجومەنی (پیران) پێك هاتووە[٢٢])) کە چاك و لەبارن بۆ هەڵگرتنی باری قورسی فەرمانڕەوایی، بەتایبەت وەك یەکلاکەرەوەی دیاری کردنی هۆکارو ئامانجەکانی کۆمەڵگە. لەم گۆشە نیگایەوە ئەفلاطون وای بۆ چووە دەبێت فەرمانڕەوایی چڕ بکرێتەوەو کۆببێتەوە لەدەست زاناو فەیلەسوفەکاندا تا بڕیارەکانیان ڕاست و دروست و بەهێزو بەسود بێت بۆ کۆمەڵگە.

لەم میانەیەدا دەکرێت دوو تەوەرەی سەرەکی بخەینە ڕوو:-

١- لەمیانەی (هیرودوتس و توسیدید)ەوە کە گوتاری فەلسەفیان بۆ جۆری سیستەمەکانی سیاسەت (بەڕێوەبردن) جیاکردووەتەوە. کە یان سیستەمی چەسپاو ئارامن و تایبەتمەندییەکانی حوکمرانی بڕیار بەدەستانی تێدا دەردەکەوێت، نموونەش لەسەر ئەمە حاڵەتی (ئەسبەرطە)یە. وەیان نائارامە لە نێو جۆری سیستەمە سیاسیەکاندا لە دیموکراتیەوە بۆ ئوروستوکراتی ئیستیبدادی، ئەمەش وەك ئەسینا.

٢- بازنەی بڕیاری سیاسی فراوان دەبێت بە پێی فراوان بوونی پێکهاتەی فەرمانڕەوایی و ڕێژەی نوێنەرایەتی کردنی بۆ دەستە کۆمەڵایەتیەکان.[٢٣]

دووەم:- بڕیاری سیاسی لە هزری سیاسی ڕۆمانیدا.

بیری ڕۆمانی بەهەواداری پرۆسەی کرداریی جیا دەکرێتەوەو دەناسرێتەوە، مێژووی ڕۆمانیش کەسانی لێهاتووی ئیداری زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها خاوەنی سەرکردە گەلێکە کەشکۆداری ڕۆمایان دامەزراندوە، هەروەك چۆن مێژووی ڕۆمانیا بە فراوانخوازی دەرەکی جەنگی بەردەوام دەناسرێتەوە.

لە دەوڵەتی ڕۆمانیدا سیستمێکی ئیداری‌و سەربازی‌و ئەنجومی پیران هەبووە کە بە (ئەنجومی پیرانی گەل) ناسراوە، ئەمانە هاوشان لەگەڵ دەسەلاتی ڕەهای ئیمبراتۆردا. هەروەك چۆن مێژوو نووسی یۆنان (میترۆمین بولیب) لە سەدەی دووی پێش زاین و دوای ئەویش شیشرون (١٠٦-٤٣ پ.ز) لەو مێژوو نوس و فەیلەسوفانەن کە نوسینەکانیان ناوبانگی مەزنی هەیەو گرنگیان داوە بەنوسینی چیرۆك‌و شێوازەکانی ڕێکخستنی سیاسی‌و سەربازی کە ناوچەکانی ڕۆمانی لەمیانەیانەوە کاروبارەکانی خۆیان پێ ڕێکخستووە، هەروەك چۆن شیشرۆن وویستویەتی تیۆرێك دابنێت بۆ گەیشتن بە دەوڵەتێکی تەواو لەسەر بنچینەی دەستورێکی تێکەڵاو، لەگەڵ بواردان بە بەرەو پێش چوون‌و گەشە سەندنی دەوڵەتی ڕۆمانی لە چوارچێوەی مێژووی دەستوری ڕۆماندا، ئەمەو لە دیدی شیشرۆندا ئەم جۆرە دەستورە لەو کاتەدا باشترین هۆکاربووە بۆ دروستکردنی سیستمێکی سیاسی کە ئارامی‌و کەماڵ بێنێتە دی.[٢٥]

ئەمەو تێبینی کراوە کە چۆن سیستمی ئۆلیگارشی لە فەرمانڕەوایەتی‌و ململانێ کردنیان لەگەڵ کاهینەکاندا بووەتە مایەی شەڕو ئاژاوەو هەرەسی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی. بەپێی ئەم گێڕانەوانە فەرمانڕەوایەتی ڕۆمانی لە هەرەمێکی سیوکراتی پێکهاتووە کە بە لوتکە دەست پێدەکات - کە لە کاهین و پاشادا خۆی دەبینێتەوە - دواتر دەستەی پیران‌و دادوەران‌و سەرکردە سەربازی‌یەکان دێن.[٢٦] بەڵام ڕۆڵی سەرەکی هەر بۆ ئیمپراتۆری دەگەڕێتەوە لە دەرکردنی بڕیارە چارەنوس سازو یەکلاکەرەوەکاندا، لە کاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەتیشدا دەستە گەلێك بەشداری بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی ئیمپراتور دەکەن، لەوانە/ ئەنجومەنی پیران، ئەنجومەنی گشتی، کاهینەکان، دادوەران و پیاوانی یاساو سەرکردەکانی سوپا.

هەتا چاخەکانی ناوەڕاست لە کۆمەڵگە ئەورووپی‌و ڕۆژهەلاتیەکاندا شێوەکانی فەرمانڕەوایەتی ڕەها باوبووە، کە پێك هاتبوو لە دوو دەسەلات (ئاینی، دنیایی)، ئەمە لە قۆناغی یەکەمی ئەم چاخەدا کە بە سەردەمی (ئۆگەستیس) ناسراوە.

بەڵام لە قۆناغی دووەمدا کە هەردوو بیریار ((تۆما ئەکوینی و دانتی)) نمایندەی دەکەن، ڕۆڵی کڵێسا لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا پەرەی سەند.

ئەکوینی لە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەت دەدوا لەسەر یاسای سروشتیو کۆمەڵایەتیو بنەمای بەرژەوەندی گشتی. بەڵام لە قۆناغی سێهەمدا سەرەتاکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دینیو دەسەڵاتی دونیایی سەری هەڵدا، (پادۆ) کە بە نمایندەی ئەم قۆناغە دەناسرێت، بڕوای وایە کە ئامانجی دەوڵەتی دونیایی بریتییە لە ڕوخاندنی دەوڵەتی کڵێسا.[٢٧] لەم میانەیەدا بۆمان دەرکەوت کە دەسەڵاتی زەمەنی تاکە دەسەڵات بووە (لەم قۆناغەدا)، ئەم قۆناغە بەوە جیادەکرێتەوە کە بانەگەشە بۆ دروستکردنی فەرمانڕەوایەتییەك دەکات کە شەرعیەتەکەی لە بنەما سروشتیەکانەوە سەرچاوە بگرێتو چەمکی سەروەری وەك بنەمایەك وەربگیرێت، لە چوارچێوەی بایەخدان بە هزری سیاسی ڕۆمانیدا.

لەژێر ڕۆشنایی ئەمانەدا دەردەکەوێت کە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیو جڵەوی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەم چاخەدا لە نێوان هاوسەنگ بوونی دەسەڵاتی دینیو دنیاییو لاسەنگ بونیانو جیاکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتەکە لە یەکتری بەپێی قۆناغە مێژووییەیەك لە دوای یەکەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

سێهەم:- میکاڤیلیو بڕیاری سیاسی

بیری سیاسی ئەورووپی لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا گۆڕانێکی ڕیشەییو قوڵی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بە دەرکەوتنی بیریاری ئیتاڵی نیکۆلا میکاڤیلی (Niccola Machiavelli) (١٤٦٩ - ١٥٢٧ز) وە کتێبە بەناوبانگەکەی (میر) The prince، میکاڤیلی لەم کتێبەیدا هەوڵی داوە وێنەیەکی ئاشکرا ببەخشێت بەهێزو چۆنیەتی بەکارهێنانی هێز لەلایەن فەرمانڕەوایانەوە، لەمیانەی وتە بە ناوبانگەکەیەوە ((الغایة تبرر الوسیلة))[٢٨] بە واتای گرتنە بەری هەموو هۆکارێك - دروستو نادروست - بۆ گەیشتن بە مەبەستو ئامانج، ئەمەش تا ئێستا جێگەی گفت وگۆو مشتو مڕە. هەروەها ئەو هەوڵی داوە بیرۆکەی سەربەخۆیی کاروباری سیاسی دەوڵەت لە بیروباوەڕە ئاینیو پرنسیپە ئەخلاقیەکان بچەسپێنێت.

لەگەڵ ئەو دژە بۆچونیەی لە نێوان ڕاو بۆچوونەکانی میکاڤیلیدا لەمەڕ چاکترین شێوازەکانی فەرمانڕەوایی، کە لە دوو کتێبەکەیدا (میر)و (پێشنیارەکان) - المطارحات - بەدی دەکرێت، کە دەبینین لە کتێبی (میر)دا

بانگەشە بۆ دەسەڵاتی ڕەها دەکات و لەکتێبی (پێشنیارەکان) یشدا بانگەشە بۆ سیستمی گەلی ئازاد دەکات، پسپۆڕان لەم بوارەدا ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەمەڕ شیکردنەوەی ئەم دژە بۆچوونەی میکاڤیلیدا، بەڵام زۆربەی ئەو ڕاو بۆچوونانە بۆ ئەوە دەچن کە دڵسۆزیو نیشتمان پەروەریو خۆش ویستنی میکاڤیلی بۆ وولاتەکەی هانیداوە بۆ کارکردن لە پێناو یەکڕیزیو یەکێتی وولاتەکەی لەژێر فەرمانڕەوایەتی سەرکردەیەکی بەهێزو بەتوانا، کە هەموو دەسەلاتێکی ڕەهای لە دەستدا بێت تا بتوانێت سەروەری بۆ وولاتەکەی – کە لەو کاتەدا پارچە پارچەو لاواز بوو – بگێڕێتەوە.

بۆیە دەبینین بانگەشە بۆ دەسەڵاتی ڕەها دەکات لە وولاتەکەیدا (ئیتالیا)، بەڵام بانگەشەی دەسەڵاتی کۆماری بۆ وولاتانی تری وەك سویسراو ئەڵمانیا دەکات.

(د. ثروت بدوی) پێی وایە ئەم بیروبۆچوونە نزیکترە لە ڕاستیەوە.[29] میکاڤیلی لە (میر)دا جەخت لەسەر سەربەخۆیی بڕیاری دەوڵەت لە کاریگەریتی دەرەکی دەکاتەوە، هەروەك چۆن دوو کۆڵەکەی بنچینەیی بۆ فەرمانڕەوایەتی دەست نیشان کردووە:-

١- پێویستی بوونی هێزو توانای یەکلایی کردنەوە (الحزم).
٢- سەربەخۆیی سیاسەت لە چوارچێوە ڕەوشتیو ئاینیەکان.[30]

هەروەها هەر لە (میر)دا لە بابی نۆزدەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە میر پێویستە بڕیارەکانی جێبەجێ بکرێن و هەڵنەوەشێنرێنەوە، وە پێویستە بە بڕیارەکانیەوە پەیوەست بێتو بوار نەدات کەس فریوی بدات و بیخەڵەتێنێت.[31]

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا میکاڤیلی پێی وایە دواجار ئیلتیزامە ئەخلاقیەکان لە یاساو حوکمەوە سەرچاوە بگرن.[32] ئەمە لەگەڵ جەخت کردنەوەی لەسەر پێویستی بوونی میرێکی بەهێزی بلیمەت بۆ دروست بوونی دەوڵەتێکی بەهێز کاتێك دەڵێت ((یەکێتی بێ بوونی میر نابێت))[33]

لە دەرەنجامدا دەتوانرێت بوترێت میکاڤیلی بوونی کەسێکی بەهێزو توانای خاوەن بڕیارو یەکلاکەرەوە بە مەرجی سەرەکی دەزانێت بۆ بوونی دەوڵەتێکی بەهێز، ئەو پیاوە بەهێزەش کەسی سەرکردەیە. وە بڕوای وایە کە لابردنی کڵێساو دورخستنەوەی لە دەسەلات کارێکی پێویست و حەتمیە،

هەروەها بە چاوی بایەخ و سەرسوڕمانەوە ڕوانیویەتیە فەرمانڕەوایی کۆماری ڕۆمانیو بڕواشی بە سیستمی فەرمانڕەوایەتی ئیستیبدادی هەبووە، بەڵام سیستمی دیموکراسی بە چاکترین سیستم زانیوە بە مەرجێك گەل چاوپۆشنو یەکگرتوو و ڕەوشت بەرزو یەك دەنگ بنو دەوڵەتیش هێمن و ئارام، بەڵام ئەگەر هاتوو دەوڵەت تازە پێگەیشتوو بێت یان نائارام و پەرتەوازە بێت ئەوا پێویستی بە فەرمانڕەوایەتی ڕەها هەیە.[٣٤] ماوەتەوە بڵێین میکاڤیلیش وەك هەر بیریارو فەیلەسوفێکی تر دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخ و هەلومەرجە بووە کە تێیدا ژیاوەو گەشەی کردووە.

چوارەم/ بڕیاری سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا

باسەکانی حوکم و دەسەڵات لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزو فەرموودەدا ئاماژەی پێکراوە.

ئیسلام چەند بنەماو بنچینەیەکی گشتی دەست نیشان کردووە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و فەرمانڕەوایان بە تاکەکان و گەلەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامیدا.

لەم بوارەدا بنەمای ڕاوێژکردن (الشورى) بە گرنگترین بنچینە لە قەڵەم دەدرێت، هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ)[٣٥] وە دەفەرموویت (وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ)[٣٦] هەروەها فەرموودەکانی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) جەخت لەسەر ئەم بنەمایە دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی ڕێبازی ڕاوێژکردن بە گرنگترین بنەمای دەستوریو گرنگترین بنەمای حوکمی ئیسلامی لە قەڵەم دەدرێت.[٣٧]

ڕاوێژکردن بەپێی دەقەکانی قورئان بە (واجب) لە قەڵەم دەدرێت، چونکە فەرمانکردن لە قورئاندا بە (واجب) دانراوە، بەڵام جیاوازی ڕاو بۆچوونەکان لەوەدایە کە ئایا پابەندبوون یان پابەند نەبوون بە ڕاوێژکردنەوە، واجبە یان نەء؟

ڕاو ئاراستەی زانایانی هاوچەرخ پێی وایە کە بوونی ڕاوێژکردن پێویستە (واجبە)، هەروەك چۆن پابەند بوون پێیەوە پێویستە، بە مەرجێك دژ بە دەقێکی ڕاشکاو نەبێت، وە هەموو ئەو ڕاوێژانەی کە لە پێغەمبەرەوە (صلى‌الله عليه وسلم) گێڕراونەتەوە لەم جۆرەن.[٣٨]

بەڵام ڕای دووەم خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ڕاوێژکردن پابەندکەر (ملزم)نیە بۆ ئەمیر لە دەوڵەتی ئیسلامیدا.

ئەوەی لێرەدا جێی گرنگی پێدان بێت ئەوەیە کە ئایا ئەنجومەنی ڕاوێژکردن و دەستەی ئەهلی حەلل و عەقد کاریگەرێتی یان هەیە لەسەر ئەو بڕیارانەی کە خەلیفە دەری دەکات؟

لەڕاستیدا سەرەڕای بوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (وەزیرەکان) کە یاریدەدەری فەرمانڕەوای موسڵمانانن، پێویستە بۆ ڕا دەربڕین دوو ئەنجومەن هەبێت:-

١- ئەنجومەنی پسپۆڕان: کە هەڵبژاردەی زانایانی پسپۆڕ دەگرێتەوە.

٢- ئەنجومەنی پیاوماقوڵان: کە سەرکردەو نمایندەی چین و توێژەکانی دەوڵەتی ئیسلامی دەگرێتەوە.

وە لە کۆی ئەم دوو ئەنجومەنە ئەنجونی ڕاوێژی ئیسلامی پێك دێت.[٣٩]

لە ژێر ڕۆشنایی ئەمانەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەوڵەتی ئیسلامی ئەمیرێك سەرکردایەتی دەکات و جڵەوی کاروبارەکانی بەدەستەوە دەبێت، وە بەپێی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام کار دەکات، کە لە قورئان و سوننەتی ڕاست و دروستەوە وەرگیراون، ئەمە لەو کاروبارانەدا کە جێگیرن و بەڵگەی یەکلاکەرەوەیان لەسەر هاتووە بە دەقی ڕاشکاو، بەڵام لەو مەسەلانەدا کەجێی ئیجتیهادو ڕادەربڕین و جیاوازین، بڕیارەکان دوای ڕاوێژکردن بە کەسانی خاوەن ڕاو پسپۆڕو شارەزاو خاوەن تەقواو زانایان لە بوارە جیاجیاکاندا دەدەرێن.

ئەمەش جەخت لەسەر بەچاك زانینی (استحباب) ڕاوێژکردنی ئەمیر بە سوپاو شوێنکەوتووان و گەلەکەی دەکاتەوە، بۆ بەدەست هێنان و گەیشتن بە ڕایەکی دروست و گونجاو، بۆ سەرنج ڕاکێشان و ڕازی کردنی دەروونیان و خۆپاراستن لە گلەیی و گازندەیان، وە بۆ زانینی ئەو بەرژەوەندیانەی کە ئەوان دەیزانن، هەروەها جێبەجێ کردنی فەرمانی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ)[٤٠]

پێویستە دان بەوەدا بنێین کە قورئانی پیرۆز هەرچەندە تێڕوانینێکی دوورو درێژو دیاری کراوی بۆ شێوازی سیستمی حوکم لە دەوڵەتی

ئیسلامیدا دانەناوە*، بەلاّم بنەما گشتیە جێگیرەکان و ڕێبازە سەرەیەکانی دەست - نیشان کردوە، وەك (دادپەروەری، ڕاوێژکردن، یەکسانی، میانڕەوی، برایەتی، هاوکاری کۆمەلاّیەتی...هتد) کە بە گۆڕانی کات و شوێن گۆڕانیان بەسەردا نایەت.[٤١]

لە دەرەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە بڕیاری سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا لە دواجاردا بەدەست خەلیفەیە، بەلاّم دوای ڕاوێژکردن، وە پێویستە ڕاوێژەکەش سنوردارو لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا بێت لە ڕێبازو بنەما گشتیو جێگیرەکان، کە شەریعەت داینـاوە، لانەدات، وە ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتیو هەلو مەرجو بارودۆخەکان بکات.

دواجار ئاماژە بەدیدو بۆچوونی (د. محمد عمارە) دەکەین لەم بوارەدا کە دەڵێت: ((لە کاروباری دەوڵەت دا ئیسلام شورای کردووە بە فەلسەفەیەك کە لەمیانەیەوە کاروباری خەڵکی بەڕێوە دەچێت، وە بڕیاردانیش بەروبوومی ڕاوێژکردنە، واتە بەشداری کردنی خەڵك لە پێگەیاندنی (ڕا) دا کەلە سۆنگەیەوە بڕیار دادەڕێژێت.[٤٢]))

پێنجەم/ بڕیاری سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتیمانیدا

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیو ئەو پێشکەوتنە میکانیکی یەی کە ئەوروپا بەخۆیەوە بینی، وە لە دوای دەرکەوتنی سەردەمی ڕۆشنگەری، سەرەتای گەلاّلە بوونی فەلسەفەیەکی سیاسی نوێ سەری هەڵدا، کە چەمکی دەوڵەت لەمیانەیەوە پێناسەو خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ کرا..

بیری میکاڤیلی لە ڕووی سیاسی یەوە بە خاڵێکی گرنگی وەرچەرخان دادەنرێت لە هزری سیاسی ئەوروپیدا لە بواری سیاسەت و دەوڵەتدا.

* لە چەندین سەرچاوەی بەنرخدا باس لە مەسەلەی بڕیارەکان بە تێروتەسەلی کراوە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا وەك (الاحكام السلطانية) وە (نصيحة الملوك) وە (قوانين الوزارة وسياسة الملك) کە نوسراوی (ئیمام ماوەردی)ن کە لەسەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا ژیاوە، وە کتێبی (السياسة الشرعية)ی شێخی ئیسلام (ابن تيمية) و کتێبی (الطرق الحكمية في السياسة الشرعية) کە نوسراوی ئیمام (ابن قيم ی جوزی)یە هەروەها کتێبی (المقدمة)ی ابن خلدون.

هــەروەها هــەردوو تیـۆری (پــەیمانی کۆمەڵایــەتی)و (جیاکردنــەوەی دەسـەڵاتەکان) هاتـە کایـەوەو بـوو بـە چوارچێوەیـەکی فەلسـەفی کـە دەوڵـەتی هاوچەرخی لەسەر دامەزرێت.[43]

لـە سـەرەتاکانی سـەدەی سـیازدەی زاینـدا دامـەزراوە ئینگلیزیــەکان پێشـکەوتنێکی بـەرچاویان بـەخۆوە بینـی، ئەمــەش دوای ڕاگـەیاندنی بـەڵێن نامـەی ماگناکارتا (العهد الاكبر) بـوو لـە سـاڵی (١٢١٥)زدا، ئـەم بەڵگەنامەیـە (٧٠) حـەفتا مـاددەی لـەخۆ گرتبـوو، هەرچـەندە بەڵگەنامەکـە نەدەگەیشـتە ئاسـتی یاسـا دانـان، بـەڵام بەکۆتێك دادەنـرا لەسـەر دەسـەڵاتەکانی پاشـا لـە لایەك و لەلایەکی تریشەوە وەك سەرەتایەکی سیاسیو یاسایی هاتـە کایـەوە کە تەنها چارەسەری مافەکانی چینی پیاو ماقوڵانی نەدەکرد، بەڵکو هاوکاری بەدیهێنانو سەلماندنی مافو ئازادییەکانی تاکە کەسـی دەکـرد بەگشـتی[44] ئەمەش بە گەشەکردنێکی جۆری لە قەڵەم دەدرێت لە هزری سیاسیدا.

بـە بـڕوای بـۆدان (١٥٢٩-١٥٩٦)بوونـی دەوڵـەت پەیوەسـتە بـە بوونـی دەسەڵاتێکی خاوەن سەروەرییەوە کـە لـە کەسایەتی پادشـادا بەرجەسـتە دەبێت، هەربۆیە پادشا مافی ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشـتیو مومارەسەکردنی فەرمانڕەوایـەتیو سەپاندنی بـاجو دیـاری کردنـی دادوەرانـی هەیـە.[45] بـەم شێوەیە (بۆدان) کۆمەڵـە ئیمتیـازاتێکی ڕەهـای بـە پادشـا بەخشـی. بـەڵام لـە قۆناغەکانی دواتردا تیۆری (پەیمانی کۆمەڵایەتی) دەرکەوت کە هەریـەك لـە (تۆماس هۆبز و جۆن لۆك و جان جاك ڕۆسۆ) باسیان لێوە کردووە.

هــەروەها تیـۆری (جیاکردنــەوەی دەســەڵاتەکان) ســەری هــەڵدا، کــە (مونتسکیۆ) بەووردی باسی لێوە کردووەو تیۆرەکەش دەدرێتە پاڵ ئەو.

سەبارەت بـە تیۆری یەکـەم (پـەیمانی کۆمـەڵایـەتی)(تۆمـاس هۆبـز) کـە بـە دامەزرێنـەری ئـەم تیۆرییـە دادەنرێت، بـڕوای وایـە کـە تاکـەکان سـازش لـە هـەموو مافـەکانیان دەکـەن بـۆ ئـەو کاربەدەسـتو خـاوەن دەسـەڵاتانەی کـە هـەڵیان بـژاردووە، وە دەسـەڵاتدار مـافی هەیـە بـەبێ هیـچ کـۆتو مـەرجێك هەڵسوکەوتیان پێوە بکات... کەواتە هۆبز بە یەکێك لە لایەنگرانی دەسەڵاتی ڕەها دادەنرێت، ئەم ئاڕاستەیەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هۆبز یەکێك بووە لە سەرخەرانی ڕژێمی پادشایەتی بەریتانیو پشتگیری لە بەهێزکردنی

دەسەڵاتی پادشاکان کردووە.[٤٦] بۆیە پیێ وابووە کە بڕیارە سیاسیەکانو یاساکان لە (پەیمانی کۆمەڵایەتیدا) تەنها یەك فەرمانڕەوا دەریان دەکات.

بەڵام (جۆن لۆك) دەڵێت: تاکەکان سازشیان لە هەموو مافەکانیان نەکردووە، بەڵکو لە هەندێکیان، هەربۆیە (لۆك) بە پشتیوانی دەسەڵاتی ڕەها ناژمێردرێت، بەڵکو بە پشتیوانی دەسەڵاتی سنوردار لە قەڵەم دەدرێت.

بەڵام (جان جاك ڕۆسۆ) (١٧١٢-١٧٧٨) بڕوای وایە کە دەسەڵاتدار خۆی لایەنێکی گریێ بەندەکە نییە، بەڵکو بە وەکیلی کۆمەڵ دادەنرێت کە مومارەسەی دەسەڵات دەکات لەبری ئەندامانی کۆمەڵ، وە گەل مافی لابردنی دەسەڵاتداریان هەیە هەرکاتێك ویستیان لەسەربوو.[٤٧] ئەمەو (ڕۆسۆ) بیرۆکەی دیموکراسی ڕاستەوخۆو بیرۆکەی زۆرینە (الأغلبیة) دەخاتە ڕوو، وە پشت بەستن بە سیستمی پەرلەمانی ڕەت دەکاتەوە، چونکە نوێنەران ناتوانن نوێنەری گەل بنو سەروەریش سازشی تێدا ناکرێت.

سەبارەت بە (یاساکان)یش دەڵێت: یاساکان ڕاستو دروست نین گەر لەلایەن ئیرادەیەکی گشتییەوە دەرنەچێت کە گوزارشت لە بەرژەوەندییە گشتییەکان بکات.[٤٨]

هەروەها ڕۆسۆ شێوازی حکومەتەکانی بۆ سێبەش پۆلێن کردووە:-

١- شێوازی دیموکراسی.
٢- شێوازی ئوروستوکراسی.
٣- حوکمی پادشایەتی.

ئەوەی شایەنی باسە ئەم دیدو بۆچوونانە کاریگەرێتییان لەسەر شۆڕشی ئەمەریکی (١٧٧٦)و شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩) هەبووە بە تایبەت لەمەڕ بیرۆکەی (مافەکان)و (سەروەری)و (ئیرادەی گشتی)دا. ئەمە سەبارەت بە تیۆری (پەیمانی کۆمەڵایەتی).

تیۆری دووەم تیۆری (جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان)ە، کە دەدرێتە پاڵ (مونتسکیۆ) (١٦٨٩-١٧٥٥).

ئەو پیێ وایە کە نابێت دەسەڵاتەکان لەیەك دەستدا کۆببێتەوە، بەڵکو پێویستە دابەش بکرێت لە نێوان دەستەی یاسادانان و جێبەجێکردنو دادوەریدا. ئەم بیرۆکەیە بە سەرچاوەیەکی مەعریفیو سیاسی دادەنرێت بۆ

شیکردنەوەیەکی دامەزراوەیی بۆ دەسەلات و ناوەندەکانی دابەشکردنی دەسەلات.[٤٩]

لەمیانەی ئەم باسەداو لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریو پێشکەوتنانەدا، بڕیاری سیاسی دوای ئەوەی لە دەستی خاوەن دەسەلاتی ڕەهادا لە سایەی حوکمی ڕۆمانی (ئیمپراتۆر)یان پادشایەتی ڕەهای ئەوروپا (لە سەدەکانی ناوەڕاستدا)بوو، گوێزرایەوە بۆ ئەو لایەنە سیاسیەی کە لە ئیرادەی گشتیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندیەکانی ئەو دەستەو لایەنە دەسەلاتدارانە. دواتر گەل پابەند نابێت بە بڕیارەکانی دەوڵەتەوە گەر بڕیار بەدەستان شەرعیەتی خۆیان لەدەست بدەن. دواتریش گەل دەتوانێت لەمیانەی شۆڕش و خەبات کردنەوە ماف بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەن ماف.

هزری سیاسیو دەستوری نوێ چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دەوڵەت داناوە کە کارو بڕیارەکانی دەسەلات کۆتوبەند دەکاتو چەند ئامرازو هۆکارێکی یاسایی دەبەخشێت بە هاولاتیان تا بەرەنگاری لادانو خوارو خێچی دەسەلاتداران ببنەوە، جا سەرچاوەی ئەو لادانە هەر شتێك بێت، وە بڕیارەکان ڕاست دەکەنەوە بەپێی بنەمای (دەوڵەتی یاسا).

بەم شێوەیە دەوڵەت بە هەموو دەزگاو دەستەو تاکەکانیەوە مل کەچی یاسا دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەم مل کەچ بوونە گرێنتی تەواوی سەروەری ماف دەکات لەهەر کۆمەڵگەیەکدا.[٥٠]

پەراوێزەکانی بەشی ڕێخۆشکەر

(١) فائزة حسين، مدخل إلى علم السياسة، محاضرات ألقيت على طلبة المرحلة الأولى في قسم العلوم السياسية بكلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، اربيل، سنة ١٩٩٨ –١٩٩٩.

(٢) منصف السليمي، صناعة القرار السياسي الأمريكي، مطبعة مركز الدراسات العربي – الأوروبي، الرباط، طبعة الأولى، ١٩٩٧، ص٥٣.

(٣) د. مازن إسماعيل الرمضاني، في عملية اتخاذ القرار السياسي الخارجي، مجلة العلوم القانونية والسياسية، كلية القانون والسياسة، بغداد، المجلد الثاني، ١٩٧٩، ص١٢٤.

(٤) المنجد في اللغة والإعلام، دار الشرق، بيروت، الطبعة الثامنة والعشرون، ١٩٨٦، ص٦١٦.

(٥) القاموس الحديث للتحليل السياسي، الدار العربية للموسوعات، بيروت، الطبعة الأولى ١٩٩٩، ص١١٩.

(٦) سعد خضر خلف العبيدي، دراسة تجريبية لبعض متغيرات اتخاذ القرار، جامعة بغداد، كلية آداب، علم النفس، رسالة ماجستير، سنة ١٩٨٧، ص٦٦.

(٧) محمد الحسيني الشيرازي، فقه السياسة، دار الأيمان، مطبعة رضائي، سقم، ١٩٨٣، ص٣٤.

(٨) زايد عبيد الله مصباح، السياسة الخارجية، منشورات ELGA ، مالطا، ١٩٩٤، ص١١.

(٩) د. السيد عليوة، صنع القرار السياسي في منظمات الإدارة العامة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٧، ص١٥١.

(١٠) حسن حسين كاظم العامري، التجزئة العربية واثرها على القرار السياسي العربي، جامعة المستنصرية، معهد الدراسات القومية والاشتراكية، قسم إعداد مدرسي الثقافة القومية، رسالة ماجستير، ١٩٨٩، ص١٥.

(١١) د. مازن إسماعيل الرمضاني، السياسة الدولية بحث في منهاج اتخاذ القرار السياسي الخارجي، مجلة العلوم السياسية، العدد الأول، ١٩٧٩، ص٥٩.

(١٢) ضرغام عبدالله الدباغ، قضايا الأمن القومي والقرار السياسي، مطبعة الانتصار، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٦، ص٨٩.

(١٣) عادل السالوسي، إسرائيل والقرار السياسي في الشؤون الخارجية، مجلة السياسة الدولية، مؤسسة الأهرام، القاهرة، العدد ٥٧، يوليو ١٩٧٩، ص٩٣.

(١٤) موسوعة السياسة، الجزء الرابع، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ص٧٧١.

(١٥) د. إسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، مطبعة الكويت، الكويت الطبعة الثالثة، ١٩٨٤، ص٣٧٣.

(١٦) نجاة طه العبيدي، السياسة الخارجية الأمريكية في الخليج العربي ٧٣-١٩٨٠، الجامعة المستنصرية، المعهد القومي للدراسات القومية والاشتراكية، قسم الدراسات الدولية، رسالة ماجستير، ١٩٨٢، ص٦١.

(١٧) د. السيد عليوة، مصدر سبق ذكره، ص١و٣٨٠.

(١٨) جيمس منزيس بلاك، كيف تكون مديرا ناجحا، ترجمة: عبدالحليم ثابت، دار قباء، القاهرة، الطبعة الثانية،١٩٩٩، ص١٢٤.

(١٩) عبدالمعطي محمد عساف، مقدمة الى علم السياسة، دار مجد لاوى، عمان، الطبعة الثانية، ١٩٨٧، ص٧١-٧٢.

(٢٠) فائزة حسين، محاضرات في التاريخ السياسي القديم، القيت على طلبة المرحلة الأولى بقسم السياسة في كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، سنة ١٩٩٨-١٩٩٩.

(٢١) د. غانم محمد صالح، الفكر السياسي القديم، جامعة بغداد، دار الحرية، بغداد، ١٩٨٠، ص٦٣.

(٢٢) منصف السليمي، مصدر سبق ذكره، ص٣٣.

(٢٣) نفس المصدر، ص٣٤.

(٢٤) د. محمد نصر مهنا، علم السياسة، جامعة أسيوط، القاهرة، ص١١٢-١١٣.

(٢٥) منصف السليمي، مصدر سبق ذكره، ص٣٥.

(٢٦) نفس المصدر والصفحة.

(٢٧) د. مهدي جابر مهدي، محاضرات في الفكر السياسي الوسيط، القاها على طلبة الصف الثالث بقسم السياسة، كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، سنة ٢٠٠٠ - ٢٠٠١.

(٢٨) د. على عودة العقابي، العلاقات السياسية الدولية دراسة في الأصول والتأريخ والنظريات، دار الجماهيرية، بنغازي، الطبعة الأولى، ١٩٩٦، ص١٣٣.

(٢٩) د. مهدي جابر مهدي، الفكر السياسي الوسيط، مصدر سبق ذكره.

(٣٠) منصف السليمي، مصدر سبق ذكره، ص٣٧.

(٣١) د.كمال مظهر أحمد، ميكافيللي والميكافيلية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٤، ص٣١.

(٣٢) جورج سباين، تطور الفكر السياسي، الكتاب الثالث، ترجمة، د. راشد البراوي، تقديم: أحمد سويلم العمري، بدون اسم المطبعة، ص٤٨٣.

(٣٣) عبدالجبار عبد مصطفى، الفكر السياسي الوسيط والحديث، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، الجمهورية العراقية، المطبعة الأولى، ١٩٨٢، ص٥٤.

(٣٤) نيقولو ميكافيلى، الأمير، فاروق سعد، تراث الفكر السياسي قبل الأمير وبعده، تعريب: خيري حماد، دار الآفاق الجديدة، بيروت، الطبعة الثامنة، ١٩٧٧، ص٢٤٩.

(٣٥) الآية القرآنية، سورة آل عمران، آية (١٥٩).

(٣٦) الآية القرآنية، سورة شورى، آية (٣٨).

(٣٧) د. محمد فاروق النبهان، نظام الحكم في الإسلام، جامعة الكويت الكويت، ١٩٨٧، ص١٩٩.

(٣٨) الموسوعة العربية العالمية، ج١٦، مؤسسة اعمال الموسوعة، رياض، الطبعة الثانية، ١٩٩٩، ص٤٢٠.

(٣٩) عبدالقادر عبدالعزيز، العمدة في إعداد العدة، بدون اسم المطبعة، ص١٣٦.

(٤٠) ابن قيم الجوزية، زاد المعاد، الجزء الثالث، مؤسسة الرسالة، بيروت، الثالثة، ١٩٩٨، ص٢٦٨.

(٤١) محمد نصر مهنا، مصدر سبق ذكره، ص١٨٥-١٥٦.

(٤٢) د. محمد عمارة، معركة المصطلحات بين الغرب والإسلام، دار نهضة مصر، ١٩٩٧، ص١٢٠.

(٤٣) منصف السليمي، مصدر سبق ذكره، ص٤٣.

(٤٤) د. خالد سعيد توفيق، محاضرات في حقوق الإنسان، القاها على طلبة الصف الثاني، بقسم العلوم السياسية، كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، سنة ٢٠٠٠-٢٠٠١، ص٥٢.

(٤٥) د. مهدى جابر مهدي، محاضرات في الفكر السياسي الوسيط، مصدر سبق ذكره.

(٤٦) حميد الساعدي، مبادئ القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق، دار الحكمة، موصل، ١٩٩٠، ص٢٢.

(٤٧) نفس المصدر، ص٢٤.

(٤٨) د. مهدي جابر مهدي، محاضرات في الفكر السياسي الوسيط، مصدر سبق ذكره.

(٤٩) نفس المصدر والصفحة.

(٥٠) للمزيد راجع: د. محمد فاروق النبهان، مصدر سبق ذكره، ص٤٥.

بەشی یەکەم

کاریگەریتی فاکتەرە ناوخۆییەکان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی

ناسینی چۆنێتی داڕشتنی سیاسەتی دەرەکی هەر دەوڵەتێك پێش هەموو شتێك پێویستی بە ناساندنی ئەو گۆڕانکاریە نێوخۆیی‌و دەرەکیانە هەیە کەکار لە هەڵبژاردنی جێگرەوەکانی بەردەستی خاوەن بڕیار دەکات لەو دەوڵەتەدا.

فاکتەرەکان بە مانای بزاڤی هۆکارەکان‌و ئەوانەی دەبنە هۆکارو ڕۆڵ‌و کاریگەریتیان هەیە لەسەر هەڵوێست نواندن کە بە کارلێك کردنیان هەلومەرجەکان پێك دەهێنن، ئەم هەلومەرجانە سیفاتی ئەم فاکتەرانە وەردەگرن، بەپێی هێزو کاریگەریتی‌و بەشداری هەر فاکتەرێك لەو گۆڕانکاریانەدا، ئەمەو بەشداری کردنی هەر فاکتەرێك لەو گۆڕانکاریانەدا یان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وەڵامی ئەو واقیعە دەداتەوە کە پەیوەستە بە هەڵوێستەکانەوە، یاخود بە شێوەی ویستراو و بە مەبەستەوە دەبێت، کە لە لایەن خاوەن هەڵوێستەکانەوە دەردەچێت، یان لە لایەن خاوەن بەرژەوەندیەکانەوە دەبێت.[1]

ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ناتوانرێت تەماشای خاوەن بڕیارێك بکرێت دوور لەو هەل‌و مەرجانەی کە چواردەوریان داوە، جا ناوخۆیی بن یان نێودەوڵەتی، چونکە خاوەن بڕیار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەلومەرجە سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتیەکان‌و ویست‌و خواستەکانی گەل، لەبەر ئەوەی خاوەن بڕیار گوزارشت لە بەرژەوەندی چین وتوێژە جیاجیاکانی گەلەکەی دەکات بە شێوەیەکی گشتی لە بەرامبەر ژینگەی دەرەکیدا.[2]

لێرەوە دەتوانرێت بووترێت کە ئەم هەلومەرجانە هەندێك جار وا دەخوازن کە سیاسەتێکی دەرەکی دیاری کراو پەیڕەو بکرێت، لەم ڕوانگەیەوە ئەم بەشەمان تەرخان کردووە بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە، کە لە سێ باسی جیاوازدا دەیخەینە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١- فاکتەرە مادییەکان.
٢- فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان.
٣- ئەو فاکتەرانەی پەیوەندیان بە سەرکردەوە هەیە.

باسی یەکەم

فاکتەرە مادديەكان

یەکەم :- فاکتەرە ئابوریەکان

فاكتەری ئابوری بە گرنگترین ئەو فاكتەرانە دەژمێررێت كە كاریگەرێتی‌یان لەسەر هێزو توانای دەوڵەتو ڕەفتاری خاوەن بڕیاری سیاسی دەرەكی هەیە. وە ئەم فاكتەرە چەندین ڕەگەزی تر لەخۆ دەگرێت، وەك سروشتی سیستمی ئابوری، بڕوجۆری ماددە خامەكان، قەبارەی بەرهەم هێنانی نەتەوەیی، تێكڕای بەكارهێنانو ئاستی پێشكەوتنی. ئابوری ئەم فاكتەرە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە بەخشینی سیفەتی تایبەتمەندێتی متمانە، جێگیری‌و ئارامی بە هەموو ڕەگەزە ناوخۆیی‌یەكانی تر، پێویستی یان پشت بەستن بە كەرەستەی بیانی كەم دەكاتەوە، هەروەك چۆن مرونەت‌و ئازادی موناوەرەو هەڵبژاردنی جێگرەوەكان لە بواری ناوخۆی‌و دەرەكیدا بە خاوەن بڕیار دەبەخشێت. وە توانای وەستان لەبەردەم هەموو فشارەكان‌و بەرگەگرتنی هەلومەرجی نائاسایی زیاد دەكات، ئەمەو فاكتەری ئابوری مەرجێكی سەرەكی‌و گرنگە بۆ خاوەن بڕیار تا بتوانێت ڕووبەڕووی قەیرانە سیاسیەكان ببێتەوە بە تایبەتی ئەوانەی كە مەترسیدارن وەك گەمارۆو پچڕاندنی پەیوەندی تا دەگاتە ئەگەری پێكدادانی سەربازی.[٣]

نەبوونی بنچینەیەكی پتەوی ئابوری دەبێتە هۆی نەتوانینی دامەزراندنی دامو دەزگایەكی سەربازی پتەوو مۆدێرن بە تواناو داهاتی خۆماڵی، هەروەها ناتوانرێت پشتگیری پرۆسەی گەشە پێدان‌و بوژاندنەوە بكرێت، هەروەك چۆن ناتوانرێت پێداویستی‌یە خۆراكیەكانی دانیشتوان تێر بكرێت. بەبێ بوونی ئابوری‌یەكی بەهێز تواناكانی دەوڵەت لاوازو كەم دەبێت بۆ دابینكردنی ئاسایشی وڵات لە باری جەنگ‌و ئاشتیدا.[٤]

لێرەوە دەتوانین بڵێین باری ئابوری كاریگەرێتی‌یەكی ڕوون‌و ئاشكرای هەیە لەسەر توانای سەربازی‌و سیاسی‌و تەكنەلۆجی وڵات.

لە ڕاستیدا ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی سیستمێکی ئابوری بەهێزو خاوەنی ڕێژەیەکی زۆری کەرەستەی سروشتین، یان خاوەنی ووزەو توانای بەرهەم هێنانن، بەتواناو بەهێزترن لە پشتگیری کردنی ئامانجە ستراتیجیە دەرەکیەکانیان و باری وولات چەندین بازنەی فراوانی هەڵبژاردن و جێگرەکانی لەبەردەستدا دەبێت بۆ هەڵبژاردنی باشترین جێگرەوە بۆ ئەوەی بکرێتە بنچینەی بڕیارو دواتریش ببێتە بنەمای ڕەفتار لە سیاسەتی دەرەوەدا، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووی ووزەو کەرەستەوە لە ئاستی پێویستدا نین زیاتر مەترسیان هەیە لەوەی تووشی لاوازی ببن لە بەرامبەر هەڵوێستە دەرەکیەکاندا و بواری هەڵبژاردنی جێگرەوەکان لەبەر دەمیاندا تەسك دەبێتەوەو بە ناچاری بڕیارێك دەدەن کە لەوانەیە گونجاو نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیاندا.(٥)

لەمیانەی ئەم باسەدا بۆمان دەرکەوت کە ئەو وڵاتانەی لە بواری ئابوریدا بەهێزن دەتوانن دەرگای پاشکۆیەتی دابخەن، وە دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن لە گۆڕەپانی نێو دەوڵەتیدا، هەروەها دەتوانن توانا ئابوریەکانیان بخەنە گەڕ وەك هۆکارێك بۆ خزمەتی سیاسەتی دەرەکیان، هەندێك جار دەوڵەت سیاسەتێکی دیاری کراو دەگرێتە بەر وەك سەپاندنی سزا ئابوریەکان یان سیاسەتی فریودان یان سیاسەتی دابڕین و پچڕاندنی مامەڵەی ئابوری.(٦)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە جۆری توانای ئابوری بەردەست بە تەنها ناتوانێت ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر ببینێت گەر توانا ئابوریەکان بە شێوازێکی مۆدێرن و هاوچەرخانە نەخرێنە ڕوو و وەبەر نەهێنرێت لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکان بەوپەڕی هێزو تواناو کاریگەریتیەوە.

ئەمەو چەندین مەرج هەیە کە کاریگەریتی دروست دەکات لەسەر بڕیاری سیاسی، جا پێویستە بڕیار بەدەستان ئەو باوو مەرجانە لەبەر چاو بگرن، وەك قەبارەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی، بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی، بەدەست هێنانی دراوە گرانبەهاکان، برەو پێدانی توانای بیناسازی و ئاوەدان کردنەوە، وەك: بەندەرەکان، تۆڕی ڕێگاوبان، هێڵی

شـەمەندەفەر، بەرهەمـهێنانی ووزەی کارەبـا، تـۆڕی پەیوەندیـە سـلکیو لاسلکییەکان، هەروەها گەیشتن بە ئامادە باشیەکی ناوازەی جەماوەر.(٧)

ئەمەو دەوڵەت یان ئەو یەکە نێودەوڵەتیانەی کـەباری ئابوریـان لاوازەو پێویسـتە سـەرەکیەکانیان پڕناکاتـەوە بـە ناچـاری ڕوو دەکەنـە وولاتـە زلهێزەکـان تـا کۆمـەك و یارمـەتی مـەرجداریان پـێ بدرێـت بێگومـان ئـەم ڕەفتارەش وا دەکـات کـە بڕیـارو هەڵوێسـتەکانی لایـەنی لاواز سـەربەخۆیی لەدەست بدات.

دووەم:- فاکتەرە سەربازیەکان

بێگومان فاکتـەری سـەربازی ڕۆڵـی کاریگـەری هەیـە لەسـەر هـەڵبژاردنی جێگرەوەکان (Alternatives) و دەرکردنی بڕیارو جێبەجێ کردنیشیدا.

لێرەدا مەبەسـت لـە فاکتـەری سـەربازی ئەو ڕەگەزانـە دەگرێتـەوە کـە لـە بـەردەم خـاوەن بڕیـاری سیاسـیدایەو دەتوانێـت بـەکاریان بـهێنێت، ئـەو ڕەگەزانـەش بـەپێی جـۆری قەیرانـە سیاسـیەکانو ئاسـتی ئـاڵۆزیو چـڕ بونەوەیان بەکار دەهێنرێت لە بەرامبەر شکستی چارەسەری سیاسیو هەوڵە دیبلوماسـیەکان و دوور خسـتنەوەی توانـای سیاسـیو دیبلوماسـی بـۆ چارەسەری کێشەکان.

لەم ڕوانگەیەوە دەگەینە ئەوەی کە جەنگ تاکە ئەگەرو بژاردە نیە، بەڵکو دەکرێت جەنگ بخرێتە نێو هەڵبژاردەکانی ترەوە، وەك نمایش کردنی هێزی سەربازی، مانۆڕی سەربازی، هەڕەشەکردنی بەکارهێنانی هێزی سەربازی.

بەکارهێنانی هێزی چەکداری بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکە - کە جەنگی سەرتاسەری نەگرێتەخۆ - بەڵکو بۆ سـەلماندنی ڕاستیەتی هەڕەشـەکانە، بۆ ڕاگـەیاندنی سـووربوون لەسـەر وازنـەهێنان لـە ئامانجـە سیاسـیەکان، وەك داگـیرکردنی خـاڵێکی سـنوریی سـتراتیژی، هـەروەها چوونـە نێـو جـەنگی سنوردار یان جەنگی سەرتاسەریو گشتگیرەوە.(٨)

لەمـەوە بۆمـان دەردەکـەوێت کە بـەکارهێنانی هـێزی سـەربازیلە هـەموو کاتێکدا پێویست نیە، بەڵام دەوڵەتان پشت بە توانا سەربازیەکانیان دەبەستن وەك هۆکـارێکی مـاددی کاریگـەر لـە دەرکردنـی بڕیـاری سیاسـیدا لـە کـاتی ئاشتیو جەنگدا، لە کاتی ئاشتیدا هێزی سەربازی کاریگەرێتییەکەی لەسەر ڕەفتـاری بڕیار بەدەست دەردەکـەوێت وەك فاکتـەرێك بـەکاری دەهێنێـت بـۆ

تۆقاندن‌و ترساندن‌و هەڕەشەی بەکار هێنانی بە مەبەستی فشار خستنە سەر ڕەفتاری سیاسی دەرەکی دەوڵەتانی تر، بە شێوەیەك کە ڕۆڵی ئیرادەیەکی ناڕاستەخۆ ببینێت لە پێناو سەرکەوتنی بڕیارەکەدا، لێرەدا کاریگەرێتی فاکتەری سەربازیمان بۆ دەردەکەوێت کە دەتوانێت ڕۆڵی هۆکارو مەبەست ببینێت لە هەمان کاتدا، لە کاتێکدا فاکتەری سەربازی ئامرازێکی کاریگەری‌و ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە هەڵبژاردنی جۆرێك لە جۆرەکانی ڕەفتار نواندن‌و جێبەجێ کردنی بڕیارەکان لە کاتی جەنگ یان ئاشتیدا.

لە هەمان کاتدا فاکتەری سەربازی ئامانج‌و مەبەستە، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە کاتێك تەماشای توانا سەربازی‌یەکانی دەوڵەت دەکرێت وەك دیاردەو ڕوکەشی بنچینەیی هێزو توانای دەوڵەت‌و ئەو بنچینەیەی کە بڕیار بەدەست لە بڕیاردان دا پشتی پێدەبەستێت.[٩]

ئەمە لەکاتی ئاشتیدا، بەڵام لە حاڵەتی جەنگدا بەکار هێنانی هێزی سەربازی وەك گرنگترین ئامرازی ڕاستەوخۆی جێبەجێ کردنی بڕیارەکان دادەنرێت.

ڕۆڵی دام و دەزگای سەربازی* لە ڕژێمێکەوە بۆ ڕژێمێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە سیستەمی سەربازی ئەو ڕژێمانەی کە دام‌و دەزگا سەربازیەکان سەرچاوەی دەسەڵاتن تێیداو دەسەڵاتی خۆیان بەسەر سیستەمی دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایەتیدا دەسەپێنن. لەگەڵ ئەوەشدا دام و دەزگا سەربازیەکان بە تەنها بەم کارە هەڵناسن، بەڵکو سود وەردەگرن لە مەدەنیەکان‌و هاوبەشیان دەکەن لەم کارەدا، لە هەندێ کاتدا لەمیانەی مەدەنیەکانەوە حوکم دەکەن.[١٠]

لەم بوارەدا دەکرێت ئاماژە بە ڕۆڵی دام‌و دەزگا سەربازیەکان بدەین لە (ئیسرائیل)دا، دەزگای سەربازی تێیدا ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاو دەبینێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی‌و سەربازیدا، بە تایبەت ئەو بڕیارانەی پەیوەندیان بە جەنگەوە هەیە بۆ نموونە جەنگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ ڕەنگدانەوەی هزری دام‌و دەزگا سەربازی‌یەکان‌و ئاستی هەژموونی

---

* مەبەست لە دامەزراوەی سەربازی لێرەدا هەریەك لە سوپاو پۆلیس‌و هێزە نیمچە سەربازیەکان‌و دەزگاکانی ئاسایش دەگرێتەوە، واتە هەر دام‌و دەزگایەك کە هۆکاری هێزو ترس و تۆقاندنی لەبەر دەستدا بێت.

ئـەم دامو دەزگايانــە بـە ڕوونــی دەردەخــات لەســەر دەســەڵاتی سیاســی ئیسرائیلدا.

ئەمەو دەزگـای سـەربازی بە شێوەیەکی کاریگـەرو بەرچاو بەشداری لـە هـەموو قۆناغـەکانی دروسـتکردنی بڕیـاری (ئیسـرائیل)دا دەکـات، هـەر لـە ئامادەکردنی پـڕۆژەی بڕیارەوە تـا جێبـەجێ کردنـی.[11] و هەڵسـەنگاندنی دەرەنجـامی بڕیارەکــەش. ئەمــەش لـــە لایـــەن زانـــای بـــواری سیاســـی (ئیسرائیل)ی، پسپۆڕ لە پەیوەندیـە مەدەنیـە سـەربازیەکاندا (یـورام پێری Yoram peri) جەختی لەسەر کراوەتـەوە. هـەروەها داڤیـد کـەمحی (David Kimchi) بەڕێوەبـەری گشـتی وەزارەتــی دەرەوەی (ئیسـرائیل) لـە سـالآنی (١٩٨٠ –١٩٨٦) کە پێشتریش بۆ ماوەی (٢٧) سـاڵ لە وەزارەتـی بـەرگری ئیسـرائیلیدا کـاری کـردووە دەڵێـت: ((لـە کـاتی دروسـتبوونی دەوڵـەتی (ئیسرائیل)ەوە تا ئەمڕۆ دامو دەزگای سەربازی (ئیسرائیل)ی بە شێوەیەکی فـراوان دەسـتی وەرداوەتـە نێـو دروسـتکردنی بڕیارەکـانی دەوڵەتـەوە، وە دەڵێت: دامو دەزگای سەربازی ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە کاتێکدا وەزارەتی دەرەوە ڕۆڵی بەرچاوی نیە لە دروستکردنی بڕیارەکاندا)) نموونـەش لەسـەر ئـەم بـیرو بۆچوونـە ئەوەیـە کـە وەزارەتـی دەرەوەی (ئیسـرائیل) ئاگـادار نەکراوەتەوە لە هێرشی ئیسرائیلی بۆ سەر بنکەی ئەتۆمی عێراقی لە ساڵی ١٩٨١، هـەروەها وەزارەتـی دەرەوە ڕۆڵـی نـەبووە لـە نەخشـەو پلانڕێـژی داگیرکردنی لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢.[12]

دەبێـت ئـەو ڕاسـتیە بزانـین کـە سـەرکردایەتی سیاسـی لـە دەوڵـەتی (ئیسـرائیل) پشـت بـە سـوپاو دەزگـای هـەواڵگری سـەربازی دەبەسـتێت بـە مەبەسـتی کۆکردنــەوەی زانیــاریو هەڵســەنگاندنو پێشــنیارەکان، ئەمــەش کاردەکاتە سەر جۆرو چۆنێتی تێگەیشتنی خاوەن بڕیار بۆ ژینگەی دەورو بەری.

هــەروەها دەزگــای ســەربازی (ئیســرائیل)ی لــە ڕابــردوو و ئێستاشــدا سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پێگەیاندنی نوخبەی سیاسی دەسـەڵاتدار، ئەمـەو فــەرماندە سیاسـیەکان دەتوانــن کاریگــەرێتی‌یان هــەبێت بــۆ گرتنەبــەری سیاسەتێکی دیاری کراو لەمیانـەی کاریگـەرێتی‌یان لەسـەر ڕای گشـتی لـە ڕێگای لێدوانیانەوە بۆ کەناڵـەکانی ڕاگـەیاندن. لێرەدا ئەوە دەهێنینـەوە یاد

که دام‌و ده‌زگای سه‌ربازی له‌ تورکیا هه‌ر له‌ کوده‌تای مایسی (١٩٦٠)ه‌وه‌ تا ئێستا ڕۆڵی سه‌ره‌کی ده‌بینێت له‌ ژیانی سیاسی تورکیادا، له‌میانه‌ی ئه‌و پێگانه‌وه‌ که‌ له‌ دام‌و ده‌زگا سیاسیه‌کانی وڵاته‌که‌یاندا به‌ده‌ستیان هێنانه‌وه‌، که‌ خۆی له‌ پله‌ی سه‌ره‌ك کۆماردا ده‌بینێته‌وه‌ که‌ به‌پێی نه‌ریتی تورکیا له‌ لایه‌ن سه‌رکرده‌ سه‌ربازی‌یه‌کانه‌وه‌ هه‌ڵده‌بژێرێت. هه‌روه‌ها ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی سه‌رۆکی ئه‌رکانی گشتی‌و سه‌رکرده‌ی هێزه‌ چه‌کداره‌کانیش تێیدا سه‌ر به‌ ده‌زگای سه‌ربازین[١٣] له‌ تورکیادا. هه‌روه‌ها له‌ تورکیادا (که‌ مل که‌چی هه‌ژموونی سه‌ربازیه‌کانه‌) له‌ بواری کرداری‌یه‌وه‌ بڕیاری گه‌ردنگیر (ملزم) بۆ حکومه‌ت ده‌رده‌کات، ئه‌گه‌ر حکومه‌تیش نه‌یاری یان دوو دڵی پیشان بدات له‌ جێبه‌جێ کردنیدا ئه‌وا ڕووبه‌ڕووی زه‌نگی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ ده‌بێت، هه‌روه‌ك چۆن حکومه‌ته‌که‌ی (نه‌جمه‌ددین ئه‌ربه‌کان) یان دورخسته‌وه‌ له‌ ده‌سه‌ڵات به‌هۆی مله‌ جیڕیێ کردنیه‌وه‌ له‌ جێبه‌جێ کردنی بڕیارو داواکاریه‌کانی ئه‌نجومه‌ندا له‌مه‌ڕ پاراستنی عه‌لمانیه‌ت‌و له‌ناوبردنی ئوسوڵیه‌کان.

ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی تورکی، وه‌ك یه‌کێك له‌ که‌ناڵه‌کانی کاریگه‌رێتی دام‌و ده‌زگای سه‌ربازی له‌ پرۆسه‌ی بڕیارداندا، به‌ر پرسه‌ له‌و سیاسه‌ته‌ توندو تیژه‌ی که‌ حکومه‌ته‌ تورکیه‌ یه‌ك له‌ دوای یه‌که‌کانی تورکیا گرتویانه‌ته‌ به‌ر به‌رامبه‌ر به‌ کێشه‌ی کورد که‌ به‌ سیاسه‌تی هۆڵۆکۆست ناسراوه‌، به‌ مانای ڕوخاندنی ژماره‌یه‌کی زۆری گونده‌کانی باشوری ڕۆژهه‌ڵاتی تورکیا که‌ زۆربه‌یان کورد نشین بوون (که‌ به‌ ١٣-١٥ ملیۆن که‌س مه‌زه‌نده‌ ده‌کرێت).[١٤]

به‌م شێوه‌یه‌ بینیمان که‌ عه‌سکه‌رتاره‌کانی تورکیا خاوه‌ن هێزێکی کاریگه‌رن له‌ پرۆسه‌ی دروستکردنی بڕیارو سیاسه‌تی ده‌ره‌کیدا. ئه‌وه‌ی شایه‌نی وه‌بیر هێنانه‌وه‌یه‌ فاکته‌ری سه‌ربازی هه‌موو ئه‌و ڕه‌گه‌زانه‌ ده‌گرێته‌ خۆ که‌ په‌یوه‌ندیان به‌ باری سه‌ربازی‌یه‌وه‌ هه‌یه‌، گرنگترین ئه‌و ڕه‌گه‌زانه‌: هێزه‌ چه‌کداره‌کانه‌، ئه‌مه‌ش توانای جه‌نگین ده‌گرێته‌وه‌ له‌ ڕووی توانای مرۆیی یان ئاماده‌ باشی‌و چه‌ك‌و ته‌قه‌مه‌نیه‌وه‌، هه‌روه‌ها پێشکه‌وتنی بواری به‌ره‌و پێشچوونی ته‌کنه‌لۆجی ده‌وڵه‌ت‌و ئاستی تواناکانی له‌ به‌رهه‌م هێنان‌و پڕچه‌ك کردنی هێزه‌ یه‌ده‌گیه‌کان‌و ئاستی تواناکان بۆ ئاماده‌ باشی‌هێزه‌کان

به شێوەیەكی خێرای ڕەچاو كراو لە كاتی جەنگ‌و حاڵەتی قەیران‌و تەنگژەی لـە ناكاودا. هـەروەها ڕەهـەندی چۆنێتـی هـێزە چەكداریـەكان، ئەمـەو ئاسـتی بەهرەو لێوەشاوەیی سەركردە بەر پرسەكان لـە پرۆسـەی نەخشـە كێشـانی ستراتیجی دەگرێتەوە.[15]

هەموو ئەم ڕەگەزانە پێكەوە هـێزی دەوڵەت پێك دەهێنن، ئـەم هێزانـەش لەمیانـەی ڕۆڵ‌و كاریگـەرێتی‌یان فاكتـەرێكی هـاندەرو پاڵپشـتن بـۆ بڕیـار بـە دەستان بۆ دەست نیشانكردنی ئامانجەكان‌و هـەوڵدان بۆ جێبەجێكردنیان، ئەمـەش سـەر دەكێشـێت بـۆ سـەربەخۆیی سیاسـەتی دەرەكـی. بـەڵام ئـەو وڵاتانـەی لاوازن‌و توانـای سـەربازی پێویستیان نیـە، زۆركـات ناچـار دەبـن سیاسەتی شل ڕەوی مل كەچی بگرنە بەر، وە داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەكی لـەو وڵاتانـەدا بـە شـێوەیەكی سـەرەكی بـەدەم داواو مەرجـەكانی ژینگـەی دەرەكیەوە دەچن، واتە مەرج نیە بە شێوەی خوازراوی خۆیان‌و بە ئاڕاستەی ویسـتی سـەربەخۆیی خۆیـان مامەڵـەو هەڵسوكەوت بكـەن، بـەڵكو زۆرجـار دەكەونە ژێر كارتێكردن‌و سەپاندنی ویستی بەرامبەرەوە.

لە ڕۆشنایی ئەم باسەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی كە توانای سەربازی ڕۆڵی گرنگ‌و كاریگەری هەیە لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیاری سیاسی دەرەكیدا، ئەمەش هاوشان لەگەڵ پەیوەست بوونی كەرەستە سروشتی‌یەكان و توانـای ئابوری‌و تەكنـەلۆجی‌و پیشـەسازی وڵات‌و بوونـی ورەو مەعنـەویاتی ڕۆحـی لای هێزە چەكدارەكان...

سێهەم:- فاكتەرە جوگرافیەكان

فاكتـەرە جوگرافیـەكان كاریگـەرێتی ڕوون‌و ئاشـكرایان هەیـە لەسـەر پرۆسـەی دروستكردنی سیاسـەتی دەرەكـی وڵات، ئەمـەش لەمیانـەی ئـەو پەیوەندی‌یەی كە خاوەن بڕیار بە ژینگەی جوگرافیەوە دەبەستێتەوە.

لە ڕابردوودا ئەم فاكتەرە بە فاكتەرێكی بنچینەیی لە قەڵەم دەدرا، بەوەی ئەم فاكتـەرە ڕەفتاری خـاوەن بڕیـاری سیاسـی دەسـت نیشـان دەكـات‌و لـە ڕیزبـەندیدا یەكەمایـەتی پـێ دەبەخشـرا، بـەڵام ئـەو پێشـكەوتنە زانسـتی‌و تەكنیكیانـەی كـە لـە بـوارە جیاجیاكـانی ژیـاندا ڕوویـدا، بـووە مایـەی كەمكردنەوەی گرنگی‌و بایەخی ئەم فاكتەرە.[16]

جیهانی هاوچەرخ پێشکەوتن و گەشەکردنێکی بێ سنوری لە زۆربەی بوارەکانی تەکنەلۆجی و پەیوەندی کردن و هاتوچۆو پیشەسازی و تەکنەلۆجیای سەربازی بەخۆوە بینیوە، بەلام لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنانەدا دەبێت دان بە ڕۆڵی فاکتەری جوگرافیدا بنێین لە پرۆسەی بڕیارداندا، هەر بۆیە جوگرافی ناسی بەناوبانگی ئەمریکی (سپایکمان) جەختی لەسەر ئەم فاکتەرە کردۆتەوەو ووتوویەتی: ((جوگرافیا فاکتەرێکی بنچینەیی یە بۆ سیاسەتی دەرەکی وولات، لەبەر ئەوەی ڕەگەزو هۆکارەکانی زیاتر بەردەوامن بە درێژایی ڕۆژگار، هەر بۆیە پێویستە پێگەی هەر وولاتێک بە وولاتانی ترەوە لە ڕووی جوگرافیەوە دیراسە بکەین تا لەمیانەیەوە بتوانین سیاسەتی دەرەکی ئەو وولاتە بناسینەوە))[17] ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە خاوەن بڕیارپێویستە لە کاتی بڕیارداندا پێگەی وولاتەکەی لە ڕووی جوگرافیەوە لەبەرچاو بگرێت.

گرنگی پێگەی جوگراف بەنیسبەت دەوڵەتانەوە لە چەند لایەنێکدا دەردەکەوێت کە پەیوەندی دوور یان نزیکیان بە سیاسەتی دەرەکی. ئابوری و سیاسی و سەربازی یەوە هەیە. ئەم گرنگیەش لەوەدا دەردەکەوێت کە پێگەی جوگرافی بایەخی خۆی هەیە لە ووشکانی و دەریاو ئاسماندا. هەرێمی ووشکانی قوڵایی یەکی بەرگری کردنی هەیە کە هاوکاری دەوڵەت دەکات کە هێزە سەربازیەکانی لە بواری بەرگری ووشکانیدا دامەزرێنێت و تۆکمەی بکات، ئەمەو هەرێمی شاخاویش یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی دانانی نەخشەی هێرش بردن لە سیاسەتی سەربازی – دەرەکیدا، بەلام هەرێمی شاخاوی لە بواری هێرش کردندا گونجاو و لەبارە هەروەک چۆن ناوچەی تەختانی لە بواری بەرگری کردنا بەکاردەهێنرێت.

ئەو وولاتەی کە بەسەر دەریادا دەڕوانێت بە ولاتێکی دەریایی دەناسرێتەوە خاوەنی کەشتی گەلێکی بازرگانی دەبێت کە لەکاتی ئاشتی و خاوەنی کەشتی گەلی سەربازی دەبێت لە کاتی جەنگدا (وەک بەریتانیا)، بە پێچەوانەوە ئەو وولاتانەی کە سنوری ئاوییان نیە بایەخ بە بەهێزکردن و تۆکمەکردنی هێزی سەربازی ووشکانی دەدەن.[18]

دەتوانرێت بوترێت هەموو پایە ڕەگەزە سروشتیەکانی هێزی دەوڵەت کاریگەرێتی بەردەوامی ڕێژەییان هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوە، ئەم پایەو

ڕەگەزانەش خۆیان لە پێگە، ڕووبەر، شێوە، ئاووهەوا، بەرزونزمی، سامانی سروشتیو... هتد دەبینینەوە.

ئەو وڵاتانەی کە پێگەکەیان بە وێستگە یان ڕێڕەوێك دادەنرێت لە جوڵانی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا، یان کەوتوەتە سەر چەند دەریایەك، بایەخێکی گەورەو ستراتیجیان هەیە بۆ پشتگیری کردنو بەهێز کردنی سیاسەتی دەرەکی ئەو وڵاتانە.

هەروەها فراوانی ڕوبەری وڵات زۆر کات ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو وڵاتانە خاوەنی توانای زۆرو هەمە جۆرن لە ڕووی کەرەستەی خاو و بایەخی ستراتیجی سەربازییەوە. بۆیە دەبینین ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی ڕووبەرێکی فراوانی جوگرافین دەتوانن هێزێکی کاریگەر بن لە سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا، لە کاتێکدا توانای ئەوەیان هەبێت ئەو ڕووبەرە فراوانەو کەرەستە ئابوریانەو هەمەچەشنی خاكو بەرزو نزمیەکەی بە شێوەیەکی وا بەکاربهێنێت کە ئامانجەکانی بهێنێتە دی (وەك ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا).[19]

لەم ڕوانگەیەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پێگەی جوگراف یان فراوانی ڕووبەروو کەشو ئاوو هەوای باش یان بوونی کەرەستەی سروشتی بێ سوودە گەر کرداری وەبەرهێنانو دەرهێنانو سوود لێوەرگرتن بە شێوەیەکی مۆدێرن بەکار نەهێنرێتو حکومەت یان ڕژێم ئەم فاکتەرانە نەخاتە خزمەتی وڵاتو کۆمەڵو بەهێزکردنی پلەپایەو پێگەی لە ژینگەی نێو دەوڵەتیدا. بۆ نموونە: ڕووبەری فراوانی وڵاتی سعودیە کە بە (٢٢٥٠٠٧٠) کیلۆمەتر چوارگۆشە دەژمێررێت، ئەم ڕووبەرە فراوانە چەندە هێزو تواناو داهات دەستە بەر دەکات لە هەمان کاتدا بووەتە خاڵی لاواز لە بواری کۆنترۆڵ کردنی ئاسایشی سنورە وشکانی و ئاویو ئاسمانییەکانی، لەبەر ئەوەی ڕووبەری خاکەکەی بە زۆریی بیابانەو بەربەستی سروشتی تێدا نیە بۆ بەرگری کردن جگە لە سروشتی وشکی بیابان، هەر ئەمەشە وای کردووە کە زۆر هەستیار بن سەبارەت بە کێشەی بەرگریو ئاسایشی وڵات، بە تایبەت بەهۆی نزیکی سنوری باکور یان لە ڕژێمی جولەکەوە، فراوانی ڕووبەری جوگرافی وای لە ڕژێمی سعودیە کردوە چەندین ڕێکەوتننامەی سنوری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا ئیمزا بکات. هەروەها نەخشەکێشان بۆ پشت

بەستن بەهێزی دەریایی‌و ئاسمانی بەهێزو توندو تۆڵ دەتوانێت ئەو بۆشایی‌یەی بۆ پڕ بکاتەوە تا زاڵ بێت بەسەر کێشەی ڕووبەرە فراوان‌و درێژەکەی‌دا.[٢٠]

ئەمەش کاریگەریی فاکتەری جوگرافیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەندێ جار وڵات بە ناچاری سیاسەتێکی دەرەکی دیاریکراو دەگرێتەبەر. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەتوانین بڵێین فاکتەری جوگرافی لە ڕابردوودا بە یەکێك لە فاکتەرە بەردەوام‌و کاریگەرەکانی سیاسەتی دەرەکی دەژمێردرا، بەڵام ئەمڕۆ ئەو کاریگەرێتی‌یەی کەم بۆتەوە بەهۆی ئەو پێشکەوتنە بێ ئەندازەیەی کە جیهانی بەخۆیەوە بینیویەتی لە بواری تەکنەلۆجیاو پەیوەندی کردن‌و چەکسازی‌و بوارەکانی تردا.

چوارەم:- فاکتەری دانیشتوان

سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە کاریگەرێتی فاکتەری دانیشتوان لەسەر هەڵوێست‌و ڕەفتاری خاوەن بڕیار تەنها لە بواری چەندایەتیەوە لێك نادرێتەوە، بەڵکو لە بواری چەندایەتی‌و چۆنایەتی پێکەوە لێك دەدرێتەوە.

فاکتەری دانیشتوان بە فاکتەرێکی ماددی وبابەتی دێتە ژماردن کە کاریگەرێتی لەسەر دروستکردنی بڕیار هەیە.

بێگومان کاریگەرێتی‌و کاری فاکتەری دانیشتوان لە بڕو جۆرەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ڕووی چەندایەتی‌یەوە (بڕەکەی) کاریگەرێتی سەرەکی دەردەکەوێت لەمیانەی پەیوەندی ئەم فاکتەرەوە بە جۆری توانای ئابوری‌و سەربازی هەر دەوڵەتێك لە لایەك‌و توانای بەکارهێنانی وەك هۆکارێك بۆ ڕەوایەتی دانە پاڵ چەند ڕەفتارێکی دیاری کراو لە لایەکی ترەوە. بەڵام لە ڕووی چۆنایەتیەوە (جۆرەکەی) زیادبوونی ڕێژەی خوێندەوارو زاناو پسپۆڕان لە لایەك‌و زیاد بوونی تێکڕای تەمەن مام ناوەندەکان لە لایەکی ترەوەو بەرز بوونەوەی بەرهەم هێنانی تاکە کەس لە لایەکی ترەوە وا دەکات کە ژینگەی سیاسی خاوەن بڕیار زۆر لەبارو گونجاو بێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەکی.[٢١]

سیفەتە نەتەوەیی‌و نیشتمانیەکانی دانیشتوان کاریگەرێتیان هەیە لەسەر سیاسەتی حکومەت، بۆ نموونە: هەندێك لە گەلان بە ووشك‌و داخراو دەناسرێنەوەو هەندێکیان بە داهێنان و دەست پێشخەرو هەندێکی تریشیان

به گوێڕایەڵو نەرمونیان وەسف دەکرێن، ئەم سیفەتانە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرێتیان لەسەر سیاسەتی ناوخۆییو دەرەکی حکومەت هەیە.[٢٢]

هەروەها کاریگەرێتی دانیشتوان لە ڕووی چەندایەتیو چۆنایەتیەوە ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەسەر هێزی دەوڵەت لە بواری سەربازیدا، بە شێوەی ئیجابی یان سەلبی، هەر بۆیە بڕیار بەدەستان فاکتەری دانیشتوان بە هەند وەردەگرن لە کاتی بڕیار داندا.

دەتوانرێت بووترێت مرۆڤیش هەندێك جار وەك کەرەستەیەکی خاو دێتە هەژماردنو دەکرێت ڕێژەکەی بەکار بهێنرێت بە مەبەستی چاك کردنی چۆنیەتیو جۆرەکەی، ئەمەش بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەوارییو هۆشیاری مەشقو ڕاهێنانو ئامادەو ساز کردنی پسپۆڕو کرێکاران لە بواری پیشەسازییو کشتوکاڵیو خوێندنو فێرکردنو خزمەتگوزارییو... هتد دا، تا کاریگەرێتیو کارلێك کردنەکان پتەوو بەهێزبنو مەشقو ڕاهێنانو ئامادە باشیەکان هاوشانی ئەو پێشکەوتنو زیادبونە بەرچاوە بن کە جیهانی هاوچەرخ بەخۆیەوە بینیویەتی، ئەمەو ژمارەی دانیشتوانی جیهان بەپێی سەرژمێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (٢٠٠٠)دا گەیشتووەتە شەش ملیار کەس، کە تا ئێستاش لە زیادبووندایە، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ زیاد بون و گران بوونی ئەرکی حکومەتو کاربەدەستان بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو تەقینەوەیەی دانیشتوان کە جیهان بەخۆیەوە دەیبینێت، ئەم زیاد بوونەش کار دەکاتە سەر سیستمی سیاسیو ڕەوتی سیاسەتی دەرەکی هەندێك وڵات دیارییو سنوردار دەکات.

فاکتەری دانیشتوان کاتێك بە ئیجابی لە قەڵەم دەدرێت کە لە ڕووی چەندێتیو چۆنێتییەوە هاوتاو گونجاو بێت لەگەڵ توانا ئابوورییو خۆیەکیەکانی وڵات، ئەگەر وانەبێت ئەوا پێچەوانەکەی ڕوو دەداتو بەزیانی هاووڵاتیان لە لایەكو حکومەتیش لە لایەکی دی دەشکێتەوە. ئەمەو فشاری دانیشتوان لەو وڵاتانەدا دێتە دی کە سامانی ئابوورییان بە شێوەیەکی چاك بەکارنەهێنرێت، یان کەسانی پسپۆڕو شارەزایان کەمو دەگمەنە بۆ وەبەرهێنانی سامانی نەتەوەییان، ئەمەش یان بەهۆی لاوازی توانای بڕیار بەدەستانەوەیە یاخود بەهۆی نەبوونی ئەو سامانە ئابوریەیە کە هێزی مرۆیی تێیدا بەکار دەهێنرێت، ئەمەش دەبێتە مایەی کۆچکردنی

دانیشتوان بەرەو وولاتانی تر یان دەبێتە مایەی هەڵگیرسانی جەنگی فراوانخوازی بۆ دەستگرتن بەسەر خاکی وولاتانی تردا بۆ ئەوەی بتوانن سود لە سامانی ئەو وولاتانە وەربگرن و توانا مرۆییە زیادەکەی خۆیان بخەنە گەڕ تێیدا.[٢٣]

ئەو وولاتانەی کە بەهۆی کێشەی کەمی ژمارەی دانیشتوانەوە دەناڵێنن یان کێشەی نەبوونی کادیرو کەسانی پسپۆڕو ڕاهێنراویان هەیە، ناتوانن سەرچاوە ئابورییەکانیان بە شێوەیەکی چاك بەکار بهێنن، ئەمە جگە لەوەی کە ناتوانن ڕووبەڕووی پێشهات و هەلومەرج و هەڕەشە دەرەکییەکان ببنەوە، سەرەنجام ئەم دەوڵەتانە ناچار دەبن کە پەیوەست بن بە چەندین ڕێکەوتن نامەو هاوپەیمانێتی ئەو تۆوە کە بڕیاری سیاسی دەرەکیان بخاتە ژێر فشارو مەرجی هێزو لایەنە دەرەکییەکانەوە. نموونەش لەم بوارەدا زۆرە، ئەوەتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەسەلات و توانای ئابوری و سیاسی و سەربازی خۆی بەسەر زۆرێك لە وولاتە دواکەوتووەکاندا سەپاندووە، دیارترینشیان وولاتانی کەنداون، ئەم سیاسەتە پاوانخوازیە وای کردووە ئەو دەوڵەتانە بکاتە پاشکۆی خۆی لە زۆربەی بوارەکاندا. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم باسەدا بۆمان دەرکەوت کە فاکتەری دانیشتوان بەجۆرێك لە جۆرەکان کار لە هەڵوێست و ڕەفتاری بڕیار بە دەستان دەکات لە هەموو دەوڵەتێکدا، بە تایبەت لەم قۆناغەدا بەهۆی پێشکەوتنی زۆری بواری تەکنەلۆجیاو زانست و پەیوەندی کردن و هۆشیاری و ئایدولوجیاو بیروباوەڕەوە...

لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە یەکێك لە کەرەستە خاوەکان دەژمێردرێت بۆ دەوڵەت، پێویستە لەسەری هەوڵ بدات بە چاکترین شێوە سوود لە ووزەو تواناو بەهرەکانی وەربگرێت و بیکاتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیە دەرەکییەکانی، بۆ ئەوەی دواتر ببێتە یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی هێزو توانای دەوڵەت.

باسی دووەم

فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان

لەمیانەی ئەم باسەدا بە شێوەیەکی بابەتیانە لە دیارترین ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتیانە دەکۆڵینەوە کە کارگەرێتی ڕوون و ئاشکرا لەسەر بڕیاری سیاسی دەرەکی بەجێ دەهێڵن، هەوڵ دەدەین باس لە هەریەك لەمانەی خوارەوە بکەین:-

- ڕای گشتی.
- هۆکارەکانی پەیوەندی کردن.
- حیزبە سیاسیەکان.
- گروپەکانی فشار.
- جۆری سیستمی سیاسی.
- زانکۆو ناوەندەکان لێکۆڵینەوە.

یەکەم:- ڕای گشتی Public Opinion

ڕای گشتی یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەرێتیان هەیە لەسەر سیستمی سیاسیو دەسەلات، بە تایبەت لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا.

ڕای گشتی بە واتای ڕاوبۆچوونی تاکەکان لەمەڕ کێشە گشتیو دیاری کراوەکاندا لە بواری سیاسەتدا، لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە، ڕای گشتی پەیوەستە بە کێشە گشتیەکانەوە، واتە جێگای گرنگی پێدانی ئەندامانی کۆمەڵە بەگشتی، بەڵام ئەم کێشانە سروشتێکی دیاریکراویان هەیە.[٢٤] (هادي العلوي) بەم شێوەیە پێناسەی (ڕای گشتی) دەکات: ((کۆی ڕاوبۆچوون و هەڵسەنگاندنی گشت چین و توێژەکانی دانیشتوانە لەمەڕ مەسەلە گشتیەکاندا)). ڕای گشتی لە (نهج البلاغة)دا بە واتای (زاری خەڵکی) -- السنة الخلق -- هاتووە.[٢٥] بەو مانایەی ڕای گشتی ئاماژەیە بۆ هەڵوێستی جەماوەری خەڵکی سەبارەت بە کێشەیەکی دیاریکراو، هەر بۆیە داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی هەوڵ دەدەن ڕای گشتیو ناوەڕۆك و

ئاراستەکانی ڕوون و ئاشکرا بێت لایان. ڕای گشتی لەو کاتانەدا سەرهەڵدەدات کە خەڵکانێك هەوڵی زانینی دەدەن، زۆربەی حکومەتەکانیش پێیان وایە کە کۆکردنەوەی پشتگیری کارێکی پێویستە بۆ سیاسەتی دەرەکیان.

هاوڵاتی ئاسایی بایەخێکی کەم دەدات بە کاروباری سیاسەتی دەرەکی، بۆیە یاریکردن بەڕای گشتی لە کاروباری دەرەکیدا کارێکی ئاسانترە وەك لە کاروباری ناوخۆیی.[٢٦] بە تایبەت لە وڵاتە دکتاتۆری و تۆتالیتاریەکاندا کە دەوڵەت هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی بۆ خۆی قۆرخ کردووە، ئەم هۆکارانەش سەرچاوەی سەرەکی زانیاری زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵن، بەڵام لەو وڵاتانەی کە ڕۆژنامەی ئازادو کەناڵی سەربەخۆی تێدایە، حکومەت بە هەمان شێوە پێویستی بە زانین و ئاراستە کردنی ڕای گشتی هەیە، بەڵام هەوڵ و کۆششێکی زۆر بە خەرج دەدرێت بۆ بەدیهێنانی پشتگیری جەماوەری. لەبەر ئەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕاو بۆچوونی دژو نەیارو جۆراو جۆر بڵاو دەکەنەوە.

ڕای گشتی بە یەکێك لە ڕەگەزەکانی سیاسەتی دەرەکی دادەنرێت، ئەمەو ڕەوایەتی دەسەڵات و پاساوی مانەوەی بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، زیاد لە هەر کاتێکی تر پێویستی بە پشتگیری ڕای گشتی هەیە، ئەمەو هەرچەندە لە وڵاتانی جیهانی سێهەم ڕای گشتی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە دروست دەکرێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەت کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بەدەستەو دەتوانێت لەمیانەیانەوە ڕای گشتی بهێنێتە دی، یان کاربکرێت بەڕای گشتی پێشووی گۆڕەپانی سیاسی و سوود لێوەرگرتنی، بەمەبەستی ڕازیکردنی خەڵکی بە بەڵگەو دیدو بۆچوونەکانی خاوەن بڕیار.[٢٧]

ڕای گشتی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرالەو مەسەلەو هەڵوێستانەدا دەردەکەوێت کە پەیوەندیان بە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانەوە هەیە، کە وا دەخوازن بڕیارێکی سیاسی دەرەکی توند دەر بکرێت، بە شێوەیەك هەلومەرج بڕەخسێنێت بۆ خاوەن بڕیار تا ئەو هێزانەی پاڵپشتی بڕیارەکە دەکەن لە دەوری کۆببنەوە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە لە بەرژەوەندیەکانیان دەکرێت. لەگەڵ ئەوەدا کە فەرامۆش کردنی ڕای گشتی لەلایەن دروستکەری بڕیارەوە هەمیشە شکستی بڕیارەکە ناگەیەنێت، ئەو

فەرامۆش کردن و گرنگی پێنەدانە سەر دەکێشێت بۆ ئەوەی ناوەندەکانی ڕای گشتی پاشەکشە بکەن لە پشتگیری و پشتیوانی کردنی بڕیارەکە لە کاتێکدا بڕیارەکە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیاندا یەك نەگرێتەوە، جاری واش هەیە ئەم ناوەندانە ڕووبەڕووی دەسەڵاتداران دەبنەوە، وە هەندێ جار هەوڵ دەدەن بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی خاوەن بڕیار بە هەموو شێوازە تەقلیدیەکان، لەوانە کاری شۆڕشگێڕی.[٢٨]

لەم میانەیەوە ئەوە دوپات دەکەینەوە کە هەموو سیستمێکی سیاسی، بێ گوێدانە سروشت و ئاستی بڕوا بوونی بە جەماوەر، دەبێت گرنگی ڕای گشتی و ئاڕاستەکانی لەبەرچاو بگرێت، هەرچەندە بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە قوتابخانەی ڕیالیزمی پێی وایە کە ڕای گشتی بە چەند تایبەتمەندیەکی دیاریکراو جیادەکرێتەوە لە سیاسەتی دەرەکیدا، گرنگترینیان:-

١-نەبوونی زانیاری پێویست و ئەو ڕاستیە بنچینەییانەی پەیوەستن بە سیاسەتی دەرەکیەوە لای هاوڵاتیان.

٢-بایەخ نەدانی هاوڵاتیان بە کێشەکانی سیاسەتی دەرەکی، مەگەر بە شێوەیەکی سادە و کەم نەبێت. ڕێژەی ئەم بایەخدانەش لە کاتی قەیران و تەنگژە نێودەوڵەتیەکاندا زیاد دەکات و لە کاتی ئاساییدا کەم دەبێتەوە.

٣-ئەم قوتابخانەیە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە دروستکەری بڕیاری سیاسی کار دەکاتە سەر ڕای گشتی زیاتر لەوە کە کار بکرێتە سەری، زۆرجاریش بە پێچەوانەی ڕای گشتیەوە ڕەفتار دەکات.[٢٩] هەرچەندە بەڵگەو بۆچوونەکانی ئەم قوتابخانەیە بەهێزە بەڵام ناکرێت بە حوکمێکی گشتی لەسەر کاریگەریتی ڕای گشتی لەسەر سیاسەتی دەرەکی، چونکە کاریگەرێتی ڕای گشتی لە ڕژێمێکەوە بۆ ڕژێمێکی تر دەگۆڕێت، هەروەها بەپێی گۆڕانی کێشەکانی سیاسەتی دەرەکی و ئاستی یەك دەنگی ڕای گشتی لەسەر ئەو کێشانە دەگۆڕێت.

پاش ئەو گۆڕانکاریە گرنگ و ناوازانەی کە لە بواری تەکنەلۆجیاو هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و گەیاندندا هاتووەتە دی، بە تایبەت دوای ڕووداوی ١١/سێبتەمبەری/٢٠٠١ ڕێژەی بایەخدان بە ڕووداوە نێو دەوڵەتیەکان لەنێو وڵاتاندا ڕوو لە زیاد بوونە.

((هولستی)) پێی وایە ئەو سیستەمە سیاسیانەی کە حکومەت تێیدا باڵادەستە بەسەر هەموو سەرچاوەکانی زانیاریو ڕاگەیاندندا ڕای گشتی تێدا دەگۆڕێت بۆ هێزێکی پشتیوانی سیاسەتی دەرەکی، لەبەر ئەوەی جەماوەر هیچ بیرو بۆچونێکی جیاوازی نیە لەوەی کە دەسەڵات گوزارشتی لێوە دەکات، هەروەها خەڵکی خۆی وا دەبینێتەوە کە هەڵگری هەمان ڕاو بۆچوونو ئاراستەیە کە حکومەت هەیەتی.(٣٠)

بەڵام قوتابخانەی (لیبرالی) جەخت دەخاتە سەر ئەوەی ڕای گشتی کاردەکاتە سەر ڕەوتی سیاسەتی دەرەکیو چوارچێوە گشتیەکانی ئەو سیاسەتەو جۆری هەڵبژاردنەکەی.(٣١)

ڕای گشتی پاڵ بە داڕێژەری سیاسەتی دەرەکیەوە دەنێت تا بایەخ بە کێشەیەکی دیاریکراو بدات، هەروەها کار لە ئاستی پێزانینو تێگەیشتنی بڕیار بەدەست دەکات بۆ ئەو کێشەیە، واتە ڕیزبەند کردنی یە کەمایەتی (أولويات) کێشەکان لای داڕێژەری سیاسەتی دەرەکی دیاری دەکات، هەروەك چۆن چوارچێوە سەرەکیەکانی بۆ دروست کەری بڕیار دیاری دەکات بۆ ئەگەرو بژاردە گونجاوەکان. هەروەها ڕای گشتی کار دەکاتە سەر جۆری بژاردە سیاسیەکان کە دروستکەری بڕیاری سیاسی دەرەکی دەیکاتە بنەمای کارکردن.

لەمیانەی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان حکومەتو ڕای گشتیدا هەیە، واتە هەردووکیان کار لە یەکتری دەکەن، هەروەها هێزی کارتێکردنی ڕای گشتی لەسەر بڕیار بەدەست لەسەر چەند فاکتەرێك وەستاوە، لەوانە:-

١- سروشتی سیستمی سیاسی. ٢- جۆری ڕۆشنبیری سیاسی باو.
٣- سروشتی بارودۆخی دەوروبەری هەڵوێستەکە.

ئەمەو خاوەن بڕیار دەتوانێت کار لە ڕای گشتی بکات لەمیانەی تواناو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە ڕاستەوخۆ و خێرا کاریگەری دروست دەکەن، یاخود لەمیانەی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرێتییان دوور خایەنە وەك هۆکارەکانی پێگەیاندنی سیاسی (التنشئة السياسية)(٣٢). وەك خێزان و قوتابخانەو فێرگەو سوپا... هتد.

دووەم:- هۆکارەکانی پەیوەندی کردن

لە سایەی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیو زانستیە خێراو بەرچاوانەی کە جیهانی هاوچەرخ بەخۆیەوە بینیوە، هۆکارەکانی پەیوەندی کردن لەو بوارەدا پشکێکی زۆری بەرکەوتووەو پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە کە لە زۆر بواری جیاجیای وەك ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، کتێب، بڵاوکراوەکانی، کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتدا ... هتد خۆی دەبینێتەوە.

هەریەکێك لەم هۆکارانە بەجۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر بڕیار بەدەستان دروست دەکەنو دواتر لەسەر سیاسەتی دەرەکیش کاریگەریان دەبێت، ئەم کاریگەریەش بەڕێگای ورووژاندنو هۆشیارکردنەوەو دروستکردنی ڕای گشتی دەبێت لە ڕێگای گواستنەوەی زانیاریو ڕاستیەکانو ڕوونکردنەوەی کێشەو هەڵوێستو هەلومەرجە سیاسیە دەرەکیەکانی دەوڵەتەوە.

ئەم کاریگەرێتی‌یەش بەپێی ئەو سیستەمە سیاسیەی تێیدا پەیڕەو دەکرێت لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێت.

یاخود کاریگەریەکە بەڕێگەی تر دەبێت، بۆ نموونە کاتێك میدیاکانو ئامرازەکانی پەیوەندی کردن وەك ئامرازێك بەکاردەهێنرێن بۆ جەنگی دەروونیو پروپاگەندە لە لایەن دەوڵەتانەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیە دەرەکیەکانو فشار خستنەسەر لایەنی بەرامبەر.

لە ڕاستیدا هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە هەندێ کاتداو لە هەندێ سیستەمی سیاسی دیموکراسیدا کە بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێن ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە ژیانی سیاسیدا، بەڵام لە دەوڵەتە تۆتالیتاریو دکتاتۆریەکاندا هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە لایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە قۆرخ کراونو بەکاریان دەهێنن بۆ بەدیهێنانی ئامانجو بەرژەوەندیەکانیانو گوزارشت لەڕاو بۆچوونو ئایدیاکانی دەسەڵاتداران دەکەن، واتە ڕاگەیاندن هیچ شتێك لە دژی دەسەڵات ناڵێت، بەڵکو لەخزمەتی دەستەی فەرمانڕەوادا کار دەکات.[٣٣] لەم حاڵەتەشدا هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەبنە دار دەستی دەسەڵاتو کارو ئەرکی سەرەکی خۆیان لە دەست دەدەن.

گەر بپرسین کێ کاری پەیوەندی کردن (الاتصال) ئەنجام دەدات؟ دەتوانین بڵێین: هەر کۆمەڵو گروپێك بە مەبەستو تێگەیشتنەوە هەوڵ بدات

کاریگەری لەسەر سیاسەتی حکومەت دروست بکات بە دەستەی سیاسی پەیوەندی کردن دەژمێررێت، هەروەك چۆن هەندێك لەو کۆمەڵانەش کە بەبێ مەبەستو مەرامێك کاریگەری لەسەر دەسەڵات دروست بکات بە کۆمەڵێکی سیاسی پەیوەندی کردن دادەنرێت.[٣٤]

لە سیستمە دیموکراسیەکاندا پارتەکانو گروپەکانی فشار بە دیارترین دەستەکانی پەیوەندی کردن دادەنرێن، پەیوەندی کردن چەکێکی زۆر مەترسیدارە بەدەست هەر گروپو لایەنێکەوە کە بیەوێت کاریگەریو فشار لەسەر داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی دروست بکات.

هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتیو ڕۆژنامە بە شێوەیەکی تایبەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە کار کردنە سەر پرۆسەی داڕشتنی سیاسەت، ئەمەش بە شیکردنەوەی هەڵوێستو سیاسەتەکانی بڕیار بە دەستانو کۆکردنەوەی پشتگیری دەبێت بۆیان لە لایەکو لە لایەکی ترەوە میدیاکان هۆکارێکن کە دەکرێت لە ڕێگەیانەوە ئاراستەو بۆچوونەکانی ڕای گشتیو گروپە جیاوازەکانی بەرژەوەندی، بگاتە دەست داڕێژەرانی سیاسەت (واتە دەسەڵات)، لە لایەکی تریشەوە ئەم هۆکارانە ڕۆڵێکی سەربەخۆ دەبینن لە دروست کردنو سازدانی ڕای گشتیو ڕای بڕیار بەدەستان سەبارەت بە کێشەو دۆزە سیاسیە دەرەکیەکان.[٣٥]

لەم میانەیەدا بینیمان کە پەیوەندییەکی بەهێزو گرێدراو هەیە لە نێوان ڕای گشتیو پەیوەندی کردندا، پەیوەندی کردن بە هەموو چەمكو جۆرە جیاجیاکانیەوە ئامادە باشیەکی هەمیشەیی بەرجەستە دەکات لە هەموو ئەو بابەتانەدا کە پەیوەندی بە ڕای گشتییەوە هەیە، چونکە بەبێ پەیوەندی کردن ڕای گشتی دروست نابێت، جا جۆرو ئاستی پێشکەوتوویی ئەو پەیوەندی کردنە هەر چۆنێك بێت، کۆن بێت یان نوێ، هەروەك چۆن بەبێ هۆیەکانی پەیوەندی کردن چاودێری هەڵسەنگاندنی پێوانی ئاستی ڕای گشتی ناکرێت. لەبەر ئەوە ئەگەر عەقڵی فەلسەفی دوێنێ جەختی لەسەر وتە بەناوبانگەکەی دیکارت دەکردەوە کە دەڵێت: ((من بیردەکەمەوە کەواتە من بوونم هەیە))، ئەوا ئەمڕۆ عەقڵی مرۆڤ جەخت لە وتەی ((من پەیوەندی دەکەم کەواتە من بونم هەیە)) دەکاتەوە[٣٦] لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنو هۆیەکانی پەیوەندی کردن ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە بەرچاو ڕۆشن کردنی ڕای

گشتی و ئاراستەکردنیدا، هەروەها میدیاکان دەتوانن پردگەلی گفتوگۆو ئالوگۆڕکردنی زانیاریو پەیوەندی کردنی نێوان داڕێژەرانی بڕیاری سیاسیو ڕای گشتی دروست بکەن. کەواتە چونە ناوەوەی میدیاکان بۆ دامو دەزگاکانی داڕشتنی بڕیاری سیاسی ڕۆڵێکی زۆریان دەبێت جا سلبی بێت یان ئیجابی. لێرەوە دەتوانرێت بووترێت هۆیەکانی پەیوەندی کردن یان هۆکارێکی بەهێزکردنو پاڵپشتکردنی سیستمی سیاسین، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە میدیاکان لە لایەن دەسەڵاتەوە قۆرخ کرابن، وەك لە سیستمە دیکتاتۆریو تۆتالیتاریەکاندا هەیە، یاخود هۆکارێك دەبن لە هەندێ کاتدا بە دەست پارتەکانو گروپەکانی فشارەوە بۆ کاریگەریو فشار خستنە سەر دەسەڵاتو بڕیار بەدەستان، وەك لە وولاتە دیموکراسیەکاندا هەیە. واتە لەم حاڵەتەدا ئەو هۆکارانە بواری فشار خستنە سەر دەسەڵاتیان هەیە. هەر چۆنێك بێت بڕیار بەدەست هەمیشە هەوڵ دەدات ماددەکانی ڕاگەیاندن بە باشترین شێوە وەبەر بهێنێتو سوودیان لێ وەربگرێت، ئەمەش لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت[٣٧]:-

١- دەستخستنی زانیارییە بەسودەکان بۆ دروستکردنی بڕیارو ناسینی ڕاو بۆچوونەکانو پێشهاتە نوێیەکان.

٢- چڕکردنەوەی گرنگی دانو دروستکردنی کەشو هەوایەکی گونجاو بۆ وەرگرتنی بڕیارەکە.

٣- ڕاگەیاندنی بڕیارو بەدوادا چوونی.

بەم شێوەیە ڕێژەو ئاستی گرنگیدانی بڕیار بەدەستمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەیانکەنە میکانیزمی خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانیانو ڕاکێشانی ڕای گشتی بەلای خۆیاندا، زۆر کاتیش بڕیار بەدەستان مەترسی زۆریان دەبێت لە میدیاکان تا گەیشتۆتە ڕاددەیەك سەرکردەیەکی وەکو ناپلیۆن بڵێت ((ئەوەندەی لە سێ ڕۆژنامەی نەیار دەترسم لە هەزار تانكو دەبابە ناترسم)).

سێهەم/ حیزبە سیاسیەکان Political Parties

هەموو حیزبێکی سیاسی بەرنامەو ئامانجگەلێکی دیاریکراوی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی چینێك یان چەند چینێکی کۆمەڵگایەو هەوڵو خەبات دەکات بۆ دابینکردنی ئامانجو بەرژەوەندیەکانی لەمیانەی ناوەندی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، هەر بۆیە حیزبە سیاسیەکان لە ڕووی

ئامانج و بەرژەوەندیەوە جیاوازیان هەیە بەپێی جیاوازی ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتیانەی کە سەر بە حیزبن، یان تێدەکۆشێت لە پێناو بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندیەکانیدا لەمیانەی کارتێکردنی لەسەر ڕەفتاری بڕیار بەدەست.

ڕۆڵی حیزبەکان بەرەو زیاد بوون و گەشەسەندن ڕۆیشتووە لە قۆناغی ئەمڕۆدا لەچاو ڕابردوودا، لە ئەنجامی ئەو گەشە سەندنە کۆمەڵایەتی و شارستانیەی هاتۆتە دی، ئەمەو حیزبەکان ئامانجیان گرتنە دەستی دەسەڵاتە تا بگەنە ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردان لە پێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکانیاندا.

لە کاتێکدا حیزب دەسەڵات دەگرێتە دەست و دامو دەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، حیزب دەبێتە ڕەگەزێکی زۆر کاریگەر لە بڕیاردانی سیاسیدا، ئەگەر نەڵێین تاکە ڕەگەزە، ئەمە بەرەچاوکردنی کاریگەرێتی فاکتەرەکانی تری ژینگەکە.[٣٨]

لێرەدا پێویستە بزانین کە فشار خستنە سەر ناوەندی دروستکردنی بڕیار لەلایەن حیزبە سیاسیەکانەوە، یان بەشداری کردن لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەکیدا لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکی تر دەگۆڕێت. دەبینین هەندێك لە حیزبەکان ڕاستەوخۆ هەڵدەستن بە دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی یان بەشداری دەکەن لە ئامادەکردنیدا، لە هەندێك وڵاتی تردا ڕووبەڕووی بڕیار بەدەستان دەبنەوە. تێبینی ئەوە دەکرێت کە حیزبە سیاسیەکان لە کاتێکدا بەر پرسیارێتی دروستکردنی سیاسەتی دەرەکی لە وڵاتەکانیاندا دەگرنە دەست بە یەکێك لەم دوو ئاڕاستەیەی خوارەوەدا هەنگاو دەنێن:-[٣٩]

ئاڕاستەی یەکەم:- ئەو حیزبانەی لە کارکردنیاندا لە بنەما نەگۆڕەکانی ئایدۆلۆجیایان لانادەن لە کاتی دروستکردنی سیاسەتی دەرەکیدا، واتە سیاسەتی دەرەکیان ڕەنگدانەوەی بنەما ئایدۆلۆجیەکانیان دەبێت.

ئاڕاستەی دووەم:- ئەم حیزبانە کاتێك دەسەڵاتی سیاسی دەگرنە دەست لە وڵاتەکانیاندا دوور دەکەونەوە لەو بەرنامە سیاسیەی کە لە قۆناغی پێشوودا بانگەشەیان بۆ کردووە لە کاتێکدا کە لە ڕیزی ئۆپۆزسیۆندا بوون،

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بەرنامانە تەنها ئامرازێکن لە کاتی هەڵبژاردندا بەکاردەهێنرێن بە مەبەستی دەسکەوتی سیاسی.

لە ڕاستیدا دەبینین ئەو سیستمە سیاسیانەی کە پشت بە سیاسەتی حیزبی فەرماندە (الحزب القائد) یان سیاسەتی تاکە حیزب (الحزب الواحد) دەبەستن، لەگەڵ ئەو جیاوازیەشدا کە لە نێوان ئەم دوو جۆرە حیزبەدا هەیە، حیزب ڕۆڵی فەرماندەیی دەبینێت لە پرۆسەی بڕیاردانرا، وە کاریگەرێتی حیزبە سیاسیە نەیارەکان کەمو لاوازەو لە ڕیزی نەبوندایە، بۆ نموونە/ سیستمە تۆلیتاریەکان. بەڵام لە سیستمی لیبرالیدا حیزبەکان لەسەر ناوەرۆکی سیستمی سیاسیو ڕەفتاری سیاسی دەرەکی کۆکو تەبان، هەرچەندە جیاوازیان لە نێواندا هەیە لەسەر هەندێ مەسەلەی سادەو لاوەکی، بەزۆری ئەم مەسەلانەش نێوخۆیینو وەك کەرەستەیەکی بنچینەیی بەکار دەهێنرێن لە کێبەرکێی هەڵبژاردندا.[٤٠] بۆ نموونە: لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا حیزب بە بنەمایەکی سیاسی سەرەکی دادەنرێت لە سیستمی سیاسیدا، چونکە بوونو ڕەوایەتی خۆی لە جێبەجێکردنی ئەرکو فەرمانەکانو توندو تۆڵی ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان کۆمەڵگەو سیستمی سیاسیدا دروستی دەکات وەردەگرێت.[٤١]

ڕۆڵی ئەو حیزبانەی کە لە ئۆپۆزسیۆندان کاریگەرێتیان جیاوازە لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکی تر، ڕۆڵو کاریگەرێتیان لە سیستمی سیاسی تاکە حیزبدا نیەو لە سیستمی سیاسی دوو حیزبدا لاوازە، بەڵام لە سیستمی فرە حیزبیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. ئەگەر سەیری سیستمی سیاسی تورکیا بکەین دەبینین حیزبە سیاسیەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، جا ئەو حیزبانەی بەشدارن لە حوکمدا لەڕێی نوێنەرو وەزیرەکانیانەوە بەشداری دروستکردنی بڕیار دەکەن، یان ئەو حیزبانەی تر کە لە ڕیزی ئۆپۆزسیۆندان بەو ڕۆڵە گشتیەی کە دەیبینین، ئەمە جگە لە گرنگیو ڕۆڵی حیزبەکان وەك میکانیزمێکی سەرەکی لە تەجنیدی سیاسیدا.[٤٢]

لە کۆتاییدا دەتوانرێت بووترێت ڕۆڵی حیزبەکان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا دەگۆڕێت بەپێی بەشداری کردنی ئەو حیزبە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان نەیاری پرۆسەکەیە، یاخود بەشداری تێدا

دەكات بەهەر ئاستو جۆرێك بێت، ئەمەش لە سیستمێكی سیاسیەوە بۆ سیستمێكی تر دەگۆڕێت.

ئەمەو جیاوازی‌یەكی سەرەكی هەیە لە نێوان حیزبەكانو گروپەكانی فشار لە ڕووی ئەوەوە كە حیزبەكان تێدەكۆشن بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتو مومارەسە كردنیو جێبەجێكردنی بەرنامەو ئامانجەكانیان، بەڵام گروپەكانی فشار مەبەستیان فشارو كاریگەری خستنە سەر داڕێژەرانی بڕیارو سیاسەتە بەبێ ئەوەی هیچ لێپرسراوێتی‌یەك بخەنە ئەستۆی خۆیان. لێرەدا دەكرێت بپرسین ئایا گروپەكانی فشار كاریگەریان هەیە لەسەر دروستكردنی بڕیاری سیاسیی دەرەكی؟

چوارەم:- گروپەكانی فشار Pressure Groups

گروپەكانی فشار بریتین لە چەند گروپێكی كۆمەڵایەتی ڕێكخراو، كە چەندین هۆكاریان لەبەر دەستدایە بۆ گوزارشت كردن لە بەرژەوەندیەكانیانو چەند شێوازێكی جۆراو جۆر بۆ مومارەسەكردنی فشارەكانیان بەشێوەی ڕەسمیو نارەسمی بەكاردەهێنن. واتە گوزارشت لەڕاو بۆچونەكانیان دەكەن بە شێوەی ڕێكخراو یان نارێكخراو، ئاشكرا یان نهێنی، بە مەبەستی كار كردنە سەر ئاراستەی جموجوڵی سیاسی بڕیار بەدەستان بە شێوەیەك لە خزمەت بەرژەوەندیو ئامانجەكانیاندا بێت، ئەمە لە كاتێكدا كە گروپەكانی فشار هیچ بەرپرسیارێتی‌یەكی ڕاستەوخۆ لە دەسەڵاتدا ناگرنە ئەستۆی خۆیان.(٤٣)

گروپەكانی فشار لە زۆربەی كۆمەڵگاكاندا بونیان هەیەو لە وڵاتە پێشكەوتووە ڕۆژئاواییەكاندا توانیویانە سەركەوتنی گەورە بەدەست بێنن. بەرژەوەندی گروپەكانی فشار بەپێی جۆرو شێوەكانیان دەگۆڕێت، هەروەك چۆن لەڕووی ئامانجیشەوە جیاوازیان هەیە. بۆنموونە: گروپەكانی فشار لە بواری ئابوریدا هاوسەنگی دەكەن لە نێوان بڕیاری سیاسی دەرەكیو ئاستی كاریگەری ئەو بڕیارە لەسەر بەرژەوەندیە مادیەكانیان جا ئەو كاریگەریە سەلبی بێت یان ئیجابی.

بەڵام گروپەكانی فشار لە بواری سیاسیدا زۆر كات پەیوەندیەكی مەعنەوی لەگەڵ چەند دەوڵەت یان چەند هێزێكی بیانیدا گرێ دەدەن كە خزمەتی بەرژەوەندیەكانیان بكات لە ڕێی كاركردنە سەر بڕیاری سیاسیەوە

به چەندین هۆکارو ئامراز، کە یارمەتی بدات لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا، وەك لۆبی یەهودی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.(٤٤) لۆبی یەهودی (٣٪)ی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێك دێنن، بەلاّم (٩٧٪)ی کەناڵەکەمانی ڕاگەیاندن لەژێر رکێفیاندایە.(٤٥) ئەمەش سەردەکێشێ بۆ ئەوەی بەو پرۆژەیە کار لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وولاّتە بکەن بەشێوەیەك ئامانج و بەرژەوەندیەکانیان بە باشترین شێوە بهێنێتە دی.

ڕۆڵی گروپەکانی فشار لە وولاّتانی جیهانی سێدا جیاوازە لە وولاّتانی تر، ئەمەش بەپێی سروشتی سیستمی ئەو دەولەتانە دەگۆڕێت، یان ڕۆڵیان نابێت، یان ڕۆڵێکی ئاشکرایان دەبێت، یاخود ڕۆڵێکی شاراوە دەبینن. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند ڕاستیو هۆکارێکی مێژوویيو دەروونيو ڕۆشنبیريو تەکنیکيو سیاسی جیاواز.

لە ڕووی شێوازەوە پۆلێن کردنی گروپەکانی فشار بەپێی ئەو پێوەرەی کە پۆلێنی پێ دەکرێت دەگۆڕێت، هەر چۆنێك بێت بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت پۆلێنی گروپەکانی فشار بکرێت بۆ دوو جۆر:-

١- کۆمەڵە هەمیشەییەکانی فشار (جماعات الضغط الدائمة):-

وەك گروپە ئابورییەکان ((کۆمپانیاکانی نەوت، گەورە بازرگانان بانکە گەورەکان، پیشەوەران، یاخود گروپە سیاسیەکان (وەك لۆبی زایۆنی))).

٢- کۆمەڵە کاتیەکانی فشار ((جماعات الضغط المؤقتة)):-

ئەم گروپانە بە تایبەت پەیوەستن بەو ڕێکخراوانەوە کە تەنها هەندێ جار هەوڵ دەدەن کاربکەنە سەر بزاڤی سیاسی دەرەکی دارشتنی بڕیار بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە یان نێگەتیڤانە. ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی ئاستی نزیکی جموجۆڵی بڕیار بەدەستان یان دوریان لە ئەولەویاتی سیاسی کارەکانیانەوە وەك ((کۆمەڵە ئاینییەکان، ڕەگەزییەکان، زمانەوانیەکان، ڕێکخراوەکانی قوتابیان، ژنان، پەیمانگاو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ... هتد)).(٤٦)

دەتوانرێت بووترێت گروپەکانی فشار لە وولاّتە سۆشیالیستيو ڕۆژئاوایيو تازە پێگەیشتووەکانیشدا بوونیان هەیە، بێگومان پەیوەندیەکی توندو تۆڵ هەیە لە نێوان گروپەکانی فشارو پێکهاتەی ڕای گشتیدا، ئەمەو ڕای گشتی لەلایەن گروپەکانی فشار بە گرنگترین ئەو گروپە مەرجەعیانە

دەژمێررێت کە کار لە پێکهاتەی ڕای گشتی دەکەن، لەبەر ئەوەی حکومەتەکان بۆ مانەوەیان پشت بەڕای گشتی دەبەستن، شتێکی ئاسایی‌یە گروپەکانی فشار بایەخێکی زۆر بدەن بە ئامادە باشی بۆ سازدانی ڕای گشتی‌و ڕێنوێنیی کردنی لە زۆر کاتدا بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان[٤٧]. گروپەکانی فشار سڵ ناکەنەوە لە بەکارهێنانی خراپترین شێوازو کار بە مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندی‌و ئامانجەکانیان، ئەمەش پاڵیان پێوە دەنێت هەندێ جار شێوازی ناڕەواو دوور لە ڕەوشت بەرزی بەکاربهێنن، ئەمەو هەندێك جار ئەم گروپانە دەبنە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی نائارامی حکومی‌و ناجێگیری لە سیستمی سیاسی‌دا، بەهۆی پەنا بردنیانەوە بۆ ڕوخاندنی حکومەتەکان کاتێك دەگەنە ئەو بڕوایەی کە ئەم حکومەتانە بەجۆرێك لە جۆرەکان لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانیاندا نابن.[٤٨]

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بۆ گرنگترین ئەو هۆکارو ئامرازانە بکەین کە گروپەکانی فشار، بە تایبەتی لۆبی زایۆنی، بۆ کاریگەری خستنە سەر بازنەو ناوەندەکانی داڕشتنی بڕیاری سیاسی بەکاری دەهێنن کە بریتین لەمانەی خوارەوە:-

١- **ئامرازی کارتێکردنی ڕاستەوخۆ:-** ئەم ئامرازانە بریتین لە پڕۆژەی پەیوەندی کردن بە بەرپرسان‌و پشتگیری مادی‌و کۆکردنەوەو دابەشکردنی زانیاری، سەرنج ڕاکێشانی دەستە دادوەریەکان، هەروەها پەیوەندی کردن بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە.

٢- **ئامرازی کارتێکردنی ناڕاستەوخۆ:-** وەك میکانیزمەکانی ڕێکخستن، بەکارهێنانی ڕای گشتی، بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەکانی تردا، کاریگەریتی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا هەروەها گاڵتەجاڕی.[٤٩]

دواجار بە گرنگی دەزانین ئاماژە بۆ هەندێك لە جۆرەکانی هاوپەیمانێتی بکەین کە لەنێوان حیزبەکان‌و گروپەکانی فشاردا دروست دەبێت لە چەند هەڵوێستێکی دیاریکراوداو لەمەڕ هەندێك کێشەدا، ئەم هاوپەیمانێتی‌یە زۆرجار دەستەبەرکردنی یەکێك لە سەرچاوەکانی ئەکتیڤ بوونی گروپەکانی فشار بۆ کارکردنە سەر داڕشتنی سیاسەتە گشتیەکان دێنێتە دی.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم باسەدا بۆمان دەرکەوت کە گروپەکانی فشار ڕێژەی کاریگەریتی‌یان بەپێی جیاوازی سروشت‌و ئامانج‌و تواناکانیان بۆ کارکردنە

سەر دروستكەرانی بڕیار لە سیستمی سیاسیدا جیاوازە، ئەم جیاوازیەش لە سیستمێكەوە بۆ سیستمێكی دی دەگۆڕێت.

پێنجەم:- جۆری سیستمی سیاسی

سیستمی سیاسی بریتی‌یە لە شێوازگەلێكی تێكهەڵكێشراو و پێكەوە گرێدراو پەیوەند دارە بە پرۆسەی دروستكردنی بڕیارەوە، كە ڕەنگدانەوەی ئەوئامانج و جیاوازی‌و ململانێ‌یانەی كۆمەڵگایە كە دەرهاویشتەی بنەما ئایدولوجیەكانن كە سیفەتی ڕەوایی‌یان بەهێزە سیاسیەكان بەخشیوە تا بونەتە دەسەڵاتێكی قبوڵكراو لە كۆمەڵگەی سیاسیدا، كە خۆی لە دام‌و دەزگا سیاسیەكاندا دەبینێتەوە.[50]

لەمیانەی ئەم پێناسە گشتگیرەی سیستمی سیاسیەوە جەخت دەخەینە سەر شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات‌و چۆنێتی پێكهێنان‌و پێكهاتنی پەیكەری پرۆسەی دروستكردنی بڕیار.

لە لایەكەوە دەبینین لە هەندێك وڵاتدا تاكە كەسێك باڵا دەستە بەسەر دروستكردنی بڕیاری سیاسی وڵاتەكەیدا (وەك ئەڵمانیای نازی)، لە لایەكی ترەوە دەبینین چەند كەسانێكی كەم لە هەندێك وڵاتدا بڕیاری ترەوە دەبینین چەند كەسانێكی كەم لە هەندێك وڵاتدا بڕیاری سیاسی وڵاتیان لە دەستدایە (وەك ڕژێمی قەوارەی زایۆنی)، لە هەندێ وڵاتی تریشدا گەل باڵا دەستە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەكی وڵاتەكەیدا (وەك بەریتانیا).[51]

بەم شێوەیە بۆمان دەركەوت كە وڵاتان لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەكیاندا جیاوازن. دكتور ((لوید جنسن)) لەمەڕ هەڵسەنگاندنی سیستمی دیموكراسی‌و تۆتالیتاری‌دا، وە لەمەڕ وەڵامی پرسیاری: ئایا كامیان باشترن لە دروستكردنی سیاسەتی دەرەكیدا؟ دەڵێت: گەر پێوەری لێهاتوویی‌و كارایی وەربگرین ئەوا چەند هۆكارێك هەن وا دەكەن فەزڵی سیستمی تۆتالیتاری بدرێت بەسەر سیستمی دیموكراسیدا، چونكە ئەم سیستمە (تۆتالیتاری) خێراترە لە بڕیارداندا وەرگرتنی بەدەمەوە چوونی بڕیارەكە دەكات لە نێوخۆی وڵاتدا، هەروەها دەگونجێت زیاتر یەكدەنگی‌و یەكڕیزی بەدی بكرێت لە سیستمی تۆتالیتاریدا لەسەر سیاسەتی دەرەكی، بەڵام ئەم سیستمە بەردەوام ناتوانێت ئەم خاڵە پۆزەتیڤانە بۆ خۆی بەرجەستە بكات، ئەمەو زۆر كەمتر كارا دەبێت لە سیستمی دیموكراسی لە بواری پێشخستنی

داهێنان له سیاسەتی دەرەکیدا، ئەمەش بەهۆی ترسانی یاریدەدەرانی بڕیار بەدەستان لە ڕەخنە گرتن لە سیاسەتی دەرەکی پەیڕەوکراویان.(٥٢) دەکرێت بڵێین کە سیستمی دکتاتوری زۆر کات لە ڕووبەڕووبونەوەو بڕیارداندا، خێراترن بەبەراورد لەگەڵ سیستەمی دیموکراسییەکاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بڕیارەکان لە سیستمەکەدا ڕەنگ دانەوە دیدو بۆچوون و بەرژەوەندیو ئامانجەکانی جەماوەرنین، بەڵکو گوزارشت دەکەن لە دیدو بۆچونو کەسایەتی سەرۆکو ئەوانەی لەناوەندی دەسەلاتدان.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە: ئایا خێراییو کارایی لە بڕیارداندا بەسە بۆ بەدیهێنانی بەژەوەندییەکانی گەلو ئامانجەکانی؟ یان سیستمی سیاسی دەبێت خاوەنی کەرەستەو مادەی سیاسی بێت کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:-

١- ئەو چالاکیە کۆمەلایەتیانەی کە سیستمی سیاسی هەیەتی.
٢- ئاستو پلەی بەدامو دەزگا کردنی سیستمی سیاسی.
٣- ئاستو ڕێژەی (پلەی) پشتگیری جەماوەر.

ئەو سیستمەی کە لەم کەرەستانەدا هەژار بێت یان توانای زاڵ بوون بەسەریانداو توانای دەستەبەرکردنیانی کەم بێت، لە پێگەیەکی لاوازدا دەبێت بەرامبەر بە گۆڕانکارییەکانی ژینگەی دەرەکی، ئەمەش کاردەکاتە سەر سیاسەتی بەشێوەیەك دەبێتە پاشکۆو لەبواری سیاسەتی دەرەکیدا ئازادو سەربەخۆ نابێت.(٥٣) لە لایەکی ترەوە سیستمە سیاسیەکان لە ڕووی چۆنێتی دروستکردنی بڕیارو ئاستی بیرۆکراتیزە بونیان لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە جیاوازە کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:-

١- کۆی بنەما یاساییە نوسراوەکان، ڕێو شوێنی بەڕێوەبردن (ئیجرائاتە ئیداریەکان).
٢- زنجیرەی فەرماندانو پلە بەندی دەسەلاتەکان.
٣- پشت بەستن بە بنەمای تایبەتمەندی وەزیفی لە مامەڵە کردن لەگەڵ فەرمانبەراندا.(٥٤)

دواجار دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بەپێی سیستمە سیاسیەکان دەگۆڕێت، چونکە هەر سیستمێك چەند بەرژەوەندیو ئامانجگەلێکی خۆی هەیەو هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، بەڵام بە چەند ڕێگەو میکانیزمێکی جیاواز، دەوڵەتانیش لە ڕووی بوون یان نەبوونی کەرەستەی سیاسی (الموارد السیاسیة)ی بەردەستو جۆری بەکارهێنانیشیانەوە جیاوازن، هەروەك چۆن لەڕووی ئاستی بیروکراتیزە بوونی سیستمەکەو ڕێژەی کارابوونو بەدەمەوە چوونی داواکاریەکانی گەلەکەیو گونجاویی لەگەڵ ژینگەی نێودەوڵەتی‌دا بەو ئاراستەیەدا کە بەرژەوەندی‌یەکانی گەلەکەی بهێنێتە دی.

شەشەم:- زانکۆ و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە

زانکۆو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لەزۆرێك وولاتانی جیهاندا، بە تایبەت لە وولاتە پێشکەوتووەکان، لە چەندین مەیدانی جیاجیادا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕنو بەشداریەکی کارا دەکەن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکیدا.

ئەم ڕاستیە بەڕوونی دەردەکەوێت دوای ئەو پێشکەوتنە بەرچاووزۆرەی جیهانی ئەمڕۆ لەبوارە جیاجیاکانی تەکنەلۆجیا، پەیوەندیکردن، زانستو ...هتد دا بەخۆیەوە بینیوە.

ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمریکی پێشووتر ((ڕیگان)) بۆ کاروباری زانستیو تەکنەلۆجی ((جۆرج کەی وۆرث)) دەڵێت:- پێویستە جۆرێکی نوێ لە هاوبەشی کردن لە نێوان حکومەتو پیشەسازیو کۆمەڵگای ئەکادیمی‌دا دروست بکرێت، لە پێناوی ئەوەدا حکومەت ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ یارمەتی دانو پشتگیری کردنی لێکۆڵینەوەی بنچینەییو لێکۆڵینەوەی پراکتیکیو پێشکەوتنی ئەزموونی، لەو بوارانەدا کە حکومەت بە بەکاربەری سەرەکی دادەنرێت تێیدا، بەتایبەتی لە بواری بەرگریو بۆشایی ئاسماندا.[٥٥]

لەم سۆنگەیەوە زۆرێك لە دەوڵەتان گرنگیان بە ناوەندەكانی لێكۆڵینەوەو زانكۆكان داوە، بۆ نمونە: لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا زاناو شارەزاو پسپۆڕەكانیان لە بوارە جیاجیاكانی زانستو مەعریفە، بە چەندین شێواز بەشداری دەكەن لە داڕشتنو گەڵاڵەكردنی سیاسەتی نێوخۆییو دەرەكی ئەمریكادا زانكۆكان بە بنكەو مۆڵگە سەرەكی چالاكی ئەم توێژە دادەنرێن، بۆ نموونە: لە زۆربەی زانكۆ ئەمریكیەكاندا لەپاڵ دەستە پیشەیی‌یەكاندا چەندین بەشی پسپۆڕیو ناوەندی لێكۆڵینەوە هەیە كە حكومەت یان كۆنگریس یاخود ناوەندەكانی ڕاگەیاندن، ناوەندە حیزبی و ئابوری‌یەكان پشتی پێ دەبەستن بۆ بەرهەم هێنانی لێكۆڵینەوەی مەیدانیو چەند دیدو ستراتیجیەك كە ببێتە زەمینە سازیەك بۆ دروستكردنی چەند ئەگەرو بژاردەیەكی دیاری كراو لەلایەن بڕیار بەدەستەوە.(٥٦)

بەم شێوەیە دەبینین كە ئەم ناوەندانە بە ئەڵقەیەكی بنچینەیی دروستكردنی بڕیاری سیاسی دادەنرێت لە زۆرێك لە وڵاتاندا، چونكە دامەزراوە سیاسیەكان پشت بەم ناوەندانە دەبەستن بە تایبەت لە بواری سیاسەتی دەرەكیو هەواڵگیریو بەرگریو كێشە ستراتیجی‌یەكانیشدا، ئەمەش بەهۆی شارەزاو پسپۆڕانی زانستیو هونەری دەبێت هەریەكەیان لە بواری خۆیاندا، كاریگەریتی زانكۆو ناوەندەكانی لێكۆڵینەوەش لە وڵاتێكەوە بۆ یەكێكی دی دەگۆڕێت، ئەمەش بەستراوە بە ئاستی گرنگی دانی ئەو وڵاتە بەو ناوەندانەو ئاستی پشت پێ بەستنیان، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەو جۆریان، واتە چەندایەتیو چۆنایەتی ئەم ناوەندانەو تەرخان كردنی بڕی كەرەستەو توانای ماددی بۆیان، هەموو ئەمانەش پەیوەندیان بە جۆری سروشتی سیستمی سیاسیو چۆنێتی عەقلیەتی كاربەدەستانەوە هەیە.

باسی سێهەم

فاکتەری سەرکردە

لەم باسەدا دەمانەوێت بەشێوەیەکی گشتی باس لەو فاکتەرانە بکەین کە پەیوەندیان بە کەسایەتی بڕیار بەدەست خۆیەوە هەیەو کار لە جۆرو ئاراستەی بڕیاری سیاسی دەرەکی دەکەن.

لە ڕاستیدا ڕۆڵی سەرکردەی سیاسیو گرنگیەکەی لە سیاسەتی دەرەکیدا لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕەفتاری دەوڵەتانو یەکە نێو دەوڵەتیەکان بریتییە لە ڕەفتاری ئەو کەسانەی کە بەناوی ئەوانەوە کاردەکەن (واتە بڕیار بەدەستان)، بڕیار بەدەستانیش تواناو گۆڕانکاریە نێوخۆییو دەرەکیەکانی وڵاتەکانیان بەپێی بیروباوەڕو دیدو بۆچوونو ئاراستەکانیانو تێگەیشتنیان بۆ گۆڕانکاریو هەلومەرجەکان هەڵدەسەنگێنن، واتە ئەمانە بەپێی ئاستی تێگەیشتنو پێزانینیان بۆ پێگەی وڵاتەکەیان و ڕێژەی قورسایی و ڕۆڵو کاریگەریتی وڵاتەکەیان لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا دەبێت.

مەبەست لەو فاکتەرانەی کە پەیوەندیان بەسەرکردەوە هەیەو بریتین لە:-

١-باری دەروونی بڕیار بەدەست: واتە کۆی بیرو باوەڕو تێگەیشتنو تایبەتمەندییەکانی بڕیار بەدەست کە بەپێی دیدو بۆچوونە خۆیەکیەکانی گۆڕانکاریە بابەتیەکان هەڵدەسەنگێنێت، نەك بەپێی حەقیقەتی ڕووداوەکان وەك خۆی.

٢-سروشتی سەرکردە:- ئەمەش بەپێی گۆڕانی شێوازو میکانیزمی دەسەڵات دەگۆڕێت، واتە سەرکردە بە چ کەناڵو ڕێگەیەکدا گەیشتووەتە کورسی دەسەڵات، ئەمەش کاریگەریتی جیاوازی دەبێت لەپرۆسەی بڕیارداندا.

٣-تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیەکانو سیفەتە میزاجیەکانو سیستمی بیروباوەڕو بۆچونەکانی بڕیار بەدەست.(٥٧)

((سەرکردە زۆرجار ناتوانێت بەرپرسیارێتی خۆی بداتە دەست کەسێکی تر، چونکە پشکی هەرەزۆری کاری سەرۆك بریتی‌یە لە بڕیار دان*))[٥٨] بۆیە پێویستە بزانین فاکتەری سەرکردە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا وەك فاکتەرێکی سەرەکی یان فاکتەرێکی سەربەخۆ لە پرۆسەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێت.

لەسەر ئاستی تیۆری دەتوانرێت بووترێت سەرکردە بەپێی دیاریکردن‌و دەست نیشانکردنی خۆی بۆ هەڵوێستەکان کار دەکات، ئەم دیاریکردنەشی لەمیانەی فاکتەر گەلێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

١- فاکتەرە کەسیەکان (واتە خۆیان لە دیدی خۆیاندا).
٢- فاکتەرەکانی ڕێکخستن (شێوازی دەرکردنی بڕیار).
٣- ئەو فاکتەرانەی پەیوەندیان بە هەڵوێستەوە هەیە.[٥٩]

هۆڵستی بڕوای وایە کە شێوەو انطباعات (images)و ئاراستەو (attitudes) بەهاکان‌و (values) بیروباوەڕەکان‌و (beliefs) ڕێبازو ڕێچکەو ئایدۆلۆجیەکان، هەموویان ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە دیاریکردن‌و ناساندنی هەڵوێستی سیاسی دەرەکی‌و بینینی ئەو هەڵوێستەش لەلایەن بڕیار بەدەستەوە.[٦٠]

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە خاوەن بڕیار مل کەچی فشارو فاکتەرگەلێك دەبێت کە دەتوانرێت بکرێن بەسێ بەشەوە:-

١- فاکتەرە مرۆییەکان.
٢- فاکتەرەکانی ڕێکخستن (العوامل التنظيمية).
٣- فاکتەرە ژینگەیی‌یەکان (العوامل البيئية).[٦١]

هەر یەکێك لەم فاکتەرانەش تەحەککوم دەکەن بەسەر بڕیار بەدەستداو ڕۆڵیان هەیە لە گۆڕینی ئاڕستەو جۆری بڕیارەکان بەپێی جیاوازی هەل‌و مەرج‌و بارودۆخەکان.

لە ڕاستیدا ناسینی ئەو فاکتەرانەی کار لە پێکهاتەی کەسایەتی بڕیار بەدەست دەکەن یارمەتیمان دەدات بۆ ناسین‌و زانینی ئەگەری جۆری ئەو ڕەفتارانەی کە دەکرێت بڕیار بەدەست بیانکاتە بنچینەی مامەڵەکردن لەمەڕ ئەو کێشەو هەڵوێستانەدا کە دێنە پێش‌و سەرهەڵدەدەن.

---

* لە ووتەکانی یەکێك لە سەرۆکەکانی ئەمەریکا (هاری ترومان) لە ١٥ کانون دووەمی ساڵی ١٩٥٢ دا.

پێکهاتەی کەسایەتی بڕیار بەدەستو فاکتەرە ئایدۆلۆجیەکانو بەهار دابو نەریتەکانو پێکهاتەی دەرونی مرۆڤو کاریگەریان لەسەر گەلالەبوونی ئەم پێکهاتەیە، هەموو ئەم فاکتەرانە سەر دەکێشن بۆ دیاریکردنی پاڵنەرو ئاڕاستەکانی مرۆڤ.[٦٢] ئەمە لەگەڵ جیاوازی پلەی کاریگەرێتی هەریەکەیان لەسەر بڕیار بەدەست، بۆ نموونە: بێبەش بوونی سەرۆکی ئەمریکی (ولسن) لە سۆزی باوکایەتی وای کردبوو زیاتر لە کاروبارەکانیدا پەنا بۆ هێز بەرێت. هەروەها هەست کردنی سەرۆکی میسری جەمال عەبدولناسر هەر لەسەرەتای منداڵییەوە بە نائارامی، بەهۆی کۆچی دوایی باوکیەوە، وای کردبوو زیاتر بە گومانو هەستیار بێت بەرامبەر بە کەسانی ترو زیاتر جەخت لەسەر شکۆداری بکاتەوە.[٦٣]

ئەدۆلف هیتلەریش لە کتێبەکەیدا (کفاحی) کاتێك باسی تەمەنی منداڵی خۆی دەکات دەڵێت: ((من هەر وەك هاندەر و سەرکردە خوڵقێنراوم)).[٦٤]

هەموو ئەمانە جەخت لەسەر ڕۆڵی سیفەتەکان (تایبەتمەندییەکان) دەکاتەوە لە پێکهاتەی تاکدا بەو ئاڕاستەیەی کە بەرەو پەیڕەو کردنی ئەو ڕەفتارانەی ببات کە ڕەنگ دانەوەی سروشتێتی.

ویستی خۆیەتیو ئاستی ئامادەیی خۆیەتی خاوەن بڕیار بۆ دەرکردنی بڕیارێکی دیاری کراو کار دەکاتە سەر ڕەفتاری دروستکەری بڕیار بەرەو دوو ئاڕاستە:-

١-ویستی بڕیار بەدەست ویستێکی کامڵو پتەوەو فاکتەرە بابەتیەکانی لەبەر چاو گرتووە، بە شێوەیەك کە سەر بکێشێت بۆ ئامادەبوونی ویستێکی پۆزەتیڤانە بۆ دەرکردنی بڕیارێکی سەرکەوتوو.

٢-ویستی بڕیار بەدەست ویستێکی ناکامڵ دەبێتو لا دەدات بەپێی سۆزو ئارەزووەکانیو تێڕوانینێکی زانستی نابێت بۆ ڕەهەندە حەقیقیەکانی هەڵوێست و ڕووداوەکان، ئەمەش زۆرجار دەبێتە مایەی نوچدانو هەرەس نەك هەر لە هەڵبژاردنی باشترین جێگرەوەو دەرکردنی بڕیارێکی دروستدا، بەڵکو لە دیاریکردنی کاتی جێبەجێکردنیشیدا.[٦٥]

لێرەوە دەتوانرێت بوترێت دەگونجێت بڕیاربەدەستان تایبەتمەندییان هەبێت کەکار دەکاتە سەر ڕەفتاری سیاسەتی دەرەکیو هەڵبژاردنەکانیشی بۆ جێگرەوەکان، نەك هەر ئەمە بەڵکو هەندێك جار کەسانێکی وا دەسەڵات

دەگرنە دەست کە کەسایەتیەکی شازن و دەسەو سانن بەرامبەر بەسۆزو حەزو ئارەزووەکانیان، ئەمەش دەبێتە مایەی کێشەی سەرهەڵدانی چەندین کێشەو قەیران و تێکدانی ئارامی سیستمی نێو دەوڵەتی.(٦٦)

هەرچەندە دیدو بۆچوون و تێگەیشتنی دروستکەری بڕیار بۆ ژینگە بابەتیە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی تێڕوانینێکی ڕاست و دروست بێت، ئەوا بڕیارەکەشی بە هەمان شێوە ڕاست و دروست دەبێت، وە بە پێچەوانەوە. بە دەستەواژەیەکی تر، ئاستی سەرکەوتن یان نوچدان و هەرەسی سیاسەتی دەرەکی لەسەر ئاستی دوری و نزیکی نێوان فاکتەرە بابەتیەکان و فاکتەرە دەرونیەکان دەوەستێت.

هەروەك (کیسنجر) دەڵێت: سروشتی سەرکردە کار لە سیاسەتی دەرەکی دەکات، چونکە بڕیارەکان لە دواجاردا لە لایەن تاکەکانەوە دەدرێن، تاکەکانیش دەبێت لە نێوان جێگرەوەکاندا یەك جێگرەوە هەڵبژێرن و بیکەن بە بڕیار، و ئەم هەڵبژاردنەش بەپێی سروشتی سەرکردە بڕیار بەدەستەکان دەگۆڕێت.

ئەوەی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە ووتەی سەرۆکی پێشوتری ئەمریکی (ئەندرۆجاکسۆن)* ە کە دەڵێت:-

((خۆم ڕاهێناوە لەسەر قبوڵکردنی دیدو بۆچوونی کەسانی تر بەڕێزەوە، بەڵام لە سەرەتاو کۆتایشدا هەر خۆم بەر پرسم لە دەرکردنی بڕیار))(٦٧)

بێگومان بڕیاریش کاریگەرێتی کەسایەتی سەرکردەی لەسەرە، بۆ نموونە پێکهاتەی کەسایەتی (جۆرج بۆشی باوك) وەك کەسێکی ئابوری ناس لە بواری نەوتدا کاریگەری هەبوو لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ هەڵوێستەکان لە قەیرانی کەنداودا، وە ئەو لەوە دەترسا صەددام بتوانێت سعودیە داگیر بکات.(٦٨)

لێرەوە ئاستی پەیوەندی نێوان کەسایەتی و هەڵوێست نواندن و پەیوەندیان بە فشارەکانەوە بەڕونی دەردەکەوێت.

بەرگەگرتنی فشارەکان دەرەنجامی کەسایەتی و هەڵوێستەکانە، واتە: تا چەندێك کەسایەتی بڕیار بەدەست و هەڵوێست و هەلومەرجەکان هەماهەنگ و

---

* ئەندرو جاکسن لە ساڵی ١٩٦٣ پۆستی سەرۆکایەتی (USA)ی گرتۆتە دەست.

نزیك بن له یەكەوەو گونجاو بن، ئەوەندە ڕووبەڕوو بوونەوەی فشارەكان بۆ بەرگە گرتنیان زیاد دەكات.

واتە: فشارەكان = هێما (دالة) (كەسایەتی × هەڵوێست)[٦٩]

ئەم هاوكێشەیە ئاستی كاریگەری كەسایەتی بڕیار بەدەستمان بۆ ڕوون دەكاتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بڕیار بەدەست ڕووبەڕووی زنجیرەیەك لە ڕیزبەندیو هەڵسەنگاندن دەبێتەوە لە نزمترین پلەكانی ئەم زنجیرەیەوە تا بەرزترینیان، هەروەها بڕیار بەدەست ڕەچاوی كۆمەڵێك یاساو بنەمای ئیجرائی دەكات، تا لە میانەیەوە بتوانێت چۆن ڕیز بەندیان بكات بەپێی گرنگیان، ئەمەو بڕیار بەدەست بایەخی تەواو بە هەموو فاكتەرە وەزیفیو دامەزراوەییو كەسایەتیو كۆمەڵایەتیو سیاسیەكان دەدات كە هەریەكەیان كاریگەری خۆی هەیە لە دروستكردنی بڕیاری دەسەڵاتداراندا.[٧٠]

لە دەرەنجامی ئەم باسەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە بڕیار بەدەست یەكێكە لەو فاكتەرە گرنگانەی كە كار دەكەنە سەر ئاراستەی ڕێڕەوی سیاسەتی دەرەكی، لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی بڕیار بەدەست بۆ هەڵوێستو بارودۆخەكان، وە جۆری بیرو باوەڕو تایبەتمەندیەكانیو سیفاتە خۆیەتییەكانیو توانای بۆچوونو هەڵسەنگاندنو هەڵێنجانو پێشبینی كردنی، هەموو ئەمانە كار دەكەنە سەر ئەو بڕیارەی كە دەری دەكات. ئەمەش بەسەر هەموو وڵاتاندا جێبەجێ دەبێت، بەڵام بەڕێژەی جیاواز، ئەمەو هەموو لێكۆڵینەوەكان جەخت لەسەر ڕۆڵی سەرەكیو میحوەری سەرۆكی دەوڵەت دەكەنەوە لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیاری سیاسی گرنگداو، سنورداری ناوەندی دروستكردنی بڕیارو دامو دەزگای دەوڵەت لە بەشداری كردن لەم پرۆسەیەدا لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەكاندا دوپات دەكەنەوە. بەڵام لە وڵاتە پێشكەوتووەكاندا دروستكەری بڕیار هەرچەندە ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەم پرۆسەیەدا، بەڵام وەك وڵاتە تازە پێگەیشتووەكان دەرناكەوێت، ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین دامو دەزگاو ڕای گشتی كە بەشداری دەكەنو كاریگەریان هەیە لەسەر پرۆسەی بڕیاردان، ئەمانەش هەموو پلەبەندی دەكرێن بەپێی ئاستی هۆشیاری جەماوەرو بوونی ئازادی ڕادەربڕینو ئاستی بوونی دامو دەزگای بەشدار لە پرۆسەی بڕیارداندا.

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

(١) هاني الياس خضر الحديثي، في عملية صنع القرار السياسي الخارجي،دار الرشيد للنشر، بغداد ١٩٨٢،ص١٣-١٤.

(٢) شريف جويد العلوان، السياسة الخارجية الأميركية وازمة الشرق الأوسط ١٩٦٧-١٩٧٣، مطبعة المعارف، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٧٨، ص١٦.

(٣) د. ضر غام عبيدالله الدباغ، قضايا الأمن القومي والقرار السياسي، مطبعة الانتصار بغداد، الطبعة الأولى ١٩٨٦، ص٩٢.

(٤) د. مازن اسماعيل الرمضاني، السياسية الخارجية، دراسة نظرية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد ١٩٩١، ص١٦٥.

(٥) د. اسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسية الدولية، دراسة تحليلية مقارنة، منشورات دراسات السلاسل الكويت، الطبعة الثانية ١٩٨٧، ص١٩٢.

(٦) زايد عبيدالله مصباح، مصدر سبق ذكره، ص٨٨.

(٧) د. ضر غام عبدالله، مصدر سبق ذكره، ص٩٢-٩٤.

(٨) نفس المصدر، ص٩٤-٩٥، وانظر أيضا (مستەفا ابراهيم، ئەو فاكتەرانەی كار دەكەنە سەر پرۆسەی دارشتنی بریاری سیاسی، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی ژمارە ٤، ساڵی دووەم- كانونی دووەمی ١٩٩٤، ص٦٣).

(٩) هاني الياس خضر الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص١٩.

(١٠) د. احمد شوقي الحفني، المؤسسة العسكرية في دول العالم الثالث، مجلة المنار، العدد ٦٤، السنة السادسة العدد ١٦٤ ابريل، ١٩٩٠، ص٤٢.

(١١) عبدالحميد محمود الخطاب، دور المؤسسة العسكرية في القرار السياسي الإسرائيلي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الأولى ١٩٨٩، ص٤٩.

(١٢) د. خليل الشقاقي بنية النظام السياسي وصنع القرارات في إسرائيل، المجلة العربية للعلوم السياسية، الجمعية العربية للعلوم السياسية، بغداد، العدد الثاني- السنة الثالثة ١٩٨٨، ص٢٢٧-٢٢٨.

(١ طلال يونس الجليلي، مجلس الأمن القومي التركي والقرار السياسي، مجلة آفاق عربية، العدد الأول،(كانون الثاني – شباط ١٩٩٩) ص٣٥.

(١ د. جلال عبدالله معوض، صناعة القرار التركي والعلاقات العربية – التركية، مركز دراسات العربية- بيروت، الطبعة الأولى ١٩٩٨، ص٢٨٢.

(١ راجع زايد عبيدالله مصباح، مصدر سبق ذكره، ص٨٩-٩٠.

(١٦) ولاء عبدالباقي الرويشدي، السياسة الخارجية الهندية، رسالة ماجستير/ المعهد العالي للدراسات القومية والاشتراكية، جامعة المستنصرية بغداد ١٩٨٣، ص٤.

(١٧) د. صباح محمد محمود، وآخرون، الجغرافية السياسية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، الجمهورية العراقية، بدون سنة ومكان الطبع، ص١٤٩.

(١٨) د. فاضل زكي محمد، السياسة الخارجية وأبعادها في السياسة الدولية، مطبعة شفيق، بغداد، الطبعة الأولى ١٩٧٥، ص١٠٠-١٠١.

(١٩) هاني الياس خضر الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص٢٠.

(٢٠) د. وليد حمدي الاعظمي، العلاقات السعودية الأميركية وأمن الخليج في وثائق غير منشورة (١٩٦٥-١٩٩١) دار الحكمة، الطبعة الأولى، ١٩٩٢، ص٢٢-٢٣.

(٢١) ولاء عبدالباقي الرويشدى، مصدر سبق ذكره، ص٧-٨.

(٢٢) د. عبدالرزاق عباس حسين، الجغرافية السياسية مع التركيز على المفاهيم الجيوبولوتيكية، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٦، ص٣٤٠.

(٢٣) هاني الياس خضر الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص٢٢-٢٣.

(٢٤) د. محمد السيد سليم، تحليل السياسة الخارجية، دار الجيل، بيروت، القاهرة، تونس، الطبعة الثانية، ٢٠٠١، ص٢٤١.

(٢٥) هادي العلوى، قاموس الدولة والاقتصاد، دار الكنوز الأدبية، بيروت، الطبعة الأولى ١٩٩٧، ص٢٧.

(٢٦) د. روبرت ود. كانتور، السياسة الدولية المعاصرة، ترجمة د. احمد ظاهر، مركز الكتب الأردنى، ١٩٨٩، ص٣٩٧-٤٠٠.

(٢٧) د. حميدة سميسم، نظرية الراي العام مدخل، وزارة الثقافة والإعلام، بغداد ١٩٩٢، ص٤٩.

(٢٨) هاني الياس الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص٢٥.

(٢٩) د. محمد سيد سليم، مصدر سبق ذكره، ص٢٤١-٢٤٩.

(٣٠) د. اسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسة الدولية، دراسة تحليلية مقارنة، دراسات السلاسل الكويت، الطبعة الثانية ١٩٨٧، ص٢١٥.

(٣١) د. محمد السيد سليم، مصدر سبق ذكره، ص٢٤٩.

(٣٢) زايد عبيدالله مصباح، مصدر سبق ذكره، ص٩٦-٩٧.

(٣٣) كانبي محمد عولا، الديمقراطية والسياسة الخارجية، بحث البكالوريوس، جامعة صلاح الدين/كلية القانون والسياسة – قسم السياسة، اربيل، ١٩٩٧، ص٢٠.

(٣٤) اوستن رني، سياسة الحكم، ج١، ترجمة حسن على الذنون، المكتبة الأهلية، بغداد ١٩٦٤، ص٣١٧-٣١٨.

(٣٥) د. هالة ابوبكر سعودي، السياسة الاميركية تجاه الصراع العربي – الإسرائيلي ١٩٦٧-١٩٧٣، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، الطبعة الأولى ١٩٨٣، ص١١٣.

(٣٦) للمزيد راجع: د. عامر حسن فياض، انتباهات منهجية حول العلاقات مابين الرأي العام والاتصال، مجلة البحوث الإعلامية، العدد ١٩-٢٠، السنة السابعة ٢٠٠٠، ص٤٥.

(٣٧) منصف السليمي، مصدر سبق ذكره، ص٣٠.

(٣٨) هاني الياس خضر الحديثي مصدر سبق ذكره، ص٢٦٨

(٣٩) انظر للتفاصيل: د.مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الخارجية، مصدر سبق ذكره، ص٢١٤-٢١٥.

(٤٠) هاني الياس خضر، مصدر سبق ذكره، ص٣١.

(٤١) منصف السليمي، مصدر سبق ذكره، ص٢٣٤.

(٤٢) جلال عبدالله معوض، مصدر سبق ذكره، ص٢٨٨.

(٤٣) لمزيد من الاطلاع انظر: جان مينو، الجماعات الضاغطة، ترجمة يهيج شعبان، منشورات عويدات، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٨٠، ص١٢و ما بعدها. وانظر: د. مهدي جابر مهدي، محاضرات في نظريات النظم السياسية، القيت على طلبة الصف الثالث بقسم السياسة بكلية القانون والسياسة للعام الدراسي ١٩٩٨-١٩٩٩. وانظر ايضا: كمال المنوفي، اصول النظم السياسية المقارنة، شركة الربيعان- الكويت، الطبعة اللأولى ١٩٨٧، ص١٦٨.

(٤٤) هاني الياس خضر الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص٢٣.

(٤٥) مهدي جابر مهدي، التطورات السياسية في الشرق الأوسط، محاضرات القيت على طلبة المرحلة الرابعة في قسم السياسة في كلية القانون والسياسة بجامعة صلاح الدين، سنة ٢٠٠١-٢٠٠٢.

(٤٦) د. مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الخارجية دراسة نظرية، جامعة بغداد ١٩٩١، ص٢٢٢-٢٢٣.

(٤٧) د. احسان محمد الحسن، علم الاجتماع السياسي جامعة بغداد، مطابق جامعة الموصل، ١٩٨٤ ص١٨٩

(٤٨) صلاح أحمد محمد أمين الديمقراطية والجماعات الضاغطة، بحث البكالوريوس بجامعة صلاح الدين، كلية القانون والسياسة – قسم السياسة، اربيل ١٩٩٧، ص١٦.

(٤٩) ممدوح الزوبي، هل ستسقط أميركا كما سقط الاتحاد السوفيتي رؤية مستقبلية، مؤسسة الإيمان، بيروت، دار الرشيد، دمشق، الطبعة

الثانية١٩٩٧، ص٢٨-٣٥. وانظر ايضا: د. صادق الأسود، علم الاجتماع السياسي اسسة وابعاده، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، ص٥٢٤ وما بعدها.

(٥٠) زايد عبيدالله مصباح، مصدر سبق ذكره، ص٩٨.

(٥١) د.فاضل زكي محمد، السياسية الخارجية وابعادها في السياسة الدولية، مطبعة شفيق، بغداد، الطبعة الأولى ١٩٧٥، ص٥٠.

(٥٢) د. لويد جنسن، تفسير الخارجية، ترجمة: محمد ابن احمد مفتي و د. محمد السيد السليم، مطابع جامعة الملك سعود، الرياض، الطبعة الأولى ١٩٨٩، ص١٧٦.

(٥٣) زايد عبيدالله مصباح، مصدر سبق ذكره، ص١٠١.

(٥٤) منصف السليمي، مصدر سبق ذكره، ص١٩٠.

(٥٥) نفس المصدر، ص٢٧١.

(٥٦) نفس المصدر و والمكان.

(٥٧) انظر: عارف محمد خلف البياتي، مصدر سبق ذكره، ص٩٤، وانظر: امين هويدى، كيسنجر وإدارة الصراع الدولي، دار الموقف العربي، مصر، الطبعة الثانية، ١٩٨٦، ص١٣٠.

(٥٨) د. روبرت و د. كانتور، مصدر سبق ذكره، ص٤١٦.

(٥٩) زايد عبيدالله مصباح، مصدر سبق ذكره، ص٢٠٠.

(٦٠) د. اسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسة الدولية، مصدر سبق ذكره، ٢٠٠-٢١٠.

(٦١) د. السيد عليوة، مصدر سبق ذكره، ص١٥٥.

(٦٢) هاني الياس خضر الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص٤٢.

(٦٣) د. مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الخارجية، مصدر سبق ذكره، ص٢٦٩.

(٦٤) ادولف هتلر، كفاحي، ترجمة: يونس الحاج، مطبعة الراية، بغداد، دار صادر، بيروت ١٩٩٠، ص٩.

(٦٥) هاني الياس خضر الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص٤٦.

(٦٦) د. لويد جنسن، مصدر سبق ذكره، ص٣٠.

(٦٧) امين هويدي، مصدر سبق ذكره، ص١٣١، وص١٤٣.

(٦٨) منصف السليمي، مصدر سبق ذكره، ص٢٥٤.

(٦٩) سعد خضر خلف العبيدي، مصدر سبق ذكره، ص٥٤.

(٧٠) د. حسن صعب، علم السياسة، دار العلم للملايين، بيروت، الطبعة الخامسة ١٩٧٧، ص٢٠٠.

بەشی دووەم

ئەو فاکتەرە دەرەکیانەی کار لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی دەکەن

لە بەشی یەکەمی باسەکەماندا دیارترین فاکتەرە ناوخۆییەکانمان تاوو توێ کرد، لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر گرنگترین ئەو فاکتەرە دەرەکیانەی کە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەسەر بڕیاری سیاسی دەرەکی، ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار هەیە، کە زۆر جار ئەگەرەکانی دروستکەری بڕیار لەمەڕ کێشەو قەیرانە ئاڵۆزەکان کەم دەکەنەوە، ئەمانەش ((کۆمەڵێك فاکتەرو کۆتن کە هەڵقوڵاوی بارودۆخ و ژینگەی دەرەکی بڕیار بەدەستن، بە واتایەکی دی، کۆی کاریگەری تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتین، لەسەر ڕەفتاری سیاسی دەرەکی دەوڵەت))[1].

هەر بۆیە ئەم فاکتەرانە کاریگەرێتییان هەیە لەسەر ئازادی جموجوڵ و بزاوتی بڕیار بەدەستی ئەو یەکە نێودەوڵەتیانەی کە سیستمی نێودەوڵەتی پێك دێنن، هەروەها ئاستی سەرکەوتنی بڕیار بەدەست بەم کۆت و پێوەندانەوە بەندە، لەبەر هەموو ئەمانە هۆکاری گرنگ لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا، کە کار دەکاتە سەر ئاستی سەرکەوتنی بڕیاری سیاسی دەرەکی بریتییە لە سیاسەت و ڕەفتاری لایەن و یەکە نێو دەوڵەتیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی نێودەوڵەتی.

هەروەها ((ئەم فاکتەرانە سیستمی نێودەوڵەتی و مەسافەی نێودەوڵەتی (المسافة الدولیة) و کارلێکی نێودەوڵەتی و هەڵوێستی نێودەوڵەتی دەگرێتەوە))[2].

لەسایەی جیهانی هاوچەرخ و شۆڕشی پەیوەندیەکان و مەعریفەو زانستدا پەیوەندی نێوان یەکە نێودەوڵەتیەکان زیاد دەکات، بەمەش ئەو کارو کاردانەوەیەی، کە کار دەکاتە سەر سیاسەتی دەرەکی وولاتان، زیاد دەکات، بۆیە بە باشمان زانی لەم بەشەداو لەسێ باسدا جەخت لەسەر ئەم فاکتەرە دەرەکیانە بکەین:-

- سروشتی سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی.
- ڕێکخراوە حکومی‌یەکان (هەرێمی و نێو دەوڵەتیەکان).
- ڕێکخراوە ناحکومیەکان.
- کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان.
- هەروەها فاکتەرە مەعنەویە نێودەوڵەتیەکان کە خۆی لە یاسای نێودەوڵەتی‌و ڕای گشتی جیهانیدا دەبینێتەوە.

باسی یەکەم

سروشتی سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی

ئامانج و توانای یەکە نێودەوڵەتیەکان لە سەردەمو کاتێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازەو گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش دەبێتە مایەی گۆڕینی سیاسەتەکانی و ئەو کاریگەریە لەسەر سیستەمی نێودەوڵەتی بەجێدەهێڵێت، کە دەبێتە مایەی گۆڕینی پەیکەری (الهيكل)ی سیستمی سیاسی بە شێوەیەکی بەردەوامو گۆڕانی هاوسەنگی هێزەکان لە قۆناغ و سەردەمێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، لەبەر ئەوەی یەکە نێودەوڵەتیەکان بە شێوەیەکی بەردەوام لەنێو خۆیاندا کاردەکەن و تواناو کاریگەرێتی‌یان لە سیستمی نێو دەوڵەتیدا یەکسان نیە، هەر بۆیە لە زۆربەی کاتدا بە بەرژەوەندی زلهێزەکان تەواو دەبێت.

((بارودۆخی نێودەوڵەتی یان جم و جۆڵێکی خێرایە (بۆ نموونە ڕوودانی جەنگ)، یاخود خێرایی‌یەکەی مام ناوەندە (بۆ نموونە جەنگی سارد Cold War)، یان خێرایی‌یەکەی سستە (بۆ نموونە بارودۆخی ئاسایی))).[٣] ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە بارودۆخی نێودەوڵەتی لە هەموو قۆناغەکاندا لە جم و جۆڵدایەو خێرایە بەڵام بە پلەی جیاواز.

لەبەر ئەوەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان کاریگەرێتی شۆڕشی تەکنەلۆجی‌و پێشکەوتنی هۆکارەکانی پەیوەندی‌و ئاڵوگۆڕ کردنیان لەسەرە، وەك (ماك لوهان) دەڵێت: جیهان بوەتە گوندێکی گەردونی. وولاتان لە

سایەی ((گوندی گەردونی))دا کاریگەریتی بنەما گشتییەکان و سیفەتەکانی سیستمی نێودەوڵەتیان لەسەرە، لەوانە: جۆری دابەش بوونی هێزەکان، تاك جەمسەری یان دوو جەمسەری یاخود فرە جەمسەری. وە جەمسەرگیری لە پێکهاتەی نێودەوڵەتیدا کار دەکاتە سەر شێوازی بڕیاردان، چ لەناو بازنەی هاوپەیمانێتیدا بێت یان لە نێو وڵاتاندا. بۆ نموونە: یەکڕیزی (التماسك) هاوپەیمانیەتیەکان وا دەکات دەوڵەتانی ئەندام لە هاوپەیمانێتیدا هەوڵ بدەن بۆ گەیشتن بە سیاسەتێکی هاوبەش بەرامبەر بە کێشە نێو دەوڵەتیەکان، پێش ئەوەی پێشنیارەکان پێشکەش بە هاوپەیمانە نەیارەکانیان بکەن (وەك دانوستان بۆ چەك داماڵین).

بەڵام لەسەردەمی دوو جەمسەری مەزن دا بە پێچەوانەوەیە، بۆ نموونە هەوڵی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ ((NATO)) کەم بوە پێش ئەوەی پرۆژەکەیان پێشکەشی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بکرێت.[4] ئەمەو کاریگەریتی ئەو وڵاتانەی سەر بە دوو جەمسەرن لە سایەی سیستمی دوو جەمسەریدا لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت ((وە پەیوەندی پاشکۆیانەی ئەم دەوڵەتانە بە دوو جەمسەرەکەیەوە وا دەکات زۆرجار لەلایەن زلهێزەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانیان بەکار بهێنرێن، بە شێوازێك کە جەنگ لەبری ئەوان ئەنجام بدەن (الحرب بالنيابة)، ئەمە لەگەڵ فەرامۆش نەکردنی قۆستنەوەی ئەم پەیوەندیە بۆ بەرژەوەندی وڵاتە پاشکۆکان، بەمەرجێك کە زیان بە بەرژەوەندی وڵاتە گەورەکان نەگەیەنێت))[5] وەك لە سەردەمی دوو جەمسەریدا ڕویداوە زۆرجار، ئەمەش بە ڕوونی لە مەسەلە سیاسیەکاندا بەدەر دەکەوت.

ئەمەو بڕیاری سیاسی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا لایەنگرو پشتیوانی دەبێت، هەروەك چۆن دژو بەرهەڵستکاری دەبێت، وە هەندێك لایەن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانیان بێ لایەنی هەڵدەبژێرن لەم چوارچێوەیەدا ئەو ئەگەرانەی ڕووبەڕووی خاوەن بڕیار دەبنەوە ئەمانەن[6]:-

١- بازنەی ئەو هێزانەی ئەگەری پشتیوانیان لێ چاوەڕوان دەکرێت (دۆست و پشتیوانان، لایەنگرە ماددیو مەعنەویەکان، لایەنگری سەر زارەکی...).

٢- بازنەی ئەو هێزانەی ئەگەری نەیاریو دژایەتیان لێ چاوەڕوان دەکرێت (نەیاران بە هەڵوێستی ڕوونو ئاشکرا، نەیارانی لایەنگری دوژمن، نەیارانی هاوبەشو هاوکاری دوژمن).

٣- بازنەی ئەو هێزانەی ئەگەری بێ لایەنیان لێدەکرێت.

چالاکیە سیاسیو دیبلوماسیەکان توانای کەم کردنەوەی بازنەی نەیاران بۆ بێ لایەنیو گۆڕینی هێزە بێ لایەنەکان بۆ هێزی دۆستو لایەنگرانیان هەیە، هەروەك چۆن ئەم چالاکیانە کارکردن لە گۆڕەپانی نێو دەولەتیدا ئاسان دەکەن، بە شێوەیەك کە بڕیاری سیاسی ئەگەرو هەلی سەرکەوتنی بەدەست بهێنێت. بۆ نموونە: ئەم کارو چالاکیانە بە ڕوونی لەکاری سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەدی دەکرێتو جێبەجێی کردووە لەمیانەی بەرپاکردنی جەنگی دژی ئەو وولاتانەی کە لەنێو لیستی تیرۆریستاندا دایناونو لە بڕیاریشدا بۆ جەنگی دژی ئەفغانستانو عێراقو ئەو وولاتانەی ئەگەری لێدانیان دەکرێت لە لایەن ئەمریکاوە، بە شێوەیەك کە هەموو هێزو تواناکانی خۆی بەگەڕ خستووە بۆ بەدەست هێنانی فراوان ترین هاوپەیمانێتی نێودەولەتی بۆ دژایەتی کردنی نەیارانی خۆی، ئەم هەنگاوانەی بە پاڵپشتی کاری دیبلۆماسی بەردەوام ئەنجام دەدات تا ئەوپەڕی توانا بڕیارو کارەکانی سەرکەوتوو بێتو ڕای گشتی جیهانیش لەسەر هەردوو ئاستی ڕەسمیو ناڕەسمی (دەسەلات و جەماوەر)دا بۆلای خۆی ڕابکێشێت. سیستمی سیاسی نێودەولەتی بەم پەیکەرەی ئێستایەوە (تاك جەمسەری) چەندین تایبەتمەندی لەخۆ گرتووە، بە شێوەیەك جیا دەکرێتەوە لە قۆناغەکانی پێشووتر، جیا دەکرێتەوە بە تایبەتمەندی فرە لایەنی (اللاتجانس)و فرە بەرژەوەندی، کە جۆری کارلێکی نێوان یەکە سیاسیە پێکهێنەرەکانی بارودۆخ و واقیعی نێودەولەتی دیاریدەکەن، بۆ نموونە: وڵاتانی باشوور لەکۆمەڵە دەولەتێك پێکدێن کە لەڕووی تواناو هێزەوە جیاوازن لەیەکتریو ناتوانن ویستو بەرژەوەندییەکانیان لەسەر ئاستی نێو دەولەتیدا بسەپێنن، هەروەها خاوەنی ناوەندێکی بڕیاری بەهێزنین کە بتوانێت چەند هەڵوێستێکی سیاسی نێودەوڵەتی گەلاڵە بکات لە بەرامبەر ئەو کێشەو قەیرانانەی کە هەڕەشە لە ئاسایشو سەربەخۆییان دەکات. دەبینین ئەم دەوڵەتانە بونەتە پاشکۆ لە ڕووی سیاسیو ئابوریەوە بۆ وولاتانی باکور لە ئەنجامی لاوازی سیاسیاندا، بەلام وولاتانی باکور پشت بە

ستراتیجیەتی پەراوێز خستن و سەرقاڵ کردن دەبەستن بەرامبەر وڵاتانی باشور، ئەمەش لەمیانەی قوڵکردنەوەی پاشکۆیەتیان لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە بۆ وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکان.

لە جیهانی ئەمڕۆدا کە بەتاکە جەمسەری و هەژمونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ڕۆڵی کاریگەری لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش ناسراوە، زۆربەی وڵاتان هەوڵ دەدەن پەیوەندیان لەگەڵ ئەمریکادا باش بکەن، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانیان، ئەمەش پاشکۆیەتی زۆربەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بۆ ئەمریکا ڕوون دەکاتەوە.

بڕیاری سیاسی دەرەکی لەهەر دەوڵەتێکدا ڕەفتاری دەوڵەتانی تر کاری تێدەکات، بۆ نموونە: لەکاتی ململانێی نێوان دوو دەوڵەت لایەنەکانی تر (لایەنی سێهەم) ڕۆڵی خۆیان دەبینن بۆ کار کردنە سەر ڕەفتاری دوو دەوڵەتە ناکۆکەکە بەڕێگای خستنە ڕووی (وساطة) یان کۆمەکی ئابوری یان سەربازی و سیاسی، یاخو لەڕێگای بەکارهێنانی، یان بە شێوەی هەڕەشە، یاخود سەر زەنشت کردن یان کێشانەوەو وەستاندنی کۆمەکی سەربازی و ئابوری و سیاسی، بۆیە هەر بڕیارێك پەیوەندی بە جەنگەوە هەبێت، پێویستە ئەگەری کاردانەوەی لایەنی سێهەمی تێدا ڕەچاو بکرێت.[٧]

لەم سۆنگەیەوە بۆمان دەرکەوت کە وڵاتان لە دەرکردنی بڕیارە سیاسیە دەرەکیەکاندا پێویستە ڕەچاوی چەند کۆسپ و لەمپەرێکی نێودەوڵەتی بکەن کە لە دەرەنجامی فشاری سیاسی نێودەوڵەتیەوە دروست دەبێت، وە هەر کاتێك فشاری نێودەوڵەتی زیاد بکات بواری کارو جوڵان و ڕەخسانی هەلی سەرکەوتن کەم دەبێتەوە. بەڵام هەر کاتێك فشار کەم بێتەوە ئەوا جێگرەوەکان و هەل و بواری هەڵبژاردن زیاد دەکات.[٨]

ماوەتەوە بڵێین سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی بە یەکێك لەو فاکتەرانە دەژمێررێت کە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت و لەهەر قۆناغێکیشدا ڕۆڵی دیاری کراوی خۆی دەبێت.

باسی دووەم

یەکە سیاسییە نێو دەوڵەتییەکان

لەم باسەدا لە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی یەکان و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان دەدوێین، کە وەك دوو یەکەی نێودەوڵەتی کار لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی دەکەن:-

یەکەم:- ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یەکان:-

چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یەکان بە یەکێك لە کارتێکەرە دەرەکی یەکان دادەنرێ لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیاری دەرەکی هەر دەوڵەتێکدا، ئەمەو پلەی کاریگەرێتی لە ڕێکخراوێکەوە بۆ ڕێکخراوێکی دی دەگۆڕێ بەپێی گرنگی ڕێکخراوەکە بۆ وڵاتەکە، هەروەها لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تریش دەگۆڕێت بەپێی توانای دەوڵەت لە ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو فشارانەی کە بەهۆی ئەندامێتی یەوەلە ڕێکخراوێکی دیاری کراودا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.[٩]

مەبەستمان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یەکان، حکومی و ناحکومی یەکانیش دەگرێتەوە، ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یە حکومی یەکان بەشداری لایەنێکی گرنگی کارلێکی نێو دەوڵەتی، دەکەن هەر بۆیە کاریگەرێتی جۆراو جۆر لەسەر ڕەفتاری سیاسی دەرەکی وڵاتان و جۆری ژینگەی دەرەکیان بەجێ دەهێڵن، ئەم کاریگەرێتیەش بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەو ڕێکخراوانەدا دەردەکەوێت کە خاوەن ئاڕاستەیەکی کامڵن واتە سروشتێکی ئیلزامی یان پێوە دیارەو دەتوانن بڕیاری سیاسی گەردنگیر (ملزم) بەسەر هەریەك لەو وڵاتانەدا بسەپێنن کە تێیاندا ئەندامن، ئەمە بەبێ ڕەچاوکردنی ویستی سیاسی وڵاتەکە، بەم شێوەیە پرۆسەی بڕیاردان تەنها لەلایەن دەوڵەتەوە قۆرخ نەکراوە[١٠]، بۆ نموونە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئەمڕۆ بە بالاترین جۆرەکانی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی دەژمێردرێت، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پەیوەندی یە نێودەوڵەتی یەکان و دیاری کردنی ڕەفتاری وڵاتاندا

وەك: چارەسەری ناکۆکی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان بە ڕێگەی جۆراو جۆر، هەروەها بابەتی دەست تێوەردانی مرۆیی.

بە پێی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویست کراوە لەسەر ئەندامانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پەنا ببەنە بەر شێوازی ئاشتیانە بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکیە نێودەوڵەتیانەی کە هەڕەشە لە ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکەن.

لەم بارانەدا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ڕۆڵ شوێنی کاریگەر دەگرێتەبەر وەك لە ماددەی (٤٢)ی میساق دا ئاماژەی بۆ کراوە.[١١]

جگە لە ڕێکخراوە حکومیە نێودەوڵەتیەکان چەندین ڕێکخراوی هەرێمی‌ی (ناوچەیی) هەیە، وەك ڕێکخراوی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی‌و ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقا... هتد. کە هەوڵ دەدەن بۆ گەشەپێدانی هاوکاری نێوان ئەندامانیان لە بوارەجیاجیاکاندا.

ئەمەو ڕۆڵی هەریەك لەم ڕێکخراوانەو کاریگەرێتی‌یان لەسەر ڕەفتاری وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوێکەوە بۆ ڕێکخراوێکی تر دەگۆڕێت.

ئەمەو میساقی هەریەك لەم ڕێکخراوانە، جیهانی بن یان ناوچەیی، هەروەها ئاستی نزیکی وڵاتانی ئەندام تێیدا، وە ئاستی بوونی ئامرازو میکانیزمی کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانیان بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە چارەسەری ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان‌و ناوچەیی‌یەکانەوە هەیە، هەموو ئەمانە بە بنچینەی ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوانە دادەنرێت، واتە بەگۆڕانی ئەم فاکتەرانە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانیش دەگۆڕێت، هەروەها کاریگەرێتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە کارلێکە ناوچەیی‌و جیهانیەکاندا، لە ئاستی کاریگەرێتی جوڵانەوەی سیاسی دەرەکیانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەك چۆن لەو سوودانەی کە بۆ وڵاتانی ئەندام بەدی دەهێنن سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئەو سودانە پاڵنەرن بۆ ئەندامان بۆ بەکارهێنانی ڕێکخراوەکانیان وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە هەلومەرجە سیاسیەکاندا، ئەمەش لەمیانەی چوار ئاستی بنچینەیی‌دا خۆی دەبینێتەوە[١٢]:-

١- هەندێك لە وڵاتانی ئەندام لە ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكاندا ڕێكخراوەكە بەكاردەهێنن بۆ دابین كردنی سودو قازانجگەلێكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، وەك دەستخستنی كۆمەك و یارمەتی.

٢- هەندێك لە وڵاتان ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان بەكاردێنن وەك ئامرازێك كە كاریگەری بەكۆمەڵی هەیە، تا ڕێكخراوەكە چەند سیاسەتێكی ئەوتۆ بگرێتە بەر كە لە بەرژەوەندی وڵاتەكەیاندا بێت.

٣- ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان هەل بۆ وڵاتانی ئەندام دەڕەخسێنن تا ڕێكخراوەكان وەك ئامرازێك بەكاربهێنن بۆ ڕزگار بوونی لە هەڵگرتنی ئەركی بەرپرسیارێتی و چەند ئەركێكی دیاریكراو كە دەوڵەتەكە ویستی لەسەری نی یە.

٤- ئەگەری بەكارهێنانی ڕێكخراوەكان بە مەبەستی سەرنج ڕاكێشانی ڕای گشتی نێودەوڵەتی و جیهانی.

لەم سۆنگەیەوە بۆمان دەردەكەوێت كە ڕێكخراوە حكومیە نێودەوڵەتی و ناوچەیی یەكان وەك یەكەیەكی نێودەوڵەتی كاریگەرێتی بەرچاویان هەیە لە سیاسەتی دەرەكی وڵاتاندا، ئەمە سەبارەت بە ڕێكخراوە حكومیە نێودەوڵەتیەكان، جیهانی و ناوچەیی یەكانی.

دەكرێت لێرەدا بپرسین ئایا ڕێكخراوە ناحكومیەكان كاریگەرێتی یان هەیە لەسەر پرۆسەی دروستكردنی بڕیاری سیاسی دەرەكی؟ ڕێكخراوە ناحكومیەكانیش بەشداری لە ژیانی سیاسی نێودەوڵەتیدا دەكەن، ئەمەو كاریگەرێتی یان هەیە لەسەر حكومەتەكان و داموو دەزگاكانی دروستكردنی بڕیار تێیاندا، هەروەها ڕۆڵی ئاشكرایان هەیە لە دانانی خشتەی كارو پلان و داڕشتنی سیاسەتدا، دواتر لە جێبەجێكردنیشدا. هەروەها ئامرازێكی گرنگە بەدەست كۆمەڵگەكانەوە بۆ خۆ دوور خستنەوە لە ململانێ یەكان، هەروەك هەڵدەستن بە ڕۆڵی ناوبژیوانی لەنێوان لایەنە ناكۆكەكاندا لە پێناو گەیشتن بەصیغەو میكانیزمێكی ئاشتیانە بۆ چارەسەركردنی ناكۆكی و جیاوازیەكان.

سروشتی ناحكومی ئەم ڕێكخراوانە وا دەكات گۆڕەپانێكی فراوانی كاركردن بگرێتە خۆ، هەرچەندە توانای دارایی یان سنوردارە، لەگەڵ ئەوەشدا

جێمتمانەیان زیاترە لە ناوبژیوانە ڕەسمیەکان زۆر جار ڕێکخراوە ناحکومیەکان ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە کوژاندنەوەو کپ کردنی کێشە ناوخۆیی‌و ناوچەیی‌یەکاندا، هەروەها لە چەندین بواردا فشار دەخەنە سەر حکومەتەکان.[١٣]

هەرچەندە ژمارەی ئەم ڕێکخراوانە بەرەو زیادبوون دەڕوات‌و ((دەگاتە نزیکەی (٣٦) سی‌وشەش هەزار ڕێکخراوی ناحکومی))[١٤]وە چالاکیشیان لە زیاد بووندایە، بەڵام ڕۆڵی کاریگەرێتی‌یان لەسەر حکومەتەکان تا ئێستاش جۆرێك لە لاوازی پێوە دیارە، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیاری گەردنگیر نیە بەسەر وولاتاندا، بەڵکو دەرکردنی بڕیار لە زۆربەی بوارەکاندا لەلایەن دامو دەزگاکانی دەوڵەتەوە قۆرخ کراوە. بەڵام لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەم ڕێکخراوانەو هەمەجۆری شێوازو ڕێبازو میکانیزمی کارەکانیان دەخوازرێت ببنە فاکتەرێکی کاراو کاریگەر لە فاکتەرەکانی ئاسایش‌و ئارامی لەبارودۆخی نێودەوڵەتیدا، ئەمەش بەڕێگەی کاریگەریان لەسەر حکومەتە جۆربەجۆرەکان‌و بڕیار بەدەستان بەو ئاڕاستەیەی کە ئاشتی‌وهاوکاری نێودەوڵەتی بهێنێتە دی...

دووەم:- کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان

مەبەست لە کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان ئەو کۆمپانیا زەبەلاح‌و گەورانەن کە لە چەندین کۆمپانیای بچوك‌و لاوەکی پێك دێن‌و لە چەندین وولاتی پیشەسازیدا کار دەکەن‌و بەرهەمەکانیان لە چەندین وولاتی جۆراوجۆردا دەفرۆشن، ئەم کۆمپانیایانە لە دەرەوەی سنوری وولات کاردەکەن، کە لقی کۆمپانیایەکن کە سەر بە کۆمپانیا سەرەکیەکانن لە وولاتی دایك دا، ئەم کۆمپانیایانە سنوری سیاسی دەبەزێنن، دەوڵەتی دایك کار دەکات بۆ فراوان کردنی چالاکی کۆمپانیاکانی بە مەبەستی دەست گرتن بەسەر بازاڕی دەرەکیدا.[١٥]

ژمارەی ئەم کۆمپانیایانە بە تایبەت لەم قۆناغەی ئەمڕۆدا بەهۆی تەکنەلۆجیای هاوچەرخەوە ڕۆژ بەڕۆژ لەزیاد بوندایە، وە بە یەکێك لە ڕاستیەکانی دیاردەی نێودەوڵەتی دادەنرێن. ئەمەو ئەم کۆمپانیایانە چالاکی دەرەکیان لەسەر ڕووبەرێکی فراوان بڵاوبوەتەوە کە چەندین وولاتی پێشکەوتوو و تازە پێشکەوتوو لەیەك کاتدا دەگرێتەوە، بە تایبەت کۆمپانیا گەورەو زەبەلاحەکان، کە خاوەنی توانایەکی ئابوری ئەوتۆن کە هەندێك جار

له داهاتی نێوخۆیی چەندین وولاتی تازە پێگەیشتوو زیاترە. کاریگەری نێودەوڵەتی ئەم کۆمپانیایانە بەشێوەیەك فراوان و درێژ دەبێتەوە کە دەوڵەتی دایك و دەوڵەتانی پێشوازیکەر لە کۆمانیاکە دەگرێتەوە، چ جای لە سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی چونکە ئەم کۆمپانیایانە زۆرجار بەشداری لە دروستکردنی بڕیاردا دەکەن، دەوڵەتی دایکیش کۆمپانیاکان بۆ پشتگیری کردنی سیاسەتی دەرەکی خۆی بەکاردەهێنێت.

هەرچەندە بوونی ئەم کۆمپانیایانە لە دەوڵەتە پێشوازیکەرەکان بە تایبەت تازە پێگەیشتووەکان لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی خۆی هەیە، ئەمەو هۆکاری زاڵ بونیان بەردەوام و نەگۆڕ نیە، هەروەها یەك شێوازیش ناگرێتە خۆ، بارو هەلومەرجی ئابوری و دارایی و تەکنەلۆجی و سیاسی کۆمپانیاکان کە ئەو ژینگەیە پێك دەهێنن، کە کۆمپانیاکان لە چوارچێوەیدا کاردەکەن لە نێوخۆی دەوڵەتی دایك و دەوڵەتی پێشوازی کەردا، دەستنیشانی قورسایی و باڵا دەستی دەوڵەتێکی ئەوتۆ دەکات بەسەر دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی ترەوە.[١٧]

لە ڕاستیدا کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە سیستمی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا، جا ئەم ڕۆڵ و کاریگەرێتی یە یان بە ڕێگای سەربەخۆ و بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەرەکی کۆمپانیاکان خۆیانەوە دەبێت، یاخود لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمپانیاکانەوە دەبێت لە لایەن وولاتە پێشکەوتووەکانەوە بۆ فشار خستنە سەر وولاتانی باشوور و سەپاندنی نەخشەو پلان و بەرژەوەندیەکانیان بە سەریاندا، ئەمە لە کاتێکدا کە ((٩٠٪ ی ئەم کۆمپانیایانە سەربە سێ کوچکەی (ئەمریکی- ئەورووپی- یابانی)ن))[١٨]وە قازانجەکەشیان - کە لە هەندێك حاڵەتدا چەند قاتی سەرمایەکەیان دەبێت - دەگەڕێتەوە گیرفانی خۆیان.لێرەدا ڕۆڵی بەرژەوەندیە ئابوریەکانمان بۆ دەردەکەوێت لە گۆڕینی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتان و کاریگەرێتی یان لەسەر یەکتری.

دەتوانرێت شوێنەواری ڕەفتاری نێودەوڵەتی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان لەمیانەی ئەو ڕۆڵە دوو فاقەیی یەوە (المزدوج) دیاری بکەین کە دەیگێڕن، لە لایەکەوە دەکرێت ئەم کۆمپانیایانە ببنە ئامرازێك لە ئامرازەکانی زاڵبون و فراوان بوونی دەسەڵات بەدەست دەوڵەتی دایکەوە، لەلایەکی ترەوە دەکرێت ئەم کۆمپانیایانە وەك یەکەیەکی کارای نێو دەوڵەتی دەربکەون کە توانایەکی

ڕاستەقینەیان لەبەر دەستدا بێت بۆ کاری سەربەخۆو دوور لە دەوڵەتی دایك.[19]

کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان کار بۆ ئەوە دەکەن کە بگەنە سەرچاوەو ناوەندەکانی بڕیار لەو دەوڵەتانەدا کە سەرمایەکەیانیان تێدا وەبەر دەهێنن. بۆ نموونە: کاتێك کۆمپانیای (کرایسلەر)ی ئەمریکی وەستاندنی کاری ڕاگەیاند لەو کارگەیەیدا کە لە بەریتانیا بوو لە سکوتلەندا، کارێکی وای کرد کە نزیك بوو قەیرانێکی سیاسی لێ بکەوێتەوە لە بەریتانیا، چونکە ئەم بڕیارە هانی بزوتنەوەی جودا خوازی سکوتلەندای دا کە بگەڕێتەوە بۆ چالاکی خۆی و داوای جیابوونەوە بکات لە بەریتانیا.

لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانیشدا ئەم کۆمپانیایانە فشارە ئابوریەکانیان بەکاردەهێنن بۆ گۆڕین و هەموار کردنی بڕیارە سیاسیەکان یان گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەوایی، هەروەك چۆن لە گواتیمالا ڕووی دا کاتێك کۆمپانیای میوە فشارە ئابوریەکانی خۆی لە دژی حکومەتی نیشتمانی لە وڵاتەکەدا بەکارهێنا.

لە ڕاستیدا تا کاروباری کۆمپانیاکان زیاد بکات، جۆرو شێوازی پەلهاویشتنی زیاد دەکات، بۆ نموونە: کۆمپانیاکان دەتوانن دزە بکەنە ناو وڵاتانەوە لە ڕێگەی ئەو کۆمەکیانەی پێشکەش بە زانکۆو دامەزراوە زانستیەکانی دەکەن لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا، یاخود لە ڕێگەی پێشکەش کردنی پسپۆڕی و شارەزایی خۆڕایی‌یەوە بەو وڵاتانە، بەو شێوەیەی کۆمپانیاکان ویستیان لەسەریەتی و دیاری دەکەن، هەندێك جاریش بەرتیل دەدەن بە سەرۆك یان بەرپرسانی دەوڵەتان لە پێناو ڕاکێشانی سۆزو خۆشەویستیان بەلای خۆیاندا.[20]

لێرەدا ڕۆڵی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانمان لەسەر بڕیار بەدەستانی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

ماوەتەوە بڵێین تا چەندێك کۆمپانیاکان توانای کارو چالاکی هەمەجۆرو چوارچێوەی کارو جۆری میکانیزمەکانی زیادو باش و فراوان بن، زیاتر بواریان بۆ دەڕەخسێت کار لە بڕیاری سیاسی بکەن لەو وڵاتانەدا کە کاری تێدا دەکەن.

باسی سێهەم

فاکتەرە مەعنەوی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان

هەموو یەکەیەکی نێودەوڵەتی هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندیو ئامانجەکانی خۆی دەدات بە ڕێگاو میکانیزمی جۆراو جۆر، بەڵام لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات: ئایا ئەم ڕێگاو میکانیزمانە هیچ کۆسپو لەمپەرێکی مەعنەوی نایەتە ڕێگەیانو سنورداریان ناکەن؟

لە ڕاستیدا چەند فاکتەرێکی مەعنەوی نێودەوڵەتی هەیە کە چەند کۆتێك لەبەردەم بڕیار بەدەستاندا دادەنێن کەوای لێدەکەن نەتوانێت تەنها بەویستی خۆی هەڵسوکەوت بکات، یاخود بە ئاراستەیەکدا کە لەگەڵ واقیعی نێودەوڵەتی هاوچەرخو بەرژەوەندی یەکە نێودەوڵەتی‌یەکانی تردا نەگونجێت، یان بە پاساوی سەروەری‌یەوە لە دژی بەرژەوەندیو مافەکانی گەلەکەی مامەڵە بکات. بۆیە لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین کە ((هەوڵدان بۆ گرنتی کردنی بەرژەوەندی دەوڵەت لە لایەن بڕیار بەدەستانەوە نابێتە هۆیەك بۆ پێشێلکردنی ئەو بنچینە یاساییو ئەخلاقیانەی کە هەموو لایەك لەسەری کۆکن))(٢١).

بۆیە لەم باسەدا لە دوو فاکتەری سەرەکی مەعنەوی دەدوێین کە سنوری کاروبڕیار بەدەستان تەسك دەکەنەوە ئەوانیش بریتین لە:

١- یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ.

٢- ڕای گشتی جیهانی.

یەکەم:- یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ

مەبەست لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ ئەو هێزە ماددیو مەعنەویانەیە کە داموو دەزگاکانی یاسای نێودەوڵەتی هەیانەو کاری ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان وڵاتانو تاکەکانیان پێ سپێردراوە، پێویستە بڕیار بەدەستان ڕەچاوی یاسای نێودەوڵەتی بکەنو سوربن لەسەر ئەوەی کە بڕیارەکانیان، جیاوازیەکی ئابڕوبەری نەنوێنێ کە لە هەندێ کاتدا

کاریگەریەکەی لە شێوازێکی ئەخلاقیەوە بۆ شێوازێك دەگوێزێتەوە کە دامو دەزگا نێودەوڵەتیەکان سزای لە بەرامبەردا بەکاردێنن وەك سەرزەنشت و دابرینی سیاسی و ئابوری. لەم بارەدا بێگومان زیانێکی زۆر بە ئامانجی بریارە سیاسیەکە دەگات.[22]

لەم میانەیەوە یاسای نێودەوڵەتی رۆڵی ئاراستەکردنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەبینێ لەبواری بنچینەکانی رەفتار کردندا. گرنگترین ناوەندەکانی یاسای نێودەوڵەتی بریتی یە لە (دادگای نێودەوڵەتی) کە رۆڵێکی گرنگ دەبینێت بە تایبەت لە چارەسەرکردنی ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان هەروەك چۆن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی - لەگەڵ ئەو کەلێنانەی تێیدایە - رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشەنێودەوڵەتیەکان. لەو کەلێنانەش: مافی ڤیتۆ و فەرزکردنی ئیرادەی پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەپێی بەرژەوەندی یەکانیان، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

بەڵام لەگەڵ ئەو رۆڵ و کاریگەری یەی کە ئەم ناوەندانە دەگێرن زۆرکات دەوڵەتان مل کەچی ئەو بریارە نێودەوڵەتیانە نابن کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیاندا ناگونجێت.

یاسای نێودەوڵەتی زادەو دەرەنجامی مامەڵەی نێوان دەوڵەتان و کاریگەرێتی ئەو داب و نەریتانەیە کە دەبن بە عورف و بنەماو یاساگەلێك کە دەوڵەتان رازین بەسەر خۆیاندا جێبەجێی بکەن، ئەم یاساو بنەمایانەش یاساو بنەمایەکن بۆ رێکخستنی رەفتارەکانی دەوڵەت، بە واتایەکی تر، یاساو بنەمایەکن کە جۆرو شێوازی کارورەفتاری دەوڵەت دیاری و سنوردار دەکەن لە بواری جێبەجێ کردنی سیاسەتی دەرەکیاندا.[23]

لەگەڵ ئەوەی کە دامو دەزگاکانی یاسای نێودەوڵەتی دەسەڵاتێکی ناوەندی یان نیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ناتوانن بریارەکانیان هەمیشە یەکلاکەرەوە بێت لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا، وەك هەندێك جار دەبینین دەوڵەتان پەنا دەبەنە بەر سنور شکاندن و بەزاندنی بنچینە یاسایی یە نێودەوڵەتی و بریارە نێودەوڵەتیەکان - وەك قەوارەی زایۆنی - بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بەکەم سەیری ئەو یاساو رێساو بریارە نێودەوڵەتیانە بکەین، چونکە ئەم یاساو بریارانە زۆرجار توانای ئەوەیان

هەیە کە دەوڵەت یان یەکەی سەرپێچیکەر گۆشەگیر بکەن و لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە سەرزەنشت بکرێت، وە دەکرێت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربکرێت.

پوختەی ئەم باسە لەوەدا کۆدەبێتەوە کە یاسای نێودەوڵەتی و بڕیارە نێودەوڵەتی یەکان، زۆرکات، کاریگەری لەسەر یەکە سیاسیەکان دروست دەکەن، بەڵام ئەم کاریگەرێتی یە زۆر جار بەو ئاراستەیەدا دەبێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی وولاتە زلهێزو کاریگەرو بە تواناکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی نێودەوڵەتیدا بگونجێت، لەم بوارەشدا پشکی شێر هەنوکە بەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەوتووە. واتە دەکرێت یاساو بڕیارە نێودەوڵەتیەکان و داموو دەزگاکانیشیان بۆ بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستە سیاسیەکان و لە کاتی پێویستدا بەکاربهێنرێن.

دووەم:- ڕای گشتی جیهانی

ڕای گشتی جیهانی بریتی یە لەو هەست و سۆزە باوەی (الشعور السائدة) کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە بەرامبەر کێشە گرنگ و ڕووداوە سیاسیە دیاری کراوەکاندا دەردەکەوێت، بە واتایەکی تر، بریتی یە لە کاردانەوەی هەست و سۆزی گشتی گەلانی جیهان لەمەڕ ڕەفتاری سیاسی یەکەیەکی سیاسی دیاری کراودا، بە تایبەت دەوڵەت، جا لە ناوخۆی سنورەکەیدا بێت (واتە لە دژی گەلەکەی خۆی ڕەفتار بکات) یان لە دەرەوەیدا بێت (واتە لە دژی گەلانی تر ڕەفتار بکات)[٢٤].

پاش ئەو پێشکەوتنە زۆرەی لە هۆیەکانی پەیوەندی کردن و میدیاکاندا بەرجەستە بووە بە شێوەیەك کە شۆڕشی تەکنۆلۆجی کات و شوێنی نزیك کردووەتەوە، بەجۆرێك کە تاکەکان ڕۆژانە و بگرە سات لەدوای سات ئاگایان لە ڕووداو و کێشەکان بێت و بەردەوام لە گەڵیدا کارلێك بکەن و هەڵسەنگاندن و بەدوادا چونیان بۆیان هەبێت، بە تایبەت لە کێشە گرنگ و چارەنوس سازەکاندا، هەموو ئەمانە وای کردووە ڕای گشتی جیهانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هۆشیار تر بێت و هەنگاوی زیاتر بنێت و ڕێژەیی یانە ڕوو لەزیاد بوون بکات.

هەنوکە ڕەگەزەکانی ڕای گشتی جیهانی زیادیان کردووە لە هەموو کەرتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکاندا، گرنگترینیشیان لەمانەدا خۆیان

دەبینن‌ەوە ((حیزبە سیاسیەکان، ڕێکخراوەکانو ئەو (کۆمەڵە)انەی کە گرنگیەکی نێودەوڵەتیان هەیەو گرنگی بە کێشە نێودەوڵەتیەکان دەدەنو لێکۆڵینەوەو چالاکیەکانیان جێی ڕێزو حساب بۆ کردنن لە لایەن ناوەندە نێودەوڵەتی‌یەکانەوە، هەروەها ڕۆژنامەکان، بە تایبەت ئەو ڕۆژنامانەی کە کاریگەریەکی فراوانیان لەسەر هزرو بڕواو قەناعەتی خوێنەرانی هەیە، هەروەها دامودەزگا بەرفراوانو بەناوبانگەکانی هەواڵو ڕادیۆکانو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن.[٢٥] ئەمە جگە لە تۆڕی ئەنتەرنێت کە بە نوێترینو دیموکراتی ترین بەرهەمی ئەم سەردەمە لە قەڵەم دەدرێت.

سەبارەت بە ڕۆڵی ئەم فاکتەرە لەسەر بڕیار بەدەستان ڕای جیاوازو جۆراو جۆر هەیە، هەندێك پێیان وایە ڕای گشتی جیهانی کاریگەری‌یەکی کاراو بەهێزی هەیە، چونکە ڕای گشتی جیهانی لە پشت پرۆژە جیهانی‌یە گرنگەکانی وەك ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوەیە. لە بەرامبەردا چەند ڕایەکی تر هەیە کە نکۆڵی لە ڕۆڵو کاریگەری ئەم فاکتەرە دەکەن بە تەواوی، چونکە ئەم فاکتەرە نەیتوانیوەو ناتوانێت بەر بە داگیرکاری دەوڵەتان بگرێت. لە پاڵ ئەم دوو ئاڕاستەیەدا ڕای سێهەم هەیە کە دەڵێت: کاریگەری ڕای گشتی نێودەوڵەتی بەپێی بارودۆخو هەلومەرجە نێودەوڵەتیەکان دیاری دەکرێت، لە هەندێك کاتدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەو ئیجابی دەگێڕێت، بە ئاڕاستەیەکدا کە پاڵ بە دەوڵەتانەوە بنێت بۆ ئەوەی بە ئاڕاستەی خواستەکانیدا بڕوات. بەڵام لە هەندێك کاتی تردا ڕۆڵو کاریگەریەکەی کەمتر دەردەکەوێت[٢٦])) بە بۆچوونی ئێمە ئەم ڕایە لە ڕاستیو واقیعیشەوە نزیکترە، ئەم کاریگەرێتی‌یەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترو لە کێشەیەکەوە بۆ کێشەیەکی تر دەگۆڕێت، وە دەکرێت بڵێین گرنگیو ناگرنگی ئەو بابەتەی ڕای گشتی هەڵوێستی لەمەڕدا دەنوێنێت ڕێژەی حساب بۆ کردنی بڕیار بەدەست بۆ ئەو ڕای گشتییە دیاری دەکات، کەواتە پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان گرنگی بابەتی هەڵوێست لەمەڕ وەرگیراوو ڕێژەی گرنگیدانی بڕیاربەدەست بەڕای گشتی جیهانی. لەم بوارەشدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانی نوسراو و خوێندراو و بینراو و نێرراوەوە ڕۆڵێکی بالا دەبینن، بۆ نموونە میدیا ڕۆژئاوایی‌یەکان بە هەموو شێوازەکانیەوە لە خزمەتی بەرژەوەندی دەوڵەتەکانیان لەمەڕ کێشە گرنگو هەستیارەکاندا کار دەکەن، وە لەبەر زۆریو هەمەجۆریو چاکی ئەم هۆکارو میکانیزمانەوە ئەو وڵاتانە دەتوانن ڕای گشتی جیهانی بەلای خۆیان دا

ڕابکێشن لەمەڕ هەر کێشەو قەیرانێکدا کە بە شێوەیەك کە بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بێت، واتە لایەنە بەهێزەکان (زلهێزەکان). بەڵام وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان توانای ڕاکێشانی ڕای گشتی جیهانی‌یان بەلای خۆیاندا لاوازە.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم هاوکێشەیەی سەرەوە ڕەهانیە، بەڵکو ڕێژەیی‌یە، چونکە هەندێك کێشەی گرنگ‌و هەستیار هەیە کە نکوڵی لێ ناکرێت‌و بە شێوەیەکی جەوهەری‌و ڕەها پێشێلی بنەما مرۆیی‌و ئەخلاقیە نێودەوڵەتیەکانی تێدا بەدی دەکرێت‌و سۆزی گەلان دەجوڵێنێت، جا ئەو دەوڵەتەی بڕیاری پەیوەندی‌دار بەم کێشانە دەردەکات بەهێز بێت یان لاواز.

لە کۆتاییدا دەتوانرێت بوترێت ڕای گشتی جیهانی لەگەڵ ئەو کاریگەرییە جۆراو جۆرەی هەیەتی لەسەر بڕیار بەدەستان لە هەموو وڵاتاندا، وە لەگەڵ ئەوەی کە بە لەمپەرێك لەبەردەم بڕیار بەدەستاندا دادەنرێت، جگە لەوەی یەکێك بێت لە فاکتەرە کاریگەرە نێودەوڵەتیەکان لەسەر ڕەفتاری دەوڵەتان‌و خاوکردنەوەی هەنگاو نانیان بەشێوەیەکی کرداری‌و خێرا شتێکی تر نیە. نموونەی زیندوی ئەم وتەیەش هەنوکە لەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا دیارە (وەك ئەو خۆپیشاندانە ملیۆنی‌و هەزاری‌یانەی لەمەڕ ڕوودانی جەنگی ئەمەریکی - بەریتانی دژ بە عێراق ساز کرا لە وڵاتانی جیاجیادا پێش جەنگەکە).

وەك دەرەنجامێك بۆ هەموو فاکتەرە نێوخۆیی‌و دەرەکیەکان دەتوانرێت بوترێت کاتێك بڕیار بەدەست دەیەوێت ئامانجگەلێك بەدی بهێنێت پێویستە لەژێر ڕۆشنایی ئەم فاکتەرانەدا پرۆسەی دروستکردنی بڕیار ئەنجام بدات، جا فاکتەرەکان جێگیربن یان ناجێگیر یان نیمچە جێگیر. ئەمەش دوای تێگەیشتن‌و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو فاکتەرانە لەلایەن بڕیار بەدەستانەوە.

لێرەدا توانای هەڵسەنگاندن‌و تێگەیشتن‌و پێشبینی کردن‌و هەڵبژاردنی هۆشیارانەی بڕیار بەدەست دەردەکەوێت. بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە خاوەن بڕیار سەربەخۆی ڕەها نیە لە هەڵبژاردنی جێگرەوەکان‌و دیاری کردنی باشترینیاندا، بەڵکو چەندین کۆت‌و فاکتەر دەوریان داوە کە چوارچێوەیەکی سنورداری بۆ دیاری دەکەن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت کە بۆ دواجار بڕیار لەدەستی خاوەن بڕیاردایە، کەواتە پێویستە ڕۆڵی فاکتەری سەرکردە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا لەیاد نەکەین...

پەراویزەکانی بەشی دووەم

(١) عماد خلف يوسف، سياسة العراق الخارجية تجاه أمن الخليج العربي ١٩٦٨-١٩٨٨، جامعة المستنصرية، بغداد، رسالة ماجستير ١٩٩٠، ص٨٦.

(٢) انظر: د. وليد حمدي الاعظمي، مصدر سبق ذكره، ص٨٩، وانظر ايضا: د. محمد السيد سليم، مصدر سبق ذكره، ص١٣٨.

(٣) د. فاضل محمد زكي، مصدر سبق ذكره، ٦٦-٦٨.

(٤) د. وليد جنسن، مصدر سبق ذكره، ص٣٠٢-٣٠٨.

(٥) هاني الياس خضر الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص٥٥.

(٦) د. ضرغام عبدالله الدباغ، مصدر سبق ذكره، ص٩٩-١٠٠.

(٧) د. لويد جنسن، مصدر سبق ذكره، ص٢٩١. وانظر: د. عبدالقادر محمد فهمي، النظام السياسي الدولي دراسة في الاصول النظرية والخصائص المعاصرة، دار وائل، عمان، الطبعة الأولى، ١٩٩٧، ص٥٩-٧٣.

(٨) د. مازن اسماعيل الرمضاني، الأمن القومي العربي والصراع الدولي، مجلة العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية بجامعة بغداد، السنة الأولى، العدد٢، تموز ١٩٨٨، ص٦٨.

(٩) د. حسن حمدان العلكيم، صنع القرار الخارجي السعودي، المجلة العربية للعلوم السياسية، الجمعيةالعربية للعلوم السياسية، العدد ٧ تشرين الثاني (نوفمبر) ١٩٩٢، ص٦٨.

(١٠) د. مازن اسماعيل الرمضاني، في عملية اتخاذ القرار السياسي الخارجي، مصدر سبق ذكره، ص١٤٣.

(١١) د. مهدي جابر مهدي، القانون الدولي العام، محاضرات القاها على طلبة الصف الثالث في كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠١.

(١٢) د. مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الخارجية، مصدر سبق ذكره، ص٢٧١-٢٧٣.

(١٣) انظر اقبال حسون القزويني، المنظمات غير الحكومية ودورها في بناء المجتمع المدني، معهد العراق للإصلاحات والثقافة الديمقراطية، سيمنار (التعاون الاقليمي الدمقرطة) اربيل، مايس، آيار، ٢٠٠١، ص٧-١٠.

(١٤) د. مهدي جابر مهدي، التطورات السياسية في الشرق الأوسط، مصدر سبق ذكره.

(١٥) د. اراس دارتاش، العلاقات الدولية، محاضرات القاها على طلبة المرحلة الثانية بقسم الصحافة، المعهد الفني، السليمانية ٢٠٠٢، وانظر ايضا، د. حسن حنفي و د. صادق جلال العظم، ما العولمة، دار الفكر، دمشق، الطبعة الثانية ٢٠٠٠، ص٣٠٨.

(١٦) د. مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الخارجية مصدر سبق ذكره، ص٢٧٥-٢٧٧.

(١٧) مارسيل ميرل، سوسيولوجيا العلاقات الدولية، ترجمة: د. حسن نافعة، دار المستقبل العربي، بيروت، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٩٨٦، ص٤٢٠.

(١٨) جوزف سماحة، عصر العولمة: كون مفتوح بلا ضوابط، مجلة الوسط العدد ٤١٦- ٢٠٠١/١/١٧.

(١٩) د. عبدالقادر محمد فهمي، النظام السياسي الدولي، مصدر سبق ذكره. ص٥٠

(٢٠) محسن الموسوي، القرن الواحد والعشرون والبحث عن الهوية، دار الهادي، بيروت، ١٩٩٢، ص٩٦-٩٧.

(٢١) د. مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الخارجية، مصدر سبق ذكره، ص٢٨٢.

(٢٢) د. ضرغام عبدالله الدباغ، مصدر سبق ذكره، ص١٠١-١٠٢.

(٢٣) د. فاضل زكي محمد، مصدر سبق ذكره، ص٦٨.

(٢٤) د. روبرت ود. كانتور، مصدر سبق ذكره، ص٥٢٨، وانظر ايضا: مصطفى ابراهيم، مصدر سبق ذكره، ص٧٦.

(٢٥) د. ضرغام عبدالله الدباغ، مصدر سبق ذكره، ص١٠٠.

(٢٦) د. مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الخارجية مصدر سبق ذكره، ص٢٩١.

بەشی سێیەم

قۆناغەکانی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بە یەکێك لە دژوارترین قۆناغەکان دەژمێردرێت لە چوارچێوەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی‌و پارێزگاری بەرژەوەندیە نەتەوەییە بالآکاندا، هەر بۆیە بە پرۆسەیەکی ئالۆزو فرە ڕەهەندو لایەن دەژمێردرێت، هەروەها پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ ڕۆیشتن بە هاوشانیی ڕووداوەکان‌و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە یەکە نێودەوڵەتیەکان لە سایەی گۆڕانکاری‌و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

قسەکردن لەسەر بابەتێکی ئاوا ئالۆز کارێکی ئاسان نیەو پێویستی بە ڕوونکردنەوەو ڕاڤە کردنی زۆر هەیە، چونکە ئەم پرۆسەیە دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەرەوەو بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە هەریەکەیان لەوی دی جیاوازەو لێکنەچووە، لە هەمان کاتدا هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیاندا کارلێك دەکەن. ئێمە لێرەدا بەم شێوەیە قۆناغەکانی ڕیزبەند دەکەین.

یەکەم:- پێناسەو دیاری کردنی هەڵوێست

پێناسە کردنی هەڵوێست بە یەکەمین قۆناغی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دادەنرێت، بۆ نموونە: باری ئاسایی ناوخۆ لە دەوڵەتێکدا، یان هەوڵی ئەو دەوڵەتە (یان کۆمەڵە دەوڵەتێك) بۆ بەدی هێنانی ئامانجە سیاسیە دەرەکیە تایبەتیەکانی، هەڵوێستێك لای دەوڵەتێکی تر (یان چەند دەوڵەتێکی تر) دروست دەکات، کە دەبێتە گرفتێکی فرە ڕەهەندی جیاواز کە پێویستی بە چارەسەر بێت، لەبەر ئەوەی ئەو هەڵوێستەی کە پەیوەندی بە کێشەیەکەوە هەیە وا دەخوازێت دەوڵەتی بەرامبەر وەڵامدانەوە (یان بێ دەنگ بوون)ی لە بەرامبەردا بنوێنێت، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بڕیار بەدەست هەوڵی دیاری کردن‌و هەڵسەنگاندنی ئاستی کاریگەرێتی ئەو بارودۆخە دەدات لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتەکەی[1]. بەم شێوەیە بڕیار بەدەست

هەڵوێستی دەوڵەتەکەی دیاری دەکات لەمەڕ کێشە نێودەوڵەتیەکاندا کە زۆر جار پاڵنەرێکی دەرەکی دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەو هەڵوێستانە.

لەم میانەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو هەڵوێستێك لە دوو لایەن پێك دێت کە لە ڕووی سروشتەوە بە تەواوی لە یەکدی جیان:-

یەکەمیان: لایەنی کارو سازدان (التعبوی operational) دەگرێتەوە، واتە هەڵوێستەکە هەروەك خۆی لە واقیعدا.

بەڵام دووەمیان: لایەنی دەروونییە (psychological)، واتە هەڵوێستەکە وەك چۆن لە لایەن بڕیار بەدەستەوە دەفامرێ و لێکدەدرێتەوە[٢]، کەواتە ناسین و هەست کردن و تێگەیشتنی بڕیار بەدەست بەشێك لە قۆناغی ناساندن و دیاری کردنی هەڵوێست پێك دەهێنێت.

لە ڕێی پرۆسەی سەرنج دان و تێبینی کردنەوە بە هەستەکان (Senses) کە لە کەسی سەرنجدەرو شتی سەرنجدراو – هەڵوێست – و ژینگەی دەوروبەری و ئەو بارو دۆخ و کارتێکەرانەشی کە دەیگرێتە خۆ پێك دێت، پرۆسەی سەرنجدانەکە ئەنجام دەدرێت[٣].

کەواتە سەرنج دان و تێگەیشتن بریتی نی یە لە ناسینی واقیع، بەڵکو وەرگێڕانێکی لۆژیکی یە لەسەر بنەمای مەعریفی و بەهاکان، بۆ ئەو واقیعە، بەرەو دیدێك کە ڕەفتارو ڕێڕەوەکەیشی لە ڕووی بەرامبەردا دیاری بکات[٤].

ئەم پرۆسەیەش پرۆسەیەکی فرە لایەنە، بە دەستەواژەیەکی تر، دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەرەوە، لەوانە فاکتەرە بابەتی و کۆمەڵایەتی و دەرونیەکان و ئەزموون و شارەزایی پێشینەی بڕیار بەدەست. بۆیە بڕیار بەدەست بۆ ئەوەی بڕیارەکانی گونجاو بێت و لە ئاستی پڕکردنەوەی پێویستیەکاندا بێت، پێویستە پێش هەموو شتێك سەرنج و تێگەیشتنی بۆ هەڵوێستەکان هەبێت بەو شێوەیەی کە بە کردەوە لە واقیعدا بوونیان هەیە، نەك بەو شێوەیەی خۆی دەیبینێت، چونکە ئەمە سەر دەکێشێت بۆ ئەوەی لە بڕیارداندا بکەوێتە هەڵەوە، لەمەشەوە پەیڕەوی ڕەفتارێك دەکات کە لە ئاستی پێویستیەکاندا نەبێت بڕیار بەدەست زانیاری تەواوی لەبەر دەستدا بێت، چونکە زانیاری تەواو کارێکی گرنگ بە ئەنجام دەگەیەنێت ئەویش ڕێنموویی کردنی بڕیاری سیاسیە کە بڕیار بەدەستان هەموو کاتێ پێویستیان پێیەتی، ئەگەر چاوێکیش بە مێژوودا بخشێنینەوە، دەبینین

نموونەی ئەو بڕیارە وێرانکەرانەی کە دەرەنجامی هەڵەی مەترسیدار بوون لە زانیاریدا وای لێهاتووە لە ژماردن نایەت.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە یەکێك لە ڕەگەزە جەوهەرییەکانی ڕاگەیاندن بریتییە لە ناسینی ویستی دوژمن لە بەکارهێنانی هێزەکانیدا[٥] یاخود هەر کارێکی دی کە پێی هەڵدەستێت، بۆ نموونە: لە کاتێکدا دەوڵەتی (أ) هێزێکی سەربازی زۆر لەسەر سنوری دەوڵەتی (ب)دا کۆ دەکاتەوە، یاخود مانۆڕێکی سەربازی ئەنجام دەدات، کە خۆی لە خۆیدا چەند ڕەمزو مەبەستێکی لەخۆ گرتووەو مەبەست تێیدا چەند لایەنێکە، جا ئەگەر دەوڵەتی (ب) زانیاری تەواو و ڕاستی لەبەر دەستدا بێت سەبارەت بە ویستو مەبەستەکانی دەوڵەتی (أ) ئەوا هەڵوێستی ڕاستو دروست وەردەگرێت وە گەرنا بە پێچەوانەوە، کە زۆرجار شکستی گەورەی بەدوادا دێت، مێژووش شایەتحاڵی لەو بارەیەوەی زۆرە.

بەم شێوەیە بۆمان ڕوون بۆوە کە کاری دەزگا هەواڵگرییەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری چەند مەترسیدارە. لەمیانەی ئەمانەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پرۆسەی سەرنج دانو تێگەیشتن بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێت[٦]:-

- هاتنی زانیارییەکان بۆ بڕیار بەدەست کە پاڵی پێوەبنێت بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێك بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەڵوێستەکان.
- گەڕانەوەی بڕیار بەدەست بۆ ئەو زانیاریو بیرو بۆچوونانەی کە گەنجینەی بیرەوەریەکانیدا دایناوە لەمەڕ هەڵوێستەکاندا.
- بەراورد کردنی بڕیار بەدەست لەنێوان زانیاریە نوێیەکانو ئەو بۆچوونو واتایانەی کە لە گەنجینەی بیرەوەرییەکانیدا هەیە.
- دروستکردنی تێگەیشتنێکی نوێ بۆ هەڵوێستەکان.

لێرەوە گرنگی زانیاریەکانمان بۆ دەردەکەوێت کە کاریگەریان هەیە لەسەر چۆنێتی تێگەیشتنی بڕیار بەدەست بۆ حەقیقەتی هەڵوێستەکان، وە لەسەر ئەم بنچینەیەوە پێویستە بڕیار بەدەست بە وریاییو زیرەکانە سەرنجی ئەو زانیاریانە بدات کە دەچنە بەردەستی، چونکە جۆری زانیاریەکان کاریگەری هەیە لەسەر چۆنێتی تێگەیشتنی ئەو بۆ بارودۆخەکان، ئەمەش کاردەکاتە سەر سەرکەوتن یان شکست هێنانی

بڕیارەکە. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە وردیو خێرایی گەیشتنی زانیاریی‌یەکان بۆ ناوەندی بڕیار بەندە بە چۆنێتیو سروشتی تۆڕی ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان ناوەندی بڕیار لە لایەكو لایەنەکانی تۆڕی پەیوەندیەکان لە لایەکی ترەوە هەیە.

لە ڕۆشنایی کارلێکی ئەو فاکتەرانەی ڕێکخستن کە پەیوەندیان بە تۆڕی پەیوەندیەکانەوە هەیە، هەروەها ئەو فاکتەرە دەرونیانەش کە پەیوەندیان بەکۆی ئەو فاکتەرو ڕەچاوکردنە خۆیەکیانەی (الاعتبارات الذاتية) تایبەتن بە بڕیار بەدەستەوە کە کاریگەریان لەسەر قۆناغی ناساندنو دیاری کردنی هەڵوێست هەیە، دەتوانین بڵێین ئەم قۆناغە بە سێ قۆناغی لاوەکیدا تێدەپەڕێت کە پێکەوە بەستراون(٧):-

١- پەی بردن (الادراك)

٢- هزرکردن (تێڕوانین).

٣- هەڵسەنگاندن.

کە تێگەیشتن سەر دەکێشێت بۆ دروستکردنی شێوەیەکی خودی بۆ سروشتو واتای هەڵوێستێکی سیاسی دەرەکی، ئەم ((شێوە))یەش دەکرێتە بنچینەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی توانا خۆیەتی‌یەکانی دەوڵەتێك بۆ وەڵامدانەوەی داخوازیو پێویستیەکانی ژینگەی دەرەکی، واتە ئەو شێوەیە (الصورة) بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵوێست هەڵسەنگاندنو دەرەنجامی هەڵسەنگاندنەکەش لە کۆتاییدا کار لە جۆرو چۆنێتی مامەڵەی داهاتووی بڕیار بەدەست دەکات.

داڕشتنی هەڵوێستێکی سیاسی دروستو کاریگەر کارێکی ئاسان نیە وەك بۆ هەندێك وا دەردەکەوێت، لەم میانەیەدا دروستکەری بڕیار چەندین ڕەگەزو ڕەهەندو ئیعتبار لەبەردەمیدا هەیە، کە پێویستە لە هەمان کاتدا ڕەچاویان بکات. ئەم ڕەگەزانەش لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە:-

بنەوێیی (المبدئية)، جیاوازکاری (هاوێرکردن)، ڕوونو ئاشکرایەتی، دەست پێشخەری، بەکرداری بوون، قابیلیەتی پێشخستنو گشتگیربوون، دەرخستنی گرنگترین ڕەهەند، گونجان لەگەڵ هەڵوێستەکانی تردا، تەنگ پێ هەڵچنینو سەغڵەت کردنی دوژمن، هۆشیار کردنی جەماوەر، هەروەها هاوسەنگی کردن لە نێوان ئیعتیبارە ستراتیجیو مەودا کورتەکاندا.(٨)

لە ڕاستیدا پرۆسەی هاوسەنگ کردنو سازدان لە نێوان ئەم ڕەگەزانەدا بۆ داڕشتنی هەڵوێستێکی سیاسی دروست کارێکی ئاسان نیە، کارێکی ئاوها پێویستی بە دیاری کردنو ڕیزبەندییەکەمایەتی (الأولويات)و دیاری کردنی ئەو بابەتانەی دەگونجێت سازشی لەسەر بکرێتو ئەوانەش کە ناگونجێت، و کامیشیان شیاوی دواخستنە.

لە ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم قۆناغە زۆر ووردو هەستیارەو پێویستە بڕیار بەدەست زانیاری تەواو و ڕاستی بە ووردیو خێرایی بگاتە دەست، هەروەك چۆن پێویستە هەوڵ بدات ڕاستییەکان وەك خۆی لەواقیعدا چۆنە ئاوها ببینێت بۆ ئەوەی نەکەوێتە هەڵەیەکەوە کە گەلو وولاتەکەی پەلکێشی کارەساتو قەیران بکات بە جۆرێك باجەکەی بە نەوەکانی داهاتووشی نەدرێتەوە، مێژووش پڕیەتی لە حاڵەتی وا، کاتێك سەرکردە حەزو ئارەزووەکانیو دیدو بۆچوونێکی دۆگماو ڕای شۆفێنی کردە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرجو بارودۆخەکان حسابی بۆ شیکردنەوە بابەتیەکان نەکرد، شتێکی ئاشکرایە کە گەلو نیشتمانەکەشی بەرەو هەڵدێر دەبات.

ماوەتەوە ئاماژە بەوە بدەین کە کاتێك هەڵوێست سەر هەڵدەدات کاری ئیحتیوا کردنی کاریگەرییە نێگەتیڤەکان دەبێتە پێویستیەك کە لە ڕێگەی دیاری کردنی جۆری وەڵام دانەوە بە شێوەیەکی پێش وەخت دەبێت، ئەمەش بە دانانی نەخشەو بەرنامەی پێشخستنی بەرژەوەندیە نیشتمانیو نەتەوەیی‌یەکان دەبێت.(٩)

دووەم:- دیاری کردنی ئامانج

ئامانجی سیاسی دەرەکی هەروەك ((اسماعيل صبري مقلد)) پێناسەی دەکات: ((بارێکی دیاریکراوە لەگەڵ بوونی وێستو ئارەزووی تەواو بۆ جێبەجێ کردنی لە ڕێگەی تایبەت کردنی بڕی پێویست لەو کۆششو توانایانەی پێویستن بۆ گواستنەوەی ئەو بارە لە قۆناغی پێشکەوتنی تیۆری ڕووتەوە بۆ قۆناغی جێبەجێ کردنو هێنانەدی ماددی.(١٠)

کەواتە پێویستە لەسەر بڕیار بەدەست ئامانجی خوازراوی خۆی دیاری بکات پاش ئەوەی هەڵوێستەکەی هەڵدەسەنگێنێت لە پێش ڕەفتارکردنیدا،

لەم دیاری کردنەشدا، سنایدەر پـێی وایە چوار فاکتەر کاریگەریان لەسەر بڕیار بەدەست دەبێت:-

١- ئەو ئامانج و مەبەستانەی بەدی هێنانیان خوازراو و ویستراو و پێویستن.

٢- پەیوەندی ئەم جۆرە ئامانجانە لەگەڵ ئامانجەکانی تردا.

٣- ئەو دەرەنجامانەی لێی دەکەوێتەوە.

٤- کاتی گونجاو بۆ بەدی هێنانیان، زیاد لەمانەش بڕیار بەدەست چەند فاکتەرێکی تر لە بنەڕەتەوە کاریگەرییان لەسەری دەبێت، وەك: ئاوات و پێویستیە کۆمەڵایەتیە سەرەکیەکانی ژینگەی ناوخۆیی و شیکردنەوەی بڕیار بەدەست بۆیان و ئاستی گرنگی هەریەکەیان لە ئاست ئەوانی تردا، ئەمانە لە لایەك و کاریگەری سروشتی هەلومەرجی سیاسی نێودەوڵەتی لە لایەکی دیکە.(١١)

لەگەڵ ئەو پۆلێنانەی کە بۆ ئامانجە سیاسیە دەرەکیەکان کراون و جیاوازیان لە پۆلێنێکەوە بۆ یەکێکی دی، دەتوانرێت لە چەند خاڵێکدا ئەم ئامانجانە بە شێوەیەکی گشتی کۆبکرێتەوە، وەك: هەوڵدان بۆ زیادکردنی هێزی نەتەوەی، یان پاڵپشت کردنی قەوارەی هەرێمی، یان بەرەودان بە دەسەڵاتی نێودەوڵەتی، یاخود ئامانجە ئابوری و ئایدۆلۆجیەکان و ....هتد، وە یەکێك لەو خاڵانەش کە هەموو لایەك کۆکن لەسەری ئەوەیە کە ئاسایشی‌نەتەوەیی لە سەروو هەموو ئامانجەکانەوەیە.(١٢)

لێرەوە ڕۆڵی بڕیار بەدەست دەردەکەوێت کاتێك ئەو دیدو تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیە نەتەوەیی‌یەکان دەبێت لەژێر فشاری چەندین فاکتەردا، پێویستە لەسەری جەخت بخاتە سەر بەدی هێنانی ئامانجەکانی دەوڵەتەکەی و بەرژەوەندیەکانی، ئەمە لەگەڵ گرنگی دان بە ئامانجەکان بەپێی ڕێـژەی گرنگیەکانیان لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکەیدا.

لە بواری هەڵسەنگاندنی ئامانجەکان و ڕیزبەندکردنیان لە چوارچێوەیەکی یەکەمینایەتی دیاری کراودا چەند پێوەرێك هەیە، یەکەم پێوەر بریتی‌یە لە بوونی ویست و ئارەزووە لەسەر ئامانجەکە، و پێوەری دووەمیش پەیوەستە بەوەوە کە ئایا ئامانجەکە ڕەخسارە یان نەء؟ پێوەری سێیەمیش پەیوەستە

به فاكتەری تواناكانی دەوڵەت كە هەیەتی و تا چەندێك توانای بەدی هێنانی ئامانجەكە دەكات.[١٣] واتە ئایا ئەو ووزەو توانایانەی دەوڵەت هەیەتی بەشی بەدی هێنانی ئەو ئامانجە دەكات كە بڕیار بەدەست پێویستیەتی بۆ بەدی هێنان و جێبەجێ كردنی بڕیارێك كە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێكی خوازراو و ڕەخساو پێویستە هەبێت.

لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە بڕیار بەدەست پێویستە لە دیاری كردنی ئامانجەكاندا تواناكانی دەوڵەتەكەی ڕەچاو بكات و پلەبەندی لەبەرچاو بگرێت بۆ ڕیزبەند كردنی ئەو ئامانجانە بە پێی یەكەمایەتی و گرنگیەكانیان، بۆ ئەوەی جێبەجێ كردن و بەدیهێنانی ئامانجێك یان چەند ئامانجێكی دیاری كراو سەر نەكێشێت بۆ لەناو چوون یان بەفیڕۆدانی چەندین ئامانجی گرنگتر لەوانی پێشوو.

بۆ نموونە كاتێك سەركردە بڕیاری بە بەرپاكردنی جەنگ دەدات، گەر لە هاوسەنگ كردنی هاوكێشەكاندا حساب بۆ ڕەهەندەكانی تر نەكات، ئەوا وولات و نیشتمان و ئابوری و بەڕێوەبردنی وولاتەكەیشی زۆرجار تووشی وەستان یاخود شكست و زیانێكی زۆر دێن و شوێن و دەسەلاتی وولاتەكەشی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی كەم دەكاتەوەو لەسەر ئاستی ناوخۆش كێشەو ئاژاوەو شێواندنی ئاسایش دەبێتە كارێكی ئاسایی ڕۆژانە، ئەمە جگە لەو زیانە گیانی و ماڵیانەی كە لە وولات و گەلەكەی دەكەوێت.

سێهەم:- دیاریكردنی جێگرەوەكان و هەڵسەنگاندنیان

پاش ئەوەی بڕیار بەدەست ئامانجی ڕەفتاری داهاتووی دیاری كرد، قۆناغی هەڵبژاردنی جێگرەوەكان (البدائل Alternatives) دێت، كە بە واتای حەصركردن و دیاری كردنی ئەگەرە گونجاو ڕەخساوەكان دێت لەسەر بنچینەی ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە بابەتەكە لەبەر دەستدایە[١٤]. بە گشتی ئەم قۆناغە بە ئاڵۆزو نائاشكرا وەسف دەكرێت، ئەمەش لە دەرەنجامی چەند كارتێكەرێكی جیاجیاوە.[١٥]

ئەو جێگرەوانەش كە بڕیار بەدەست هەڵیان دەبژێرێت لە دیدی بڕیار بەدەست خۆیدا بە باش و گونجاو دادەنرێن، ئیتر مەرج نییە لە واقیعدا بەو شێوەیە باش و گونجاو بن. بۆ نموونە: كاتێك بڕیار بەدەست یەكێك لە جێگرەوەكان پەسەند بكات كە بریتی بێت لە بەستنی پەیماننامەیەكی

بازرگانی که پەیوەندی بە کەلوپەلی سەربازیەوە هەبێت لەگەڵ دەولەتێکی تردا، ئەوا ئەم هەڵسەنگاندنە لە دیدو بۆچوونی بڕیار بەدەست خۆیەوە دیاری دەکرێت، دیارە ئەم هەڵسەنگاندنەش لە بیرمان نەچێت لەژێر چەندین فشارو کاریگەریدا ئەنجام دەدرێت.

ئەم قۆناغە مەبەستمان پێی گەڕانە بەدوای سیغەیەك (یان چەند سیغەیەك)ی تایبەتدا کە بتوانێت چارەسەری ئەو کێشانە بکات، کە لە ئەنجامی هەڵوێستێکی سیاسی دەرەکییەوە سەریان هەڵداوە، بە شێوەیەکی وا کە ئامانجی خوازراوی دەولەتێك بەدی بهێنێت بە کەمترین زیان[١٦]. واتە هێنانە دی ئامانجەکە بەکەمترین تێچوون و کەمترین زیانی ماددی و مەعنەوی. هەر لێرەشەوە سیفەتی ئالۆزی و ناڕاشکرایی دەدرێتە پاڵ ئەم قۆناغە، سەپاندنی ئەم سیفەتەش بەسەریدا دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرگەلێك کە بریتین لە:-

١- زانیاریەکان:-

چەندێتی و چۆنێتی زانیاریەکانی بەردەستی بڕیار بەدەست کار لە دیاریکردنی جێگرەوەکان و هەڵسەنگاندنیان دەکات، سنایدەر پێی وایە کە چوار چێوەی پرۆژەی ئەو بڕیارە جێگرەوانەی کە لە یەکەی دەرکردنی بڕیاردا باسی لێوە دەکرێت سنوردارە، جا یان بەهۆی بەهاو ئاراستەکانی پێشنیار کەرانی بڕیارو جۆری شارەزایی پێشوویانەوەیە، یاخود بەهۆی جۆرو ئاستی تەواوەتی ئەو زانیاریانەوە دەبێت کە لەبەر دەستدایە، زانیاریەکانیش سێ ڕۆڵ دەبینن لەم پرۆسەی هەڵبژاردنەدا:-

یەکەم: دۆزینەوەی جێگرەوەکان.

دووەم: شیکردنەوەی جێگرەوەکان.

سێهەم و کۆتایی: ئەوەیە کە بڕیار بەدەست پشت بەست و بەو زانیاریانەی لەسەر هەر جێگرەوەیەك لەبەر دەستیدایە، دەتوانێت بەراورد لە نێوانیاندا بکات و دواتر حسابی ئەگەری سوودو چاکەی چاوەڕوان کراو یان ئەگەری زیان دەکات کە دەگونجێت تووشی ببێت لەو جێگرەوەیە کە هەڵی دەبژێرێت بە بەراورد لەگەڵ جێگرەوەکانی تردا[١٧]. کەواتە زانیاریەکان یارمەتی دەرێکی گرنگی بڕیار بەدەستن لەبەردەم کێشەو هەلومەرجە نێوخۆیی و نێودەولەتیەکاندا، ئەمەش بەوەی کە یارمەتی بڕیار بەدەست

دەدەن لە دۆزینەوەو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی جێگرەوەکاندا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پێشهاتو هەلومەرجە نێودەوڵەتیەکان، واتە زانیاریەکان بە ڕێنموویی کەری بڕیار بەدەست دادەنرێت بۆ دیاری کردنی باشترینو گونجاوترین کەناڵ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ڕاست بۆ ئەوەی سیاسەتی دەرەکی وولاتەکەی بە ڕێڕەوێکی ڕاستو دروستدا بەرێت.

٢- کەسایەتی بڕیار بەدەست و ئەزموونەکانی پێشووی

کەسایەتی بڕیار بەدەست کۆمەڵێك فاکتەری دەرونیو کۆمەڵایەتیو ژینگەییو...هتد کاریگەریان هەیە لەسەری، لێرەشەوە تایبەتمەندیيە بۆماوەییەکانو ڕۆشنبیریو بنەچەی کۆمەڵایەتیو ئەزموونە تایبەتیەکانو ئەحکامە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەری خۆیان لەسەر ئەو بەجێ دەهێڵن. وە ئەو هەمیشە ئازاد نیە لە بڕیارەکاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونەکانی پێشوویو کاریگەری هێڵە پانەکانی سیاسەتەکەیەوە[١٨] کە ناتوانێت بە ئاسانی لێیان لابدات، هەروەك چۆن توانای ئەو بۆ شیکردنەوەو ئەنجامگریو پێشبینیو هەڵێنجان، هەموویان کار لە کەسایەتی بڕیاربەدەست دەکەن، دواتریش لەسەر هەڵبژاردنی ئەو بۆ باشترین جێگرەوە کاریگەریان بەجێدەهێڵن. کەواتە ئەو فاکتەرانەی کە پەیوەندیان بە کەسایەتی سەرکردەوە هەیە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە ئاڕاستەکردنی جۆری دیاری کردنو هەڵسەنگاندنی جێگرەوەکاندا، لێرەدا مەبەستمان لەو فاکتەرانە ژینگەی دەروونیو جۆری پەروەردەی سەرکردە بە منداڵیو ئەو چەمكو بیرو ڕاو بۆچوونانەیە کە لە هزری سەرکردەدا جێگەی خۆیان کردۆتەوە، هەروەها تایبەتمەندی سروشتە تایبەتیەکانیو جۆرو ڕێگەی گەیشتنی ئەو بە دەسەڵاتەکەی، ئەمانە هەمووی جۆری کەسایەتی بڕیار بەدەست دیاری دەکەن کە بەپێی گۆڕانیان کار لە ڕێڕەوی بڕیارو سیاسەتە دەرەکیەکانی دەوڵەتان دەکات.

٣- کاریگەریەکانی هەڵوێست

هەر هەڵوێستێك بەگشتی کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆییو دەرەکی دەوریان داوە بە گۆڕانی شوێنو کات ئەم فاکتەرانەش دەگۆڕێت. ئەم فاکتەرانە کار لە پرۆسەی هەڵبژاردنو دیاریکردنی جێگرەوەکان دەکەن لە ڕێگەی

کارتێکردنیانەوە لەسەر تێگەیشتنی بڕیار بەدەست بۆ هەڵوێستەکە[١٩].

هەروەك چۆن نەتوانینی بڕیار بەدەست بۆ دیاری کردنی هەڵوێستەکە بە وردی دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی ئەو کاتەی لەبەر دەمیدایە بۆ دیاریکردنی جێگرەوە گونجاوەکان بە وردی. هەروەها هەندێك جار فشاری کات (نەبوونی کاتی تەواو) لە هەندێك باردا سەردەکێشێت بۆ دیراسەنەکردنی هەموو ئەو ئەگەرانەی کە دەگونجێت بکرێنە بڕیارو بنەمای مامەڵەکردن، دواتر ئەم کەمی کاتە وادەکات تەنها کەمێك لە جێگرەوەکان دیراسە بکرێن و یەکسەر یەکێکیان هەڵبژێررێن، ئەمەش وەك قبوڵکردنی ئەو ڕووبەڕوو بونەوەیەی (التحدی) کە قەیران و تەنگژەیەك فەرزی دەکات، وەك چوونە ناو باری جەنگەوە یان قبوڵکردنی ئاشتی بەپێی مەرجی بەرامبەر[٢٠]. کە ئەم حاڵەتانەش زۆرجار لە کاتی تەنگژەو قەیرانەکاندا ڕوودەدات کە کوتوپڕی و موجازەفەو کەمی کات و مەترسی بەرامبەریان تێدا بەدی دەکرێت.

٤- ئەگەرەکانی ئەنجامی بڕیارەکە

لێرەدا مەبەستمان لە دیراسەکردنی کاریگەری ئەگەرەکانی ئەنجامگەلی بڕیارە لەسەر ڕای گشتی ناوخۆو دەرەوە بە تایبەتی، لەبەر ئەوەی ئەم ئەنجامانە کاریگەری گرنگیان لەسەر سیاسەتی دەرەوە دەبێت.

بڕیار بەدەست کار لەسەر ئەوە دەکات کە جێگرەوەیەکی ئەوتۆ هەڵبژێرێت کەباشترین ئەنجامی ناوخۆیی لێبکەوێتەوە بە بەراورد لەگەڵ جێگرەوەکانی تردا[٢١]. واتە جۆرو چۆنێتی هەڵسەنگاندنی بڕیار بەدەست بۆ ئەنجامەکانی دوای بڕیارەکە لەناوخۆو دەرەوەدا دەبێتە ئاڕاستەکەرێکی تر بۆ دیاری کردن و هەڵسەنگاندنی جێگرەوەکان.

لێرەوە دەردەکەوێت کە بڕیار بەدەست تەنها هەڵبژاردنی جێگرەوەکان و دەرکردنی بڕیاری لەسەر نیە، بەڵکو پێویستە دیراسەی ئەگەری ئەنجامەکانی بڕیارەکەش پێش دەرکردنی بکات و بەکاری بهێنێت وەك بنچینەو ڕێ نیشاندەرێك بۆ هەڵبژاردنی باشترین جێگرەوەو دواتر دەرکردنی باشترین بڕیارو پەیڕەوکردنی باشترین سیاسەت لە ئاستی دەرەوەدا.

٥- یەکەی دەرکردنی بڕیار

یەکەی دەرکردنی بڕیاریش کاریگەری خۆی لەسەر دیاری کردنی جێگرەوەکان و هەڵسەنگاندنیشیان بەجێدەهێڵێت، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە پرۆسەی هەڵبژاردنی جێگرەوەکان و گفتوگۆ کردن لەسەر ڕەهەندەکانی ووردتر دەبێت لەو یەکانەی بڕیار کە پەیوەندیەکی بەهێزی کارلێك کردن هەبێت لە نێوان ئەندامەکانیدا، کە پەیوەندیەك کە لە تێگەیشتنی هاوبەشەوە بۆ هەڵوێستەکە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵام ئەو یەکانەی بڕیار کە پەیوەندیەکی بیرۆکراسیانە زاڵە بەسەر ئەندامەکانیدا، سنوری مومارەسەکردنی مافی ئازادی گفتوگۆو کۆبوونەوەی ئەندامەکانیو کۆك بونیان لەسەر جێگرەوە پێشنیار کراوەکان تەسك دەبێتەوە.(٢٢)

لە ڕۆشنایی هەموو ئەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم قۆناغەش قۆناغێکی ئاڵۆزو ووردو گرانە، چونکە سەرکەوتن تێیدا لەسەر توانا خۆیەکی یەکانی بڕیار بەدەست وەستاوە بۆ شیکردنەوەو ئەنجامگریو پێشبینی، هەروەك چۆن لەسەر بوونی زانیاری ووردو ڕاستو تەواو و کاریگەرێتییەکانی هەڵوێستە جیاجیاکانو تەسکیو کەمی کات یاخود نەبوونی کاتی تەواو و دیراسەکردنی ئەگەرەکانی ئەنجامی بڕیارەکان وەستاوە، ئەمە جگە لە جۆری یەکەو ناوەندەکانی بڕیار. هەموو ئەم فاکتەرانە پێکەوەو بە کارلێکی هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیان کاریگەریان هەیە لە سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی بڕیارەکان.

گرنگی ئەم قۆناغەش لەوەدا دەردەکەوێت کە تەنها هەڵبژاردنی ئەگەرو جێگرەوەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەڵسەنگاندنی هەر جێگرەوەیەك لەگەڵ ئەنجامو شوێنەوارەکانی بە بەراورد لەگەڵ جێگرەوەکانی تردا دەگرێتەوە، دیارە ئەمانەش هەمووی بەدیدو بۆچوونی بڕیار بەدەست دەبێت بۆ هەڵوێستەکەو دیاری کردنی ڕەهەندەکانی...

چوارەم:- قۆناغی بڕیار دەرکردن

دوای ئەوەی بڕیار بەدەست یەکێکی لە جێگرەوەکان هەڵبژارد کە بە بۆچوونی خۆی باشترینیانە، پێویستە لەسەری کە ئەم جێگەرەوەیە لە باری تیۆرییەوە بگوێزرێتەوە بۆ باری بەکردارکردنی، ئەمەش بەهۆی ئامرازو

دامو دەزگا جیاجیاکانی دەوڵەتەوە بە پێی گونجانیان لەگەڵ واقیعدا ئەنجام دەدرێت، وە پاش ئەوەی بڕیار بەدەست هەستا بە دیاریکردنی جێگرەوەکان و هەڵسەنگاندنیان و بەراورد کردنی کاردانەوەو ئەگەرەکانی ئەو ئەنجامانەی کە لێیان دەکەوێتەوە، پێویستە لە سەری هەستێت بەکاری دیاری کردن و بەراورد کردنێکی وورد بەلای کەمەوە لە نێوان دوو جێگرەوەدا کە یەك بەهایان هەبێت یاخود هاوشێوە بن، پاشان باشترین جێگرەوە هەڵبژێرێت کە بەتوانا ترینیان بێت بۆ جێبەجێ کردن و بەدی هێنانی ئامانجی خوازراو بە کەمترین زیان.[٢٣]

قۆناغی بڕیار دەرکردن بەئەڵقەی گرێدەری قۆناغی پێش خۆی و قۆناغی دوای خۆی دادەنرێت وەك (دکتور مازن ئیسماعیل ڕەمەزانی) دەڵێت. هەروەك چۆن پێی وایە کە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە ڕووی لێکدانەوەوە لەسێ قۆناغی لاوەکی پێك دێت کە بریتین لە:-

١- قۆناغی هزری (پێش بڕیار).

٢- قۆناغی ڕێکخستن (دەرکردنی بڕیار).

٣- قۆناغی سیاسی (قۆناغی دوای بڕیار).[٢٤]

لە قۆناغی دەرکردنی بڕیاردا هەڵبژاردنی نێوان جێگرەوە پێشنیار کراوەکان لە بەرژەوەندی یەکێکیاندا یەکلا دەکرێتەوە، لە پێناو بەدی هێنانی ئامانجە خوازراوەکاندا.

دەتوانرێت مەرجە سەرەکیەکانی بڕیار وەرگرتنی کاریگەر کورت بکرێتەوە وەك ئەمەی خوارەوە:-[٢٥]

أ- جەخت کردن لەسەر دیاری کردن و تێگەیشتنی ئەو کێشەیەی کە بڕیاری لە بارەوە دەدرێت، کەواتە لە پێشەوە گرنگی دان بە وورد و درشتی پێش دەست کردن بە چارەسەری.

ب- پێشکەش کردنی ڕای دژو گفتوگۆ لەسەر کردنی بە مەبەستی دروست کردنی تێگەیشتنێکی گشتی هاوبەش، پاشان لێکۆڵینەوەی کۆمەڵێك ڕاو بۆچوون و شێوازی چارەسەری جۆراو جۆر.

ج- پێش گەڕان بەدوای چارەسەری ڕاستدا، گەڕان بەدوای جێگرەوەی جۆراو جۆردا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسێکی ناوەندی بڕیار بکەین بە کورتی چونکە هەر لەوێوە بڕیار دەردەچێت، جا ئەو ناوەندە هەر جۆرو شێوازێك بێت یاخود هەڵگری هەرجۆرە بیرو بۆچوون و ئایدۆلۆجیایەك بێت. لەبەر ئەوەش کەسیستمە سیاسیەکان و جۆرو ڕێبازی حوکم کردنیان جیاوازە لە یەکتری، شتێکی ئاسایی یە کە ناوەندەکانی بڕیاریش جیاوازبن لە چۆنیەتی دەرکردنی بڕیارەکاندا بەپێی جیاوازییان لە ڕێژەی بەشداری کردن لە بڕیارداندا.

لێرەدا مەبەست لە ناوەندی بڕیار ئەو چوارچێوەی ڕێکخستنەیە کە هزرو بۆچوونی بڕیار بەدەستەکان تێیدا کارلێك دەکەن و بڕیارە گرنگەکان تێیدا بە کۆتایی دەگەن بەو ئیعتیبارەی ناوەندی پەیکەری ئەو سیستمە سیاسیەیە کە پێکدێت لە کۆمەڵێك دامەزراوە کە هەر سیستمێکی سیاسی لێ پێك دێت[٢٦]. لەبەر ئەوە ناوەندی بڕیار لەهەر سیستمێکی سیاسیدا ڕەنگدانەوەی سروشتی ئەو سیستمە سیاسیەیە کە چوارچێوەیەکی تایبەتی بۆ دیاری دەکات و چالاکی تێدا ئەنجام دەدات وە لەگەڵ سروشت و بیروباوەڕو دیدو بۆچوونەکانی بۆ پەیکەری دامەزراوەی گشتی بگونجێت، ناوەندەکانی بڕیار لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکیشەوە جیاوازن لەیەکتری، هەروەها جاوازن لەڕووی سنوورو پانتایی مافی گفتوگۆی ڕێ پێدراو لە بابەتە سیاسی یە گرنگ و هەستیارەکاندا، زۆر جار لەو سیستمانەدا کە سەرکردە ڕۆڵی یەکلایی کەرەوە دەگێڕێت لە زۆربەی کاروبارەکاندا وای لێدێت کە بیروباوەڕی سەرکردە نمایندەی ناوەندەکەو بگرە گەلەکەیشی دەبێت بە شێوەیەك کە لە پلەی ڕەهایی یەوە نزیك بێت، واتە نەك هەر ڕای جەماوەرو دام و دەزگاکان بە هەند وەرناگیرێت، بەڵکو ڕای ئەندامانی ناوەندی بڕیاریش زۆرجار، بە تایبەت لەو کاتانەدا کە لەگەڵ بیرو دیدو ویستەکانی سەرکردەی تاکڕەودا نەگونجێت، ئەوا ڕەت دەکرێتەوە.

بەکورتی دەکرێت یەکەکانی دروستکردنی بڕیار دابەش بکرێن بۆ[٢٨]:-

ا- یەکەی سەرکردەی سیاسی

ئەم یەکەیە بۆ دروستکردنی بڕیار کە لە سەرکردەی سیاسی و کۆمەڵێکی بچووك لە بەرپرسان پێك دێت، و سەرکردەی سیاسی خۆی بە تەنها خاوەنی بڕیاردانە، ئەمەش سەر دەکێشێ بۆ ئەوەی تایبەتمەندیە کەسایەتی یەکان

ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێت لەسەر جۆری ئەو بڕیارانەی لەو یەکەیەوە دەردەچێت (ئەم جۆرە یەکەیەی بڕیار لە سیستمە تۆتالیتاری و دکتاتوریەکاندا بەدی دەکرێت).

٢- یەکەی کۆمەڵی یەکگرتوو

لەم یەکانەی بڕیاردا لە ڕووی کرداری‌یەوە بڕیارەکان یەك کەس دەریان ناکات، بەڵکو دوای ئەوەی کارلێك لە نێوان ئەندامەکانیدا ڕوو دەدات بڕیارەکان دەردەکرێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە مەرج نیە هەموو ئەندامەکان کاریگەریان لە بڕیارەکاندا وەك یەك بێت. بۆیە سەرکردەی دیموکراسی جیاوازە لە سەرکردەی ئوتوکراسی لەوەدا کە پێی وایە کە ڕێگەو شێوازی دەرکردنی بڕیارەکان هەمان بەهای بڕیارەکانیان هەیە، چونکە ڕێگەو شێوازەکان لە ڕاستیدا بەشێکن جیانیابنەوە لە بڕیارەکان.[٢٩]

٣- یەکەی کۆمەڵە سەربەخۆکان

ئەم جۆرە ناوەندانەی بڕیار لە دوو یەکەی لاوەکی یان زیاتر پێك دێن کە هیچ کامیان ناتوانن بەبێ پشتگیری ئەوی تریان بڕیار دەربکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر یەکێك لەم کۆمەڵانە دەتوانێت ڕێگر بێت لەبەردەم جێبەجێ‌کردنی هەر دەست پێشخەریەکی یەکە یان کۆمەڵەکەی بەرامبەری (وەك لە سیستمە پەرلەمانیە فرە حزبیەکان و سیستمە سەرۆکایەتیەکاندا هەیە).

بەم شێوەیە بە ڕوونی دەرکەوت کە یەکەکانی بڕیار لە دەوڵەتێك و سیستمێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت، بەڵام بڕیار بەدەست لەهەر دەوڵەتێکدا بەبێ ڕەچاوکردنمان بۆ چۆنێتی ناوەندەکانی بڕیار واتە ناوەندی بڕیار هەر جۆرێك بێت هەوڵ دەدات بڕیارێکی وا دەربکات کە واقیعەکە دەیخوازێت و ئامانج و بەرژەوەندی‌یەکانی دەوڵەتەکەی لەدیدی بڕیار بەدەست خۆیدا بە کەمترین زیان دێنێتە دی.

پرۆسەی دروست کردنی بڕیار لە واقیعدا ڕەنگدانەوەی زنجیرە هەنگاوێکە کە دەرەنجامەکەی بڕیارە، بڕیاریش بەشێك لە بەشەکانی پرۆسەیەکی سیاسی بەردەوام پێك دەهێنێت ئەویش پرۆسەی کردارە، بۆیە (فرانکل) بە هەڵەدا نەچووە کاتێك جەخت دەخاتەوە سەر ئەوەی کە بڕیار

خۆی (شێوازی کارێکی ئامادەکراوە لە هزری بڕیار بەدەستدا) واتە بڕیار گوزارشت کردنێکە لە چەند نیازێك کە هێشتا نەگۆڕدراوە بۆ واقیعێکی هەست پێکراو لە ڕێی یەکێك لە هۆکارەکانی جێبەجێکردنەوە.[٣٠]

جۆری بڕیارەکان بەپێی هەلومەرج و بارودۆخەکان دەگۆڕێت، لە کاتی کێشەو قەیرانەکاندا کە کاتێکی لەبەردەم بڕیار بەدەستدایەو کت و پڕیان پێوە دیارەو پێویستە بڕیارەکان خێراتر بن، ڕۆڵی سەرکردەش لە زۆربەی ئەم حاڵەتانەدا بە زەقی دەردەکەوێت. هەندێك جاریش وەڵام نەدانەوەو بێ دەنگی خۆی بۆ خۆی بە هەڵوێست یاخود بڕیارێکی سیاسی دەژمێردرێت لە سیاسەتی دەرەوەدا.[٣١]

پێنجەم: قۆناغی جێبەجێ کردنی بڕیار

گەر بڕیار نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە واتا گرنگیەکەی لەدەست دەدات، گرنگیەکەشی لەوەدا دەردەکەوێت کە بە باشی جێبەجێبکرێت. ئەگەر دەرکردنی بڕیار لە سادەترین واتایدا، مانای هەڵبژاردن بێت لە نێوان چەند جێگرەوەیەکدا کە بەوە جیادەکرێنەوە کە لە ئەنجامەکانیاندا دڵنیایی نیە، ئەوا جێبەجێ کردنی بڕیار واتە هەڵبژاردنی باشترین ئامرازی جێبەجێکردن کە کەمترین وزەی تێ بچێت.

پاش ئەوەی ئامانجەکان دیاری دەکرێن و داڕشتنی بڕیارەکە لە شێوەی کۆتاییدا تەواو دەبێت، پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە دەکەوێتە ئاست و قۆناغی جێبەجێکردنەوە، پێویستە بەرپرسان لە دام و دەزگاو دامەزراوەکانی جێبەجێکردندا هەستن بە پرۆسەی جێبەجێکردن[٣٢]، واتە گوێزانەوەی ناوەڕۆکی بڕیارەکەو بۆ واقیعی مومارەسەی کرداری ئەمە بەدیارکردنی دامەزراوەو لایەنە دیاریکراوەکان دەبێت بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکەو دیاری کردنی ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆیان لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو و بە تێچوونێکی دیاری کراو.

بڕیاریش وەك ئامانجێکی خوازراو دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی بەکردار جێبەجێ دەکرێت و دەگۆڕدرێت بۆ دەرەنجامێکی دیارو بەرچاو.

لە ڕاستیدا دەرکردنی بڕیارو جێبەجێکردنی بڕیار دووکاری تەواوکەری یەکترین. گواستنەوەی بڕیار بۆ کارکردن پێویستی بە وەڵامی چەند

پرسیارێك هەیە كە جێبەجێ كردنی بڕیاری بەشێوەیەكی دروست لەسەر ڕادەوەستێت، ئەمەش پرسیارەكانە:-

أ- پێویستە بڕیارەكە بەكێ ڕابگەیەنرێت؟

ب- كاری داواكراو چییە؟

ج- كێ پێویستە پێی هەڵبستێت؟

د- كەی پێویستە پێی هەڵبستێت؟

هـ- خەرجیەكانی كارەكە كێ دەیگرێتە ئەستۆی خۆی؟

وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانەش بەم هەنگاوانەی خوارەوە تەواو ئەبێت:

١- پێ ڕاگەیاندنی بڕیار.

٢- دیاری كردنی نەخشەی كاركردن.

٣- دابەشكردنی بەر پرسیارێتی یەكان.

٤- دانانی خشتەی زەمەنی.

٥- دیاری كردنی سەرچاوەكانی بودجە.(٣٣)

لەم میانەیەدا بە ڕوونی بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم قۆناغە ئاڵۆزو گرانەو پێویستی بە وردەكاریەكی زۆر هەیە، یەكە نێودەوڵەتیەكان بۆ جێبەجێ كردنی بڕیارەكانیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو هۆكارو ئامرازانەی كە لە بەر دەستیاندا هەن، هەڵبژاردنو دیاری كردنی ئامرازەكانی جێبەجێكردنیش تا ڕادەیەكی زۆر پشت بە هەلومەرجو بارودۆخی تایبەت بە هەڵوێستو كێشەكان یاخود پشت بە گۆڕانكاری یە نێودەوڵەتیەكان دەبەستێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئەم ئامرازانە دەكرێت هەموویان یان هەندێكیان لە كاتێكدا بەكار بهێنرێن، بۆیە دەتوانرێت بوترێت دروستە دەوڵەت مامەڵەیەكی دیبلوماسی بكات لە كاتێكدا ئامرازی جەنگی دەروونی یاخود كاری سەربازی بەكاردەهێنێت.(٣٤)

هەروەها دەوڵەتان توانا جیاجیاكانیان بەكار دەهێنن لە بوارە هەمە جۆرەكاندا بە ڕەچاو كردنی گونجاندنیان لەگەڵ هەڵوێستو هەلومەرجەكاندا بۆ بەدیهێنانی ئامانجو مەبەستە خوازراوەكان لە بڕیارەكاندا.

چەندین ئامرازو هۆكار هەیە بۆ جێبەجێ كردنی بڕیارە سیاسیە دەرەكیەكان وەك/ ئامرازە دبلوماسیەكان، ئامرازی ئابوری، كۆمەكی دەرەكی، هۆكاری سەربازی، دەزگا هەواڵگریەكان، ئامرازە ڕەمزیەكان،

هاوپەیمانێتی‌یەکان، مادده سروشتی‌یەکان، هۆکاری تەکنۆلۆجی،و زەبرو زەنگی ماددی ... و هتد..

بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرپاکردنی جەنگ دژی هەر ولاتێك هەموو هۆکارو ئامرازەکانی جێبەجێکردن هەر لە هۆکاری دیبلۆماسیو ئابوریو هەوالگریو ڕەمزیو هاوپەیمانێتیو تەکنۆلۆجیو زەبرو زەنگی ماددی هەتا هۆکارە سەربازیەکانیش بەکار دەهێنێت گەر بڕیاری جەنگ بدات لە دژی عێراق بۆ جێبەجێکردنی مەرامو مەبەستەکانیو سەپاندنی زیاتری هەژموونی خۆی لە جیهاندا بەگشتیو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستو جیهانی ئیسلامیشدا بەتایبەتی.

بڕیار بەدەست لە هەلبژاردنیدا بۆ ئامرازەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندین فاکتەری بابەتی‌یەوە لەوانە:-

تایبەتمەنیە هاوچەرخەکانی ئەو سەردەمە، توانا خۆیەتییەکانی دەولەتەکەیو جۆری پەیوەندی‌یە سیاسی‌یەکانی دەولەتەکەی لە ئاستی نێودەولەتیدا، جیاوازی جۆری پەیوەندیەکانیش وا لە دەولەتان دەکات کە جۆرە ئامرازێك بەکاربهێنن کە لەگەل سروشتی پەیوەندیەکانیدا لەگەل دەولەتانی بەرامبەریدا بگونجێت.[٣٥]

هەروەها چەندین فاکتەری تر کاریگەریی لەسەر پرۆسەی جێبەجێکردن دەبێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. وە پرۆسەی جێبەجێکردن لەسەر چەند پایەو مقەوماتێك وەستاوە، وەك/ سروشتی سیستمی سیاسی، جۆرو شێوازی پەیوەندی نێوان دەسەلاتی یاسادانانو دەسەلاتی جێبەجێکردن، سروشتی پەیوەندی نێوان ئەو دامەزراوانەی پەیوەندیان بە سیاسەتی دەرەوە هەیە، واتە فاکتەری بیروکراسی، ئاستی توانای دەزگای دیبلوماسیو دەزگا هەوالگریەکانو ڕاگەیاندن، ئەمە جگە لە سروشتی سیستمی نێودەولەتی، واتە پرۆسەی جێبەجێکردنی بڕیار بریتی‌یە لە گوێزانەوەی بڕیارەکە لە باری تێوری‌یەوە بۆ ئاستی کرداری کە پەیوەستە بە هەلومەرجو مامەلەو پەیوەندی نێوان ژینگەی ناوخۆییو دەرەکی‌یەوە.[٣٦]

لە ڕۆشنایی ئەمانەی پێشوو کە باسمان کرد بە ڕوونی دەردەکەوێت، پرۆسەی جێبەجێکردنی بڕیار تەواوکەری پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەو بەشێکە لێی جیا نابێتەوە، هەروەها کارێکی ئاسان نیەو چەندین ئامرازو

هۆكاری پێویستە كە بەكارهێنانیشیان لەلایەن كاربەدەستانەوە دەكەوێتە ژێر فشارو كاریگەری هەلومەرجە ناوخۆیی‌و دەرەكیەكانەوە دەوڵەتانیش بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكانیان پەنا دەبەنە بەر ئەو ئامرازانەی كە گەورەترین دەرەنجام‌و ئامانجی خوازراو بەدەست دەهێنن بە كەمترین زیان‌و كەمترین تێچوونی ووزەو تواناكان. كەواتە پرۆسەی جێبەجێكردن، ئاستی تواناكانی یەكەی نێودەوڵەتی بەسەر جێبەجێكردنی بڕیارەكانیدا دیاری دەكات.

شەشەم: قۆناغی هەڵسەنگاندن و بەدوادا چوون

كاتێك بڕیار دەچێتە بواری جێبەجێكردنەوە، بە كارێكی دیارو بەرجەستە دادەنرێت كە كاردانەوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەدوادا دێت، چونكە بڕیار دەچێتە ڕیزی ڕەفتاری دەرەكی دەوڵەتەوەو دەوڵەتانی پەیوەنددار بە بڕیارەكەوە هەڵوێست لەمەڕ بڕیارە دەركراوەكە نیشان دەدەن، كە لە لایەن دەوڵەتی یەكەمەوە دەركراوە، ئەمەش بەكاردانەوەیەك دادەنرێت كە لە ئەنجامی بڕیارەكەوە ڕوودەدات، لێرەوە قۆناغی هەڵسەنگاندن‌و بەدوادا چوون دەست پێدەكات.

سەركەوتن یان شكست‌و نوچدانی بڕیار، جا بە تەواوی بێت یاخود ڕێژەیی، لەسەر جۆری كاردانەوەكان دەوەستێت، بە دەستەواژەیەكی تر، تا چەندێك ئاست‌و جۆری وەڵام دانەوەی دەرەكی لە بەرژەوەندی داخوازی‌و مەبەستەكانی بڕیارەكەدا دەبێت، بۆیە لە زۆربەی كاتەكاندا بڕیار بەدەستان هەڵدەستن بە هەڵسەنگاندنی كاردانەوە دەرەكیەكانی بڕیار، یان لە كاتی پرۆسەی جێبەجێكردندا یاخود دوای تەواو بوونی.

پرۆسەی هەڵسەنگاندن‌و بەدوادا چوونیش لە ژێر ڕۆشنایی بەراوردكردنی لە نێوان ئەنجامە كرداری‌یەكان‌و ئەنجامە چاوەڕوانكراوەكاندا ئەنجام دەدرێت، واتە بەراورد لە نێوان ئەو ئامانج‌و مەبەست‌و بابەتانەی كە پێویستە بەدی بهێنرێن وە لە نێوان ئەو بابەت‌و ئامانجانەی كە بڕیارەكە بە ئەنجامی بەرچاو بەكردار بەدی هێناون.(٣٧)

لەمیانەی ئەم هەڵسەنگاندنەدا بڕیار بەدەست ئاستی سەركەوتن یان شكستی بڕیاردكەی بەدی دەكات‌و سودێكی زۆری لێ دەبینێت بۆ ڕۆشن كردنەوەی ڕێگای دوورو درێژی پرۆسەی زنجیرە بڕیارەكانی داهاتوو لە

سیاسەتی دەرەوەدا، بۆ دەرکردن یان دەرنەکردنی بڕیاری هاوشێوەی بڕیارە هەڵسەنگێنراوەکان، بەپێی سەرکەوتن یان شکستی ئەو بڕیارانەی لەوەو پێش دراون.

واتە لەم پرۆسەیەدا بڕیار بەدەست دەتوانێت خاڵی هێزو خاڵی لاوازیی دیاری بکات لە بڕیارەکاندا، و سوودی لێ وەربگرێت لە بڕیارەکانی داهاتوویدا.

لە هەڵسەنگاندنی دەرەنجامی بڕیاریشدا دەردەکەوێت کە بڕیارەکە یان راستەو سوود بە گەل و نیشتمان دەگەیەنێت، یان هەڵەیەو زیانی بۆ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت دەبێت، بە شێوەیەك وا لە خاوەن بڕیار دەکات کە چاو بە بڕیارو جۆری سیاسەتەکانیدا بخشێنێتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر تووشی تەنگ و چەڵەمەو زیان نەبێتەوە لە دەرکردنی بڕیارو جێبەجێکردنیدا.[٣٨]

ئەم چاو پێدا خشاندنەوەیەش یان بە ناساندن و هەڵسەنگاندنی نوێ دەبێت بۆ هەل‌ومەرج و بارودۆخە نوێیەکان بەشێوەیەکی ووردتر، یان بە گۆڕینی ئامرازەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەبێت بە شێوەیەك کە لەگەڵ پێویستیەکاندا بگونجێت و ئامانجە خوازراوەکان بهێنێتە دی، ئەمەش بە بەدوادا چوونی ئەنجامەکانی بڕیارەکەو هەڵسەنگاندنی ئامرازەکان دەبێت لە پێناوی ئەوەدا کە بڕیار بەدەست شارەزاو هۆشیار بێت وە زانا بێت بە باشترین ئامراز بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی لە داهاتوودا، چونکە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکی بەردەوامەو بەدوای یەکدا دێت.

لە زۆربەی بڕیارەکانیشدا پێویستە بڕیار بەدەست هەوڵ بدات کۆتا چارەسەرو کۆتا ئامرازی، بۆ چارەسەرکردنی قەیران و تەنگژەکان، ئامرازی سەربازیی و جەنگ بێت، واتە پێویستە لەسەری هەوڵی چارەسەری کێشەکان بە ئامرازی دیبلوماسیی و ئاشتیانە چارەسەر بکات و ئامرازی سەربازی کۆتا هۆکار بێت بۆ چارەسەرکردن، چونکە هەمیشە هۆکاری سەربازی زیانێکی زۆری ماڵی یان گیانی یاخود هەردووکیانی بەدوادا دێت.

پەراوێزەکانی بەشی سێهەم

(١) د. مازن اسماعيل الرمضاني، في عملية اتخاذ القرار السياسي الخارجي، مصدر سبق ذكره، ص١٤٩.

(٢) نفس المصدر السابق، ص١٥٠، وانظر ايضا: قادر عبدالرحمن، هەڵوەستەیەك لەسەر پرۆسەی دروست كردنی بڕیاری ڕامیاری، مجلة الثقافة الكوردستانية، المركز الثقافي الشعبي الكوردستاني، العدد (٧) كانون الثاني، ٢٠٠٢، ص٦٤.

(٣) هاني الياس خضر الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص٦٧.

(٤) د. نازلي معوض احمد، الإدراك الياباني للنظام الدولي، مجلة السياسة الدولية العدد ١٠١، السنة السادسة والعشرون، يوليو ١٩٩٠، ص٥٨.

(٥) بيسير رينوفان وجان باتيست دوروزيل، مدخل الى تأريخ العلاقات الدولية، ترجمة: فايز كم نقش، منشورات البحر المتوسط، بيروت-باريس، الطبعة الثانية ١٩٨٢، ص٥٦٧.

(٦) عبداللطيف علي المياح، المعلومات وعملية صنع القرار السياسي الخارجي، مجلة الأمن القومي، كلية الأمن القومي، العدد ١، سنة ١٩٨٦، ص٥٢.

(٧) د. مازن اسماعيل الرمضاني، في عملية اتخاذ القرار السياسي الخارجي، مصدر سبق ذكره، ص١٥٧.

(٨) دار السلام، الحزب الاسلامي العراقي، لندن، العدد ١١١ صفر١٤١٨ -- حزيران١٩٩٧، ص١٩، والعدد ١١٢ ربيع الأول -تموز ١٩٩٧، ص٢٤.

(٩) هاني الياس خضر الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص٧٨.

(١٠) د. اسماعيل صبري مقلد، العلاقات السياسية الدولية، دراسة في الأصول والنظريات، مطبعة جامعة الكويت، الكويت، الطبعة الثالثة ١٩٨٤، ص١٣٨.

(١١) د. مازن اسماعيل الرمضاني، في عملية اتخاذ القرار السياسي الخارجي، مصدر سبق ذكره، ص١٥٩.

(١٢) د. اسماعيل صبري مقلد، اتخاذ القرارات في السياسة الخارجية، مجلة السياسة الدولية، العدد١٤، السنة الرابعة، اكتوبر ١٩٦٨، ص١٤٤.

(١٣) نفس المصدر والمكان.

(١٤) د. عوض بن محمد القرني، حتى لا تكون كلا طريقك الى التفوق والنجاح، دار الأندلس الخضراء، نجدة، الطبعة الرابعة، ١٩٩٧، ص٨٨.

(١٥) د. مازن اسماعيل الرمضاني، في التخطيط السياسي الخارجي - دراسة نظرية، مجلة الحقوقي، جمعية الحقوقيين العراقيين، العددان الأول والثاني، السنة العاشرة، ص٣٨.

(١٦) د. مازن اسماعيل الرمضاني، في عملية اتخاذ القرار السياسي الخارجي، مصدر سبق ذكره، ص١٦٣.

(١٧) عبداللطيف علي المياح، مصدر سبق ذكره، ص٥٤-٥٥.

(١٨) د. مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الدولية: بحث في منهاج اتخاذ القرار السياسي الخارجي، مجلة العلوم السياسية والقانونية العدد ١، حزيران١٩٧٦، دار الحرية للطباعة، بغداد ص١٦٥.

(١٩) هاني الياس خضر الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص٨٧.

(٢٠) د. مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الدولية: بحث في منهاج اتخاذ القرار السياسي الخارجي مصدر سبق ذكره، ص١٦٦-١٦٧.

(٢١) نفس مصدر السابق، ص١٦٧.

(٢٢) هاني الياس خضر الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص٨٩.

(٢٣) د. مازن اسماعيل الرمضاني، في عملية اتخاذ القرار السياسي الخارجي، مصدر سبق ذكره، ص١٦٨.

(٢٤) د. مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الخارجية، مصدر سبق ذكره، ص٣٦٧.

(٢٥) د. هشام الطالب، رێبەری مەشقی سەرکردەیی، وەرگێڕان: د. صلاح عزيز وصادق عثمان، مطبعة پەيڤ، السليمانية، ٢٠٠٠، ص٨٣.

(٢٦) هاني الياس خضر الحديثي، مصدر سبق ذكره، ص٩٩.

(٢٧) نفس المصدر والمكان.

(٢٨) د. مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الخارجية، مصدر سبق ذكره، ص٣٦٨-٣٧٢.

(٢٩) د. عبدالحليم عباس قشطة، الجماعات والقيادة، مؤسسة دار الكتب، جامعة الموصل، ١٩٨١، ص٨٨.

(٣٠) د. مازن اسماعيل الرمضاني، في عملية اتخاذ القرار السياسي الخارجي، مصدر سبق ذكره، ص١٧٢.

(٣١) نفس المصدر، ص١٧٣.

(٣٢) زايد عبيدالله المصباح، مصدر سبق ذكره، ص٤١.

(٣٣) د. هشام الطالب، مصدر سبق ذكره، ص٩٥-٩٧.

(٣٤) د. احمدعباس عبدالبديع، العلاقات الدولية أصولها وقضاياها المعاصرة، الشباب الحر، ١٩٨٨، ص١٤٩.

(٣٥) د. مازن اسماعيل الرمضاني، في عملية اتخاذ القرار السياسي الخارجي، مصدر سبق ذكره، ص١٧٧.

(٣٦) زايد عبيدالله المصباح، مصدر سبق ذكره؛ ص٤١-٤٢.

(٣٧) د. مازن اسماعيل الرمضاني، في عملية اتخاذ القرار السياسي الخارجي، مصدر سبق ذكره، ص١٧٤.

(٣٨) فؤاد صديق، صنع القرار السياسي، مجلة (سەنتەری برایەتی)، العدد (٢)، السنة الثانية، نهاية شباط ١٩٩٩، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ص٤٣-٤٤.

کۆتـایی‌و دەرەنجام

باسکردن‌و دیراسەکردنی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی کـارێکی زۆر ووردو ئـاڵۆزە، چونکـە بـاس کـردن لـە چۆنێتـی مومارەسەکردنی سیاسەت دەکات لە یەکێك لە وردترین ئاستەکانی‌دا کە بڕیاری سیاسی دەرەکی‌یە.

ئێمە لەم کۆتایی‌یەدا کۆمەڵێك دەرەنجام دەخەینە ڕوو کە بە کرۆك‌و ناوەڕۆکی بابەتەکە دێتە هەژمارد:

یەکەم:

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی‌و بیرۆکەی بڕیاری سیاسی شتێکی نوێ نی‌یە، بەڵکو بابەتێکە ڕیشەی لە مێژووی سیاسی‌دا کێشاوەو هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەسەڵات‌و دەوڵەتەوە بوونی هەیە، هەر چەندە بابەتەکە لە زانستی سیاسی هاوچەرخدا نوێ‌یەو گرنگیەکی ناوازەی بەخۆوە بینیوە.

دووەم:

ڕەفتاری سیاسی دەرەکی خاوەن بڕیار گوزارشت لە سیاسەتی دەرەکی وولاتەکەی دەکات، ئەم ڕەفتارەش فشارو کاریگەری فاکتەر گەلێك دەوریان داوە، سیاسەتی دەرەکیش بە دەرەنجامی کارلێکی هەموو ئەم فاکتەرانە، ناوخۆیی بن یان دەرەکی، کاریگەر دەبێت. فشاری فاکتەرەکانیش ڕێژەین‌و زۆرجار بە شێوەیەك کارلێك دەکەن کە ناتوانرێت کاریگەری فاکتەرێك لە فاکتەرێکی‌تر لێك جیابکرێتەوە.

سێیەم:

بڕیاری سیاسی بە ئەڵقەیەکی بنچینەیی دادەنرێت لە پرۆسەی سیاسیدا، وە دەرەنجامی کۆی ڕووداو و پێشهات‌و ئیجرائات‌و بارودۆخەکانە، هەروەها ڕوانگەیەکە بۆ بەدی هێنانی چەند ئاڕاستەیەکی نوێ لە واقیعدا.

بڕیار ناوەندی پرۆسەی سیاسی و دەرەنجامەکانیەتی، وە ڕێچکەیەکی سیاسیە کە ئامانج و هۆکارو کاردانەوەکان لەمیانەیەوە دیاری دەکرێت، کە بەکۆی هەموویان کرۆکی پرۆسەی کارلێکی سیستمی سیاسی لەگەڵ ڕووداو و هەلومەرجە سیاسیەکاندا دروست دەکەن.

چوارەم:

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی کارێکی سادەو سانا نیە کە تاکە کەسێکی دیاری کراو هەستێت بە ئەنجام دانی، هەر چەندە هوشیارو بەتواناش بێت، بەڵکو بڕیاری سیاسی دەرەکی چەندین بنەماو پێوەرو فاکتەری جۆراو جۆر بەشداری تێدا دەکەن. بۆ نموونە: بەشداری دام و دەزگا سیاسیەکان، گروپەکانی فشار، یاساو ڕێسا دەستوریەکان، بنچینەو عورف و یاساو فاکتەرە مەعنەویە نێودەوڵەتیەکان، تێگەیشتنی زانستیانەو واقیعیانە بۆ کێشەو ڕووداوە سیاسیە هەنوکەیی یەکان، ڕاوێژ کردن، بەشداری کردن لە بەئەنجام گەیاندندا، پەیوەندی کردن، ڕەهەندە ڕەمزی و میدیاکان، باری دەرونی بڕیار بەدەستان و جۆری کەسایەتیان و ... هتد.

پێنجەم:

ڕۆڵی بڕیار بەدەست لە پرۆسەی بڕیارداندا وەك فاکتەرێکی سەرەکی دەردەکەوێت، چونکە بڕیار بەدەست فاکتەرە بابەتی یەکان بەدیدو بۆچوونی خۆی هەڵدەسەنگێنێت نەك بەو شێوەیەی لە واقیعدا بونیان هەیە، لە کاتێکدا ئەم هەڵسەنگاندنانەش چەندین فاکتەری دەرونی و جۆری کەسایەتی خاوەن بڕیارو جۆرو ڕێژەی زانیاری بەردەست و ...هتد دەوریان داوەو کاریگەریان هەیە لەسەری.

شەشەم:

لە جیهانی هاوچەرخدا ڕۆڵی بەرژەوەندی یە ئابوری یەکان و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوچەیی یەکان و گەشەکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومیەکان و ڕۆڵی یاسای

نێودەوڵەتی و ڕای گشتی جیهانی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا زیادی کردووەو بووەتە دیاریکەرو سنوردارێك بۆ ڕەفتاری دەوڵەتان، هەروەها کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی کردن ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاو دەبینن لە ڕێنوێنی کردنی و کاریگەرێتی لەسەر بڕیارو بڕیار بەدەستان.

حەوتەم:

کاری سیاسی کارێکی بەردەوامەو پرۆسەی دروستکردنی بڕیاریش بەهەمان شێوە پرۆسەیەکی بەردەوامەو دەبێت بەدوای یەکدا بێت و ڕووبەڕووی ئەو هەڵوێست و پێشهات و ئەگەرەکان ببێتەوە، کە ڕووبەڕووی سیستمی سیاسی دەبنەوە، دەوڵەت دەبێت سیاسەتی دەرەکی خۆی لە ژێر ڕۆشنایی توانا خۆیەتییەکانیداو لە سایەی هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی گونجاودا دابڕێژێت.

هەشتەم:

دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی کارێکی سادەو پرۆسەیەکی سانا نیە وەك یەکەمجار دەردەکەوێت، لەم پرۆسەیەدا چەندین کەناڵ و دام و دەزگا بە شێوەی ڕەسمی و ناڕەسمی و بەڕێژەی جیاواز بەشداری دەکەن، ئەمەش بەپێی سروشتی سیستمی سیاسی دەگۆڕێت، هەروەك چۆن ئەم پرۆسەیە بە چەندین قۆناغی‌یەك بەدوای یەکدا تێدەپەڕێت، کە هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی تریانەو لێك جیا ناکرێنەوە، هەر بۆیە لێکدانەوەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی بە هەنگاوێکی زانستی دادەنرێت کە پێویستە توێژەرەوانی زانستی سیاسی ئەم هەنگاوە گرنگە بنێن لە پێناوی ناسین و زانینی وردترین و گشتگیرترین و کۆنترین - نوێترین دیاردەی کاری سیاسی کە بە هونەری ڕێکخستنی کاری سیاسی لە قەڵەم دەدرێت.

سەرچاوەکان

أولا/ القرآن الكريم

ثانياً/ الكتب:

٢. ابن قيم الجوزية، زاد المعاد، الجزء الثالث، مؤسسة الرسالة، بيروت، الطبعة الثالثة، ١٩٩٨.

٣. ادولف هتلر، كفاحي، ترجمة: يونس الحاج، مطبعة الراية، بغداد، دار صادر، بيروت ١٩٩٠.

٤. اوستن رني، سياسة الحكم، ج١، ترجمة حسن علي الذنون، المكتبة الأهلية، بغداد ١٩٦٤.

٥. د. احمد عباس عبدالبديع، العلاقات الدولية أصولها وقضاياها المعاصرة، الشباب الحر، ١٩٨٨.

٥. د. احسان محمد الحسن، علم الاجتماع السياسي، جامعة بغداد، مطابع جامعة الموصل ١٩٨٤.

٦. أمين هويدي، كيسنجر وإدارة الصراع الدولي، دار الموقف العربي، مصر، الطبعة الثانية، ١٩٨٦.

٧. د. إسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسة الدولية دراسة تحليلية مقارنة، منشورات دراسات السلاسل، الكويت، الطبعة الثانية، ١٩٨٧.

٨. د. إسماعيل صبري مقلد، نظريات السياسة الدولية، مطبعة الكويت، الكويت، الطبعة الثالثة، ١٩٨٤.

٩. بيسير رينوفان وجان باتيست دوروزيل، مدخل الى تأريخ العلاقات الدولية، ترجمة: فايز كم نقش، منشورات البحر المتوسط، بيروت – باريس، الطبعة الثانية ١٩٨٢.

١٠. جان مينو، الجماعات الضاغطة، ترجمة يهيج شعبان، منشورات عويدان، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٨٠.

١١. جورج سباين، تطور الفكر السياسي، الكتاب الثالث، ترجمة: د. راشد البراوي، تقديم: أحمد سويلم العمري، بدون اسم المطبعة.

١٢. جيمس منزيس بلاك، كيف تكون مديرا ناجحا، ترجمة: عبدالحليم ثابت، دار قباء، القاهرة، الطبعة الثانية، ١٩٩٩.

١٣. د. جلال عبدالله معوض، صناعة القرار التركيو العلاقات العربية – التركية، مركز دراسات العربية – بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٨٨.

١٤. هادي العلوي، قاموس الدولة والاقتصاد، دار الكنوز الأدبية، بيروت، الطبعة الأولى ١٩٩٧.

١٤. هادي العلوي، قاموس الدولة والاقتصاد، دار الكنوز الأدبية، بيروت، الطبعة الأولى ١٩٩٧.
١٥. د. هالة ابوبكر سعودي، السياسة الأميركية تجاه الصراع العربي – الإسرائيلي ١٩٦٧ –١٩٧٣، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، الطبعة الأولى ١٩٨٣.
١٦. هاني اياس خر الحديثي، في عملية صنع القرار السياسي الخارجي، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٢.
١٧. د. هشام الطالب، ڕێبەری مەشقی سەرکردەیی، وەرگێڕان: د. صلاح عزيز وصادق عثمان، مطبعة بەیف، سلێمانی، ٢٠٠٠.
١٨. د. وليد حمدي الاعظمي، العلاقات السعودية – الأميركية وأمن الخليج في وثائق غير منشورة (١٩٦٥ – ١٩٩١) دار الحكمة، الطبعة الأولى، ١٩٩٢.
١٩. زايد عبيدالله مصباح، السياسة الخارجية، منشورات ELGA، مالطا، ١٩٩٤.
٢٠. حميد الساعدي، مبادئ القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق، دار الحكمة، موصل، ١٩٩٠.
٢١. د. حميدة سميسم، نظرية الرأي العام مدخل، وزارة الثقافة والإعلام، بغداد، ١٩٩٢.
٢٢. د. حسن حنفي ود. صادق جلال العظم، ما العولمة، دار الفكر، دمشق، الطبعة الثانية ٢٠٠٠.
٢٣. د. حسن صعب، علم السياسة دار العلم للملايين، بيروت، الطبعة الخامسة ١٩٧٧.
٢٤. د. كمال المنوفي، أصول النظم السياسية المقارنة، شركة الربيعان، الكويت، الطبعة الأولى، ١٩٨٧.
٢٥. د. كمال مظهر أحمد، ميكافيللي والميكافيلية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٤.
٢٦. د. لويد جنسن، تفسير السياسة الخارجية، ترجمة: محمد ابن احمد مفتي و د. محمد السيد السليم، مطالع جامعة الملك سعود، الرياض، الطبعة الأولى، ١٩٨٩.
٢٧. د. سازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الخارجية، دراسة نظرية، جامعة بغداد، ١٩٩١.
٢٨. مارسيل ميريل، سوسيولوجيا العلاقات الدولية، ترجمة: د. حسن نافعة، دار المستقبل العربي، بيروت، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٩٨٦.
٢٩. موسوعة السياسة، الجزء الرابع، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
٣٠. الموسوعة العربية العالمية، ج١٦، مؤسسة أعمال الموسوعة، رياض، الطبعة الثانية، ١٩٩٩.
٣١. محمد الحسيني الشيرازي، فقه السياسة، دار الأيمان، مطبعة رضائي، سقم، ١٩٨٣.

٣٢. د. محمد نصر مهنا، علم السياسة، جامعة أسيوط، القاهرة، بدون تاريخ.
٣٣. د. محمد السيد سليم، تحليل السياسة الخارجية، دار الجيل، بيروت، القاهرة، تونس، الطبعة الثانية ٢٠٠١.
٣٤. د. محمد عمارة، معركة المصطلحات بين الغرب والإسلام، دار نهضة مصر، ١٩٩٧.
٣٥. د. محمد فاروق النبهان، نظام الحكم في الإسلام، جامعة الكويت، الكويت، ١٩٨٧.
٣٦. ممدوح الزوبي، هل ستسقط أميركا كما سقط الاتحاد السوفيتي رؤية مستقبلية، مؤسسة الأيمان، بيروت، دار الرشيد، دمشق، الطبعة الثانية، ١٩٩٧.
٣٧. المنجد في اللغة والإعلام، دار الشرق، بيروت، الطبعة الثامنة والعشرون، ١٩٨٦.
٣٨. منصف السليمي، صناعة القرار السياسي الأمريكي، مطبعة مركز الدراسات العربي – الأوروبي، الرباط، طبعة أولى، ١٩٩٧.
٣٩. نيقولو ميكافيلي، الأمير، فاروق سعد، تراث الفكر السياسي قبل الأمير وبعده، تعريب: خيري حماد، دار الآفاق الجديدة، بيروت، الطبعة الثامنة، ١٩٧٧.
٤٠. د. السيد العليوة، صنع القرار السياسي في منظمات الإدارة العامة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٧.
٤١. عبدالجبار عبد مصطفى، الفكر السياسي الوسيط والحديث، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، الجمهورية العراقية، الطبعة الأولى، ١٩٨٢.
٤٢. عبدالله العروي، مفهوم الدولة، المركز الثقافي، العربي، دار البيضاء، بيروت، الطبعة الخامسة، ١٩٩٣.
٤٣. د. عبدالحليم عباس قشطة، الجماعات والقيادة، مؤسسة دار الكتب، جامعة، الموصل، ١٩٨١.
٤٤. عبدالحميد محمود الخطاب، دور المؤسسة العسكرية في القرار السياسي الإسرائيلي، دار الشؤون الثقافية العامة بغداد، الطبعة الأولى ١٩٨٩.
٤٥. عبدالمعطي محمد عساف، مقدمة الى علم السياسة، دار مجد لاوى، عمان، الطبعة الثانية، ١٩٨٧.
٤٦. د. عبدالقادر محمد فهمي، النظام السياسي الدولي، دراسة في الأصول النظرية والخصائص المعاصرة، دار وائل للنشر، عمان الطبعة الأولى ١٩٩٧.
٤٧. عبدالقادر عبدالعزيز، العمدة في إعداد العدة، بدون سنة ومكان الطبع.
٤٨. د. عبدالرزاق عباس حسين، الجغرافية السياسية مع التركيز على المفاهيم الجيوبولوتيكية، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٦.
٤٩. د. عوض بن محمد القرني، حتى لا تكون كلا طريقك الى التفوق والنجاح، دار الأندلس الخضراء، جدة، الطبعة الرابعة ١٩٩٧.

٥٠. د. علي عودة العقابي، العلاقات السياسية الدولية دراسة في الأصول والتار
والنظريات، دار الجماهيرية، بنغازي، الطبعة الأولى، ١٩٩٦.
٥١. د. فاضل زكي محمد، السياسة الخارجية وابعادها في السياسة الدولية، مطب
شفيق، بغداد، الطبعة الأولى ١٩٧٥.
٥٢. القاموس الحديث للتحليل السياسي، انكليزي – عربي، ترجمة: سم
عبدالرحيم الجلبي، الدار العربية للموسوعات، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٩.
٥٣. د. صادق الأسود، علم الاجتماع السياسي أسسه، وأبعاده، وزارة التعليم العا
والبحث العلمي، جامعة بغداد.
٥٤. د. صباح محمد محمود، وآخرون، الجغرافية السياسية، وزارة التعليم العا
والبحث العلمي، الجمهورية العراقية، بدون سنة ومكان الطبع.
٥٥. د. روبرت و د. كانتور، السياسة الدولية المعاصرة، ترجمة د. احمد ظاهر
مركز الكتب الأردني، ١٩٨٩.
٥٦. شريف جويد العلوان، السياسة الخارجية الأميركية وأزمة الشرق الأوسـ
١٩٦٧ –١٩٧٣، مطبعة المعارف، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٧٨.
٥٧. د. ضرعام عبدالله الدباغ، قضايا الأمن القومي والقرار السياسي، مطبعـ
الانتصار، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٦.
٥٨. د. غانم محمد صالح، الفكر السياسي القديم، جامعة بغداد، دار الحرية، بغداد،
١٩٨٠.

ثالثاً/ الرسالات والبحوث:–

٥٩. اقبال حسون القزويني، المنظمات غير الحكومية ودورها في بناء المجتمع
المدني، معهد العراق للإصلاحات الثقافة الديمقراطية، سيمنار ((التعاون الإقليمي
والدمقراطية)) أربيل، مايس، آيار، ٢٠٠١.
٦٠. ولاء عبدالباقي الرويشيدي، السياسة الخارجية الهندية، رسالة ماجستير/
المعهد العالي للدراسات القومية والاشتراكية، جامعة المستنصرية ١٩٨٣.
٦١. حسن حسين كاظم العامري، التجزئة العربية وأثرها على القرار السياسي
العربي، جامعة المستنصرية، معهد الدراسات القومية والاشتراكية، قسم اعداد
مدرسي الثقافة القومية، رسالة ماجستير، ١٩٨٩.
٦٢. كانبي محمد عولا، الديمقراطية والسياسة الخاريجية، بحث بكالوريوس، جامعة
صلاحدين / كلية القانون والسياسة – قسم السياسة، اربيل، ١٩٩٧.
٦٣. نجاة طه العبيدي، السياسة الخارجية الأمريكية في الخليج العربي ٧٣ –١٩٨٠،
الجامعة المستنصرية، المعهد القومي للدراسات القومية والاشتراكية، قسم الدراسات
الدولية، رسالة ماجستير، ١٩٨٢.

٦٤. سعد خضر خلف العبيدي، دراسة تجريبية لبعض متغيرات اتخاذ القرار، جامعة بغداد، كلية آداب، علم النفس، رسالة ماجستير، سنة، ١٩٨٧.
٦٥. عارف محمد خلف البياتي، السياسة الخارجية السورية حيال الوطن العربي للفترة من عام ١٩٧٠ –١٩٨٨، رسالة ماجستير، جامعة مستنصرية، ١٩٨٨، قسم الدراسات الدولية – معهد الدراسات القومية والاشتراكية.
٦٦. عماد خلف جري يوسف، سياسة العراق الخارجية تجاه أمن الخليج العربي ١٩٦٨ – ١٩٨٨، جامعة المستنصرية، بغداد، رسالة ماجستير ١٩٩٠.
٦٧. صلاح احمد محمد أمين، الديمقراطية والجماعات الضاغطة. بحث البكالوريوس بجامعة صلاح الدين، كلية القانون والسياسة – قسم السياسة، اربيل ١٩٩٧.

رابعا/ المجلات:–

٦٨. مجلة العلوم القانونية والسياسية، كلية القانون والسياسة، بغداد، المجلد الثاني، العدد ٢، ١٩٧٩.
٦٩. مجلة العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية بجامعة بغداد، العدد ١، ١٩٧٩، وكذلك العدد ٢، تموز السنة الأولى ١٩٨٨.
٧٠. مجلة السياسة الدولية، مؤسسة الأهرام، القاهرة، العدد ٥٧، يوليو ١٩٧٩، والعدد ١٠١ السنة السادسة والعشرون، يوليو ١٩٩٠، والعدد ١٤، السنة الرابعة، اكتوبر ١٩٦٨.
٧١. گۆڤاری: سیاسەتی دەولی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی ژمارە ٤، ساڵی دووەم – کانونی دووەمی ١٩٩٤.
٧٢. مجلة الوسط العدد ٤١٦، ٢٠٠٠/١/١٧.
٧٣. مجلة المنار، باريس، العدد ٦٤، السنة السادسة العدد ١٦٤ابريل ١٩٩٠.
٧٤. المجلة العربية للعلوم السياسية، الجمعية العربية للعلوم السياسية، بغداد، العدد الثاني، السنة الثالثة ١٩٨٨، والعدد ٧، تشرين الثاني ١٩٩٢.
٧٥. مجلة آفاق عربية، دار الشؤون الثقافية العامة، وزارة الثقافة، بغداد، العدد الأول (كانون الثاني – شباط)، ١٩٩٩.
٧٦. مجلة البحوث الإعلامية، العدد ١٩–٢٠، السنة السابعة ٢٠٠٠.
٧٧. مجلة الأمن القومي، كلية الأمن القومي، العدد ١، سنة ١٩٨٦.
٧٨. مجلة الحقوقي، جمعية الحقوقيين العراقيين، العددان الأول والثاني، السنة العاشرة، ١٩٨٧.

٧٩. مجله (سەنتەری برایەتی)، مطبعة وزارة التربية، أربيل، العدد (٢)، السنة الثانية، نهاية شباط ١٩٩٩.
٨٠. مجلة الثقافة الكوردستانية، المركز الثقافي الشعبي الكوردستاني، العدد (٧) كانون الثاني، ٢٠٠٢.
٨١. دار السلام، الحزب الاسلامي العراقي، لندن، العدد ١١١ صفر ١٤١٨ – حزيران ١٩٩٧، والعدد ١١٢ ربيع الأول – تموز ١٩٩٧.

خامساً/ المحاضرات:-

٨٢. د. اراس دارتاش، العلاقات الدولية، محاضرات القاها على طلبة المرحلة الثانية بقسم الصحافة، المعهد الفني السليمانية ٢٠٠٢.
٨٣. د. مهدي جابر مهدي، محاضرات في الفكر السياسي الوسيط، ألقاها على طلبة الصف الثالث بقسم السياسة، كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، سنة، ٢٠٠٠ – ٢٠٠١.
٨٤. د. مهدي جابر مهدي، محاضرات في نظريات النظم السياسية، ألقيت على طلبة الصف الثالث بقسم السياسة بكلية القانون والسياسة للعام الدراسي ١٩٩٨ – ١٩٩٩.
٨٥. فائزة حسين، مدخل الى علم السياسة، محاضرات ألقيت على طلبة المرحلة الأولى في قسم العلوم السياسية بكلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، اربيلن سنة ١٩٩٨ – ١٩٩٩.
٨٦. د. خالد سعيد توفيق، محاضرات في حقوق الإنسان، ألقاها على طلبة الصف الثاني، بقسم العلوم السياسية، كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، سنة ٢٠٠٠ – ٢٠٠١.
٨٧. فائزة حسين، محاضرات في التأريخ السياسي القديم، ألقيت على طلبة المرحلة الأولى بقسم السياسة في كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، سنة ١٩٩٨ – ١٩٩٩.
٨٨. د. مهدي جابر مهدي، محاضرات في التطورات السياسية في الشرق الأوسط، ألقاها على طلبة الصف الرابع بقسم السياسة، كلية القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، اربيل، سنة، ٢٠٠٢.